منـدالٚ بەمەبەسـتی گوزارشـتکردن، تـا تەمـەنی بـەرەو سـەرتربچێت، زیـاتر پشـت بـەچاوەکانی دەبەسـتێت و ئـەوەی دەیکێشـێت، یـان دروسـتی دەکـات دەیهـەوێت زیـاتر لەڕاسـتی بچێت.

«ڤیکتۆر لۆنفیڵد»

سەرپەرشتی زانستی  :  سالار جەلال ئەحمەد
سەرپەرشتی هونەری  : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
تایپکردن                 : شڤان سابیر عولا
نەخشەسازی بەرگ     : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆک: شڤان سابیر عولا

چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (٤١٣)، ٢٠١٩، تیراژ: ٥٠٠٠دانە،
نرخ: ١٥٠٠دینار
لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراوە

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەت

رێبەری مامۆستا

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەت

## ڕێبەری مامۆستا

ئامادەکردنی
م. خەلیل عەلی عەبدولّا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس
پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن
د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێن سالّح
د. محەمەدئەمین عەلی عەبدولّا
زانای ئایینی/ عوسمان عەبدولّا ئەحمەد

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٨ |
| پێشکار | ٩ |
| گەشەی هونەری قوتابی لەم قۆناخەدا (١٥) ساڵ | ٩ |
| قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد) | ٩ |
| قۆناخی هەرزەکاری، لەتەمەنی ١٣ ساڵ دەست پێدەکات تا ١٧ – ١٨ ساڵ | ١٠ |
| ئەرکی مامۆستا | ١١ |
| هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ کارە هونەریەکانی قوتابییان | ١٢ |
| تاقیکردنەوە | ١٣ |
| خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ١٧ |
| **تەوەری یەکەم** | |
| **هونەری ئیسلامی** | |
| پێشکار | ٢١ |
| **وانەی یەکەم** | |
| پێوەرکانی هونەر لە ئیسلامدا | ٢٢ |
| ڕقلێبوونەوە لە نیگارکێشانی زیندەوەراندا | ٢٥ |
| ترس و خۆشەویستی | ٣٤ |
| سەرپێچی سروشتگەرایی | ٣٩ |
| نیگارکێشانی دەگمەن | ٤١ |
| **وانەی دووەم** | |
| تەلارسازی لەسەر شێوازی ئیسلامی | ٥٠ |
| مزگەوت | ٥١ |
| نزرگە | ٥٣ |
| قەڵای پاسەوانی، یان قوللەی پاسەوانی | ٥٧ |
| تەکیەو خانەقا | ٥٨ |
| سەرکانی، یان ئەسبەلە | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| خان | ٦٠ |
| بازاڕو قەیسەری | ٦١ |
| شۆرگە، یان حەمام | ٦٢ |
| کۆشک و تەلار | ٦٣ |
| سەرچاوەکانی تەوەری یەکەم | ٦٥ |
| تەوەری دووەم – هونەری کاردەستی | |
| وانەی یەکەم | |
| (هەویرکاری) دروستکردنی شێوەی جیاواز لە ڕووگەی جیاوازدا | ٧٠ |
| وانەی دووەم | |
| (وشککردنەوە) دروستکردنی شێوەی جیاواز بە گوڵ و گەڵا | ٧٦ |
| وانەی سێیەم | |
| دروستکردنی شێوەی جیاواز لەڕێگەی تەونکاری و چنینەوە | ٧٩ |
| وانەی چوارەم | |
| دروستکردنی شێوەی جیاواز لەڕێگەی سابونەوە | ٨٣ |
| وانەی پێنجەم | |
| دروستکردنی چوارچێوەی بۆکس بە کارتۆنی قەبارە جیاواز | ٨٦ |
| وانەی شەشەم | |
| ڕووپۆشکردنی قەبارەی جیاواز بە کەرەستی جۆراوجۆر | ٨٩ |
| وانەی حەوتەم | |
| ڕووپۆشکردنی قەبارەی جیاواز بە شووشەو کاشی ڕەنگاوڕەنگ | ٩٢ |
| وانەی هەشتەم | |
| سترینگ ئارت String Art | ٩٤ |
| وانەی نۆیەم | |
| دروستکردنی گۆزەی نەخشێنراو بە کاخەز | ٩٧ |
| تەوەری سێیەم | |
| پرۆژە | ٩٩ |
| فەرهەنگۆک | ١٥٤ |
| سەرچاوەکان | ١٧٤ |

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز... ئەم ساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو کۆمەڵێک بابەتی نوێ لە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر، وەک ڕێبەری مامۆستا جێگیر کراون و بابەتەکانیش زیاتر خۆی لە وانە کردارەکییەکاندا دەبینێتەوەو پرۆگرامەکەش لە سێ تەوەر پێکدێت. بۆ نموونە تەوەری یەکەم باس لە هونەری ئیسلامی دەکات و سەرەتای سەرهەڵدان و بایەخەکانی ئەم هونەرە لەنێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا چۆن بۆتە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان؟

هەروەها لەتەوەری دووەمدا نۆ وانە لەخۆدەگرێت و زۆربەشیان بابەتی کاردەستین، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە قوتابی لەم پۆلەدا بەدەست بابەتە تیۆرییەکانەوە ماندووەو ئیدی لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت کەمێک باری سەرشانی سوکبکرێت و بابەتە هونەرییەکانیش کراونەتە خاڵی، خاڵی کردنەوەی بارگرژییە دەروونی و جەستەییەکان، ئیدی لەم دۆخەشدا قوتابی دەتوانێت چێژ لە بابەتە هونەرییەکان وەربگرێت و ئەو هەستە خۆشەی لەلا دروست ببێت، کە دەتوانێت هەستێکی جوان لەلای قوتابی دروست بکات. لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت توانا کارامەییەکانی بخاتە گەڕو بیری داهێنانی خۆی لە خزمەت وانەکەدا بەکاربهێنێت. جا لەبەر ئەوەی قوتابی لە تەمەنێکی باش و پێگەیشتوودایەو جەستەو ئەقڵی لەو ئاستە خواستراوەدایە، کە دەتوانێت بیانخاتە خزمەت کارەکانەوە. هەروەها مامۆستاش دەتوانێت هاوکارو پشتیوانی کاری قوتابییەکان بێت.

بەڵام لە تەوەری سێیەمدا بابەتی کاری پرۆژە جارێکی دی لەنێو پرۆگرامەکەدا خراوەتەوە ڕوو، چونکە لەم قۆناخەدا قوتابی ئاستی هاوڕێگرتنی باشترەو چاکتر لەجاران دەتوانێت هاوڕییەتی لەگەڵ دەورووبەریدا بگرێت، کە ئەوەش خاڵێکی باشە بۆ خزمەتی ئەم تەوەرە. هەروەها ئەرکی مامۆستایە لێرەدا چاودێرو ئاراستەکەرو سەرپەرشتیارکەربێت و ڕێکخەری کاری بەرهەمهاتوو بێت.

م. خەلیل عەلی

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز... لەپێشکاری ئەم پرۆگرامەدا پێویستە ئاگاداری هەندێک ڕەفتاری هەرزەکارەکان بیت لەم تەمەنەداو هەوڵبدە لە باری دەروونی قوتابییەکان تێبگەیت، چونکە قوتابی لەم قۆناخەدا تەمەنی گەیشتۆتە (١٥) ساڵ و هەستیاری بەزۆر شت هەیە. هەروەها ئەو پێی وایە شتەکانی خۆی ڕاستن و بە ڕەخنەگرتن دڵتەنگ و خەمبار دەبێت. جالەبەر ئەوە پێویستە بەشێوازێک گفتوگۆ لەگەڵ ئەو قوتابییەدا بکەیت، کە هەستی بریندار نەکرێت و ڕەخنەگرتنەکانیش لەشێوەی پێشنیار بخرێنە بەرچاوی، تا بەدڵێکی فراوانەوە وەریان بگرێت، ئنجا کاریان لەسەر بکات و لە کۆتاییشدا ئەنجامێک بەدەست بهێنێت.

## گەشەی هونەری قوتابی لەم قۆناخەدا (١٥) ساڵ

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری «ڤیکتۆر لۆنفیلد»، کە تیایدا گەشەی توانای هونەری لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و هزری، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەربۆیە تا گەورەتربێت، کارە هونەرییەکانی جوانترو باشتر دەبێت. هەروەها ناسینەوەی هێمای ناو کارەکانیش ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد):

١. قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دوای بوون، تا ٢ ساڵی.
٢. قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.
٣. قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.
٤. قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ٩) ساڵی.
٥. قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشتکردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ١١) ساڵی.
٦. قۆناخی گوزارشتکردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ١٣) ساڵی.
٧. قۆناخی باڵقبوون (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ١٨) ساڵی.

شایانی باسە، لەم هەنگاوەی ئێستادا، خاڵی حەوتەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (١٣-١٨) ساڵ. لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەکان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویستە ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناخەی منداڵ بکەیت و هەڵپە نەکەیت لەکاتی جێبەجێکردنی وانە کردارییەکاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش، سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناخە دەخەینە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر، کە بریتییە لەمنداڵی هەرزەکاری تەمەن (١٣-١٨) ساڵ.

## قۆناغی هەرزەکاری، لەتەمەنی ١٣ ساڵ دەست پێدەکات تا ١٧ – ١٨ ساڵ:

ئەم قۆناخە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لە قۆناخەکانی پێش خۆی، چونکە لە ڕابردوودا گوتمان لە هەرقۆناخێک، منداڵ هەوڵیداوە لە کارە هونەرییەکانیدا شێوازی دەربڕینی هونەری بگرێتە بەر، ئەم قۆناخەش درێژە پێدەری قۆناخەکانی پێش خۆیەتی، بەو مانایەی زۆر بەئاسانی دەتوانرێت جیاوازی لە نێوان ئەو منداڵانەدا بکرێت، کە لە بەرهەمهێنانی کاری هونەریدا پشت بە چاویان دەبەستن، لەگەڵ ئەو منداڵانەی پشت بە دەربڕینەکانی ناخیان دەبەستن. ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی چەندین تێبینی و سەرنج لەسەر کارە هونەرییەکان. بۆ نموونە: قوتابی لەم



وانەی هونەر ئارامی و دڵنیایی زیاتر بۆ قوتابی دابین دەکات

قۆناخەدا بەشێک لەخانوو، یان بەشێک لەدار، یان بەشێک لە مرۆڤ دەکێشێت، ئیدی نهێنی ئەوەش لەوەدایە، کە زیاتر قوتابییەکە پشت بە چاوی دەبەستێت لە وێنەکێشاندا (پۆرترێت).

## ئەرکی مامۆستا

وەک ئاشکرایە، ئەم قۆناخە، وەک قۆناخەکانی پێش خۆیەتی و ئەرکی مامۆستاش هەمان ئەرکی پێشووە، هەربۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە چاودێری فێرخوازەکان بکات و جیاوازی نێوان کارە هونەرییە کۆن و تازەکان بکات. هەروەها سەرنج و تێبینیان بداتێ لەسەر کارە هونەرییەکە بەگشتی. لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەوە لێکجیابکاتەوە، کە سروشتی کارە هونەریەکە دەربڕینە لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان، نەک تۆمارکردنی خەیاڵ و فانتازیا. جا لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر مامۆستا زانیاری و شێوازی تازەیان پێ بدات لەکاتی کارکردندا بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان،



هەمیشە قوتابی لەوانەی پەروەردەی هونەردا ئاسوودەو دڵشادە، چونکە سێبووری پێدەبەخشێت

بۆ ئەوەی قوتابییەکە هەست بەوە نەکات، کە مامۆستا تەنها کارەکەی خۆی جێبەجێ دەکات، وەک فەرمانبەرێکی دەوڵەت، بەڵکو دەبێت قوتابییەکە وا هەست بکات، کە هونەرمەندێک چاودێری دەکات و تێبینی و سەرنجی پێ دەدات، ئەوەش وا دەکات پەیوەندی توندو تۆڵ دروست ببێت لەنێوان قوتابی و مامۆستادا (دروستکردنی متمانە لەنێوان قوتابی و مامۆستادا، کارەکە سەرکەوتووتر دەکات).

## هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ کارە هونەریەکانی قوتابییان

بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی کارێکی هونەری زانستی گونجاو، پێویستە لەسەرتۆی مامۆستا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:-

١. جیاوازی بکە لەنێوان وێنەی منداڵانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی و وێنەی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، پاشان بزانە کامیان کاریگەریان هەبووە لە وێنەکاندا، بەتایبەت لە دەربڕینەکانیاندا؟ هەروەها بزانە کامیان پشتیان بەخۆیان بەستووە لە دەبڕینەکانیاندا؟

٢. چەند کارێکی هونەری قۆناخی (٧و٨) ی بنەڕەتی کۆبکەرەوەو جیاوازیان بکە لەگەڵ ئەم قۆناخەدا، بزانە لە دەربڕینەکانیاندا پشتیان بە چاویان بەستووە، یان بە دەربڕینەکانی خۆیان؟

٣. لێکۆڵینەوە بکە لە تایبەتمەندییەکان و بزانە لە دەربڕینەکانیاندا پشتیان بەچاویان بەستووە، یان بە دەربڕینی خۆیان؟ بەم شێوەیە:

أ. بابەتەکانی دەربڕین هەڵبژێرە لەناو تابلۆکەدا، وەک بابەت.

ب. بزانە بابەتەکانی ناو تابلۆکە هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە؟

ت. بزانە بابەتەکان چین و چۆن دەربڕیون؟

پ. بزانە قوتابییەکە چۆن ڕەنگی بەکارهێناوە؟

مامۆستای بەڕێز... ئەم کارانە بەپێی پڕۆگرامێکی بەرنامە بۆدانراو ڕێکخراوەو ئەرکی بەڕێزیشتان خوێندنەوەی تەواوی پڕۆگرامەکەیە، تا بەرچاوت ڕوونبێت و بزانیت چۆن ئەرکی سەرشانت، وەک مامۆستایەکی باش



مامۆستا پلاندارێژەری وانەی پەروەردەی هونەرە

پێشکەش دەکەیت؟ بۆیە هەوڵبدە پلان بۆ وانەکەت دابنێیت و پڕۆگرامەکەش دابەشی سەر پلانەکەت بکە، تا ئەرک و فرمانەکانت دیاربن و بزانیت چی دەکەیت؟ بەچی جێبەجێی دەکەیت؟ ئنجا تەواوی پڕۆگرامەکە بەپێی ئەو پلانەی داتڕشتووە لەکات و ساتی خۆیدا تەواو بکەیت، بێ ئەوەی پەلە پەل، یان بەجێهێشتنی بابەت ڕوودات لەکاتی جێبەجێکردندا.

# تاقیکردنەوە

یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا، بریتییە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت، کە نابێت تاقیکردنەوەی سەرکاخەز ئەنجام بدات. واتە تاقیکردنەوەی هاوشێوەی وانەکانی تر، بەڵکو وەک ئەم شێوازەی بۆی دانراوە دوو جۆر تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات، وەک:

١. **تاقیکردنەوەی گرووپکاری:** کاتێک مامۆستا ڕۆژانە ئەرک بە کۆمەڵەکان دەسپێرێت و دواتر لێیان وەردەگرێتەوە، ئنجا پێویستە بەپێی خشتەی ژمارە (١) نمرە بۆ کۆمەڵەکە دابنێت.

٢. **تاقیکردنەوەی تاککاری:** لێرەدا مامۆستا بەپێی خشتەی ژمارە (٢) قوتابییەکان ڕۆژانە تاقیدەکاتەوەو تاقیکردنەوەکەش ئەنجامی ئەو چالاکییەیە، کە قوتابی لەپۆلدا، یان لە چالاکی ئەرکیماڵەوەدا ئەنجامی دەدات. دواتر وەک لە خشتەی (٣) یەمدا دەرخراوە دوو نمرە کۆدەکرێتەوەو نمرەی کۆتایی قوتابی دەردەچێت: بۆ تاقیکردنەوەی سەری ساڵیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام پێویستە نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەسەر ئەو ئامادەکاریانە دابنرێت، کە قوتابییەکان خۆیان بۆ ئامادەکردووە بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکەیان. واتە مامۆستا ئەم ماندووبوون و ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکان تاک، تاک کاری قوتابییەکان هەڵدەسەنگێنێت و نمرەی خۆیان بۆ دادەنێت، کە ئەوەش بەیەکێک لە هەڵسەنگاندنە دادپەروەرەکان دادەنرێت و ئەرک و ماندووبوونی قوتابیش لەبەرچاودەگیرێت و هەمووان بەپێی توانای خۆیان نمرە وەردەگرن، بەڵام پێویستە مامۆستا دادپەروەربێت و کارێک نەکات قوتابی لەئەنجامدانی کاری دڵسۆزانەو هونەریانە پاشگەز بکاتەوە، چونکە هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکی هەڵە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پرۆسەی پەروەردەی قوتابییەکان دروست دەکات و شڵەژانێک لەنێویاندا دەخولقێنێت. جا بۆ ئەوەی ئەم بەرتەکە ڕووندەدات دادپەروەری مامۆستا سەنگی مەحەکە بۆ سەرخستنی تەواوی پرۆسە هونەرییەکە.

## خشتەی ژمارە (١)

## تاقیکردنەوەی گرووپکاری

پۆلی:  لقی:  قوتابخانەی:

| ناوی گرووپەکان | نمرەی چالاکییەکانی وەرزی: | | | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |

مامۆستای وانە

## خشتەی ژمارە (٢)

پۆلی: لقی: قوتابخانەی:

| ژ | ناوی قوتابییەکان | نمرەی ڕۆژانەی وەرزی: | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | |
| ١١ | | | | | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | |
| ١٣ | | | | | | | | | | |
| ١٤ | | | | | | | | | | |
| ١٥ | | | | | | | | | | |
| ١٦ | | | | | | | | | | |
| ١٧ | | | | | | | | | | |
| ١٨ | | | | | | | | | | |
| ١٩ | | | | | | | | | | |
| ٢٠ | | | | | | | | | | |
| ٢١ | | | | | | | | | | |
| ٢٢ | | | | | | | | | | |
| ٢٣ | | | | | | | | | | |
| ٢٤ | | | | | | | | | | |
| ٢٥ | | | | | | | | | | |

# خشتەی ژمارە (٣)

پۆلی:　　　　　　لقی:　　　　　　قوتابخانەی:

| ژ | ناوی قوتابی | نمرەی گروپکاری | نمرەی تاککاری | ئەنجامی وەرزی: |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |
| ٥ | | | | |
| ٦ | | | | |
| ٧ | | | | |
| ٨ | | | | |
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |
| ١١ | | | | |
| ١٢ | | | | |
| ١٣ | | | | |
| ١٤ | | | | |
| ١٥ | | | | |
| ١٦ | | | | |
| ١٧ | | | | |
| ١٨ | | | | |
| ١٩ | | | | |
| ٢٠ | | | | |
| ٢١ | | | | |
| ٢٢ | | | | |
| ٢٣ | | | | |
| ٢٤ | | | | |
| ٢٥ | | | | |

# خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل: وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

# خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر: وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم



# هونەری ئیسلامی

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز، لەم تەوەرەدا باسی هونەری ئیسلامی کراوەو شێوازی پەیدابوون و چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ بابەتە هونەرییەکاندا ڕوونکراوەتەوە. جا لەسەر مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ئەوەیە، کە ئەم زانیارییانە بخوێنێتەوەو بە شێوەیەکی سادەو ساکار بە پێی ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکان زانیارییەکان ببەخشێت و نابێت زانیارییەکان بە ئاڵۆزی و دژواری بگێڕێتەوە.

کەواتە لەسەر مامۆستایە بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا بکات و دەستەواژەو واتاکان شی بکاتەوەو بە شێنەیی و بەپێی پلانێکی دیاریکراو ڕوونکاری بکات و کەشێکی لەبارو گونجاوو شیاو بۆ قوتابییەکان برەخسێنێت. هەروەها لەگەڵ وانەکانیشدا پلان و خشتەی چۆنییەتی بابەتە ڕوونکارییەکان خراونەتە ڕوو، تا مامۆستا ئاگای لەتەواوی خستنەڕووی  بابەتەکەبێت.

مامۆستای بەڕێز، ئەم زانیارییانە بۆ لەبەرکردن نین و تەنها ئاشناکردنی قوتابییەکانە بە مێژووی هونەری ئیسلامی و زانینی هەندێک زانیاری شاراوە، کە ئەو تەنها وەک مێژوو زانیویەتی، یان بیستویەتی و لایەنە هونەرییەکەی لا ڕوون نەبووە، بەڵام لێرەدا، بە شێوەیەکی زانستی بوارە هونەرییەکە پێش بوارە مێژووییەکە خراوەو، ئنجا هونەریان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. هەربۆیە، ئەوەی لێرەشدا دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە پێویستە ئەم زانیارییانە لە شێوەی گێڕانەوە بۆ قوتابییەکان باسبکرێن و چێژ بە وانەکە، ئنجا بە قوتابییەکان ببەخشێت.

هەروەها پێویستە مامۆستا ئەوەش لەبەرچاوبگرێت، کە قوتابییەکان لەم قۆناخەدا لە ئاستێکی باشی گەشەی ئەقڵی و لەشەکیدان و هەستی بەخۆزانیان باش چۆتە پێش و بەرەو قۆناخی باڵقبوون هەنگاو دەنێن. کەواتە بۆ ئەومەبەستە پێویستە زمانی گفتوگۆ نەرم و نیان بێت و ئاگاداری ئەو وشانەبێت، کە گوزارشتیان پێدەکات.

شایانی باسە، ئەم تەوەرە بۆ تاقیکردنەوە نییەو نابێت بە زارەکی و سەرکاخەز قوتابی تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدات، بەڵکو مامۆستا بەپێی ئەو خشتەیەی بۆی دیاریکراوە، تەنها هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی تێگەیشتن و زانیارییە وەرگیراوەکانی قوتابییەکان دەکات. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا، وەک زانیاری بەخشین مامەڵە لەگەڵ ئەم تەوەرەدا بکات و تا دەشتوانێت هۆکاری فێرکاری جۆراوجۆر بەکاربهێنێت و هەوڵیش بدات پشت بە پێگە ئەلکترۆنییەکان ببەستێت.

## وانەی یەکەم

تەوەر: هونەری ئیسلامی
بابەت: پێوەرەکانی هونەر لە ئیسلامدا
وانە: ٢ بەشەوانە

---

### خستنەڕووی بابەت

مەبەست لە دانانی ئەم بابەتە، بریتییە لە خستنەڕووی جوانکارییەکانی هونەری ئیسلامی و حەرامکردن و حەڵاڵکردنی هونەر لە ئیسلامدا، چونکە هەندێک لە ڕاڤەکارو پیاوانی ئایینی بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان لێدوان لە دژی کاری هونەری دەدەن، بەڵام ئاییینی پیرۆزی ئیسلام بەپێی ئەو دەقە قورئانیانەی لەبەردەستدان بەهیچ شێوەیەک کاری هونەری لە مرۆڤ قەدەغە نەکردووە، ئەگەر بۆمەبەستی پەرستن نەبێت، چونکە بەکارهێنانی بابەتی هونەری بۆ ڕازاندنەوەو جوانکاری یاساخ نییە، بەڵام بۆ پەرستن حەرامە.

لێرەدا مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر بابەتەکە بە وردی دەخوێنێتەوەو هەندێک بابەت هەڵدەبژێرێت، وەک لە هەڵبژاردنی بابەتدا دیاریکراوە. هەروەها لەو کاتەی بۆی دیاریکراوە وانەکە لەشێوەی گێڕانەوە بە قوتابییەکان دەگەیەنێت. لەهەمانکاتیشدا مامۆستا هەوڵدەدات ئەم بابەتە لەڕوانگەیەکی هونەرییەوە ڕاڤە بکات و کەمتر بچێت بەلای لایەنە ئاینییەکەدا، چونکە ئەم لایەنە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە.

### قوتابییەکان چی فێردەبن؟

١. لایان ڕوون دەبێت، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاری هونەری حەرام نەکردووە.
٢. قوتابییەکان ئەوە فێردەبن، کە خوای گەورە هونەرمەندێکی جوانکارو جواننناس و میهرەبانەو هەموو شتەکانی بە جوانترین شێوە دروستکردووە.
٣. قوتابی فێردەبێت، کە هونەرمەندی موسوڵمان بایەخی زۆری داوە بە بابەتی ڕازاندنەوەو کۆڵین و نەخشاندن.
٤. قوتابی بایەخ و گرنگی هونەری ئیسلامی لە لا ڕوون دەبێت.

٥. ڕۆڵی هونەرمەندی موسوڵمان لەم دۆخەدا ڕوون و ئاشکرا دەبێت.
٦. قوتابی تێدەگات، کە شارستانییەتەکانی ناوچەکە لە ڕووی هونەرییەوە سوودیان لەیەکتر وەرگرتووە.

## ئەرکی مامۆستا:

ئەرکی مامۆستایە لەگەڵ خوێندنەوەو تێگەیشتنی لە بابەتەکە، ئەوا لەکاتی پێشکەشکردنی وانەکەدا وێنەی ڕوونکاری بەکاربهێنێت و هەندێک دیمەنی جۆراوجۆری زیندوو بۆ قوتابییەکان نمایش بکات. هەروەها لەسەر مامۆستا پێویستە نەچێتە ناو گفتوگۆی ئایینییەوە، چونکە ئەوە کاری ئەو نییەو ڕێزگرتنی هەستی بەرانبەریش ئەرکی هەمووانە.

## هەڵبژاردنی بابەت

١. پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هونەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن بووە؟
٢. ئەو شارستانییەتانە کێ بوون، کە لەپێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناوچەکەدا هەبوون؟
٣. ئایینی پیرۆزی ئیسلام چۆن لە کاری هونەری ڕوانیووە؟
٤. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چۆن باسی هونەرکاری و جوانکاری خۆی کردووە؟
٥. خوای گەورە چۆن باسی کاری هونەری کردووە بۆ بەندەکانی، تا تام و چێژ لە دیمەن و خۆشییەکانی ژیان وەربگرن و بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەکاری بهێنن و بەشی ئەودنیاش هەڵبگرن؟
٦. هۆکار چی بووە هونەرمەندی موسوڵمان لاسایی کاری هونەری ئاشوورییەکان و میسرییەکان و یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکانی نەکردۆتەوە؟
٧. ئەو شتانە چی بوون، کە هونەرمەندی موسوڵمان حەزی کردووە دروستیان بکات، یان بیانکێشێت؟
٨. دونیابینی هونەرمەندی موسوڵمان بۆ کاری هونەری چی بووە؟
٩. ئەو پێوەرانە چین، کە هونەری ئیسلامی لەسەر بەندە؟

## ئەو پێوەرانەی هونەری ئیسلامی لەسەر هەڵدەچنرێن

شایانی باسە، هونەری ئیسلامی هەوڵی لاسایی ڕاستەوخۆی سروشتی نەکردۆتەوە، تا چارەسەری هونەریانەی کارە هونەرییەکانی پێ بکات، هۆکارەکەشی بوونی سروشتێکی شاراوەیە لە جیهانی عەرەبیداو ئەم کەشە جوانە لەم گەردوونە گەورەیەدا جێگەی تێرامان و لێوردبوونەوەیە، جا ئەم ژینگەیە، ژینگەیەکی بیابانی، یان کشتوکاڵی بێت. ئەوا بێگومان، هونەرمەندی موسوڵمانیش وایکردووە شێوەیەکی جوان و هەستێکی هونەریانەی پێوەدیاربێت و هەر لەبەر ئەوەشە گواستنەوە هونەرییەکان ڕاستەوخۆ نەبوون، بەڵکو هەوڵدراوە شێوەی جیاواز لە بواری نیگارکێشان و وێنەی ڕوونکاری و ڕازاندنەوەدا بەکاربهێنن. کەواتە هونەرمەندی موسوڵمان نەیویستووە لاسایی شارستانییەتەکانی، وەک ئاشوری و فیرعەونی و یۆنانی و ڕۆمانی بکاتەوە، بەڵکو هەوڵیداوە زیاتر گوزارشت لە خۆی بکات و باشترین ئەو شێوازەش کە هەڵیبژاردووە نەخشەسازی و ڕازاندنەوەو تەلارسازی بووە، کە لە بابەتەکانی تردا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.



سنووری بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی تر لە جیهاندا

## ڕقلێبوونەوە لە نیگارکێشانی زیندەوەراندا

پێش هاتنی ئیسلام، نیگارکێشانی زیندەوەران شتێکی باوبووەو هەوڵیشدراوە دۆخی لاساییکردنەوە وەرنەگرێت و هەر ناوچەیەکیش بەپێی دۆخی ژینگەو داب و نەریتی خۆیان هەوڵیانداوە وێنەکانیان بکێشنەوە، بەڵام ئەم لاساییکردنەوەیە، هەمان ئەو لاساییکردنەوەی سروشتە نەبووە، کە لە هونەری یۆنانی و ڕۆمانییەکان و دواتریش لە سەردەمی بوژانەوەی ئەورووپادا بەکارهاتووە، بەڵکو مەبەستی بنەڕەتیش جیاوازی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بوون بۆ هونەر. لەهەمانکاتیشدا هەرێمە عەرەبییەکان لە سەردەمی یۆنانییەکاندا ویستویانە خۆیان لەکۆڵ باڵادەستی هونەری یۆنانی بکەنەوەو دووربکەونەوە لەو شێوازانەی بەکاریانهێناوە لە کێشانەوەی زیندەوەران و پێکهاتە گیاییەکان.



پەیکەرتاشین لە نیوەدورگەی عەرەبی بەرلەهاتنی ئیسلام

بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەش پرۆفیسۆر ‹ل. برهیر› L. Bréhier و ‹هـ. تـراس› Terrasse .H و ‹نیلسن› Nielsen و ‹لامانس› Lammans لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان و پێیان وایە، کە ئەو پاشماوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دۆزراونەتەوە بە سێ سەدە لە پێش دەرکەوتنی ئیسلامەوەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەموو ئەوانە شۆڕشێک بوون لە دژی ڕۆحی هونەری یۆنانی، ئەوەش سەلمێنراوە، کە ئەو شێوازو تەکنیکە هونەرییەی بەکارهێنراوە لە هونەری ‹هلێنی› لە ئاسیای بچووک و شام و میسریشدا ئەوە دەردەخەن، کە لەدوورەوە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵیان کێشاوەو ڕێزیشیان لە بنەماکانی توێکاری گرتووەو دواتر بەرەو بابەتی ڕازاندنەوەی گیایی و ئەندازەیی چوون، زۆر بەدەگمەنیش خۆیان لە پەیکەرتاشین (پەیکەری خڕ) داوەو هونەرمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش زیاتر گەڕاونەتەوە بۆ ئەو سەردەمە زێڕینەی ئاشووری و حیسییەکانی تێدا

دەژیـــان، هەر لەبەر ئەوەشـــە ئەم کـــۆمەڵە زانـــایە  پێیـــان وایە، کە دوورکەوتنەوەی موسوڵمانان لە کێشانی وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ پەیوەندی بەو زنجیـــرە گەشـــە هـــونەریەوە هەیە، کە لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا ســـەریهەڵداوە، هەر لەبەر ئەوەشـــە هـونەری مەســـیحی لەم هەرێمـانەدا بەم جوڵانەوەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام خۆی بەدوور گرتووە لە هونەری یۆنانی کۆن.

شـایانی باسـە، لەگەڵ دەرکەوتنـی ئـایینی ئیسـلام، دیـاردەی بتپەرسـتی نەهێشت و هەرچی لەم شێوە پەرستنانەشـەوە نزیک بـوون کاڵیکردنەوە. بـۆ ئەو مەبەستەش یەکەم هەنگاوی جێگیرکردنـی ئەم بیروباوەڕە تێکشکاندن و لەنـاوبردنی ئەم بتـانەبووە، کە لە جێگەیـدا یەکتاپەرسـتی شـوێنیگرتەوەو هەموو ئەو شـوێنێی کۆنـانەش سـڕانەوە، کە گوزارشـتیان لەڕابـردوو دەکـرد، بەتـایبەت هەمـوو ئەوانەی بە «**هاوبەشـپەیداکردن**» بـۆ خـوای تـاک و تەنیـا ئەژمـاردەکران. هەرچەنـدە لە قورئـانی پیـرۆزدا هـیچ دەقێکـی ڕوون و ڕەوان نییە لەبـارەی نیگارکێشـانی گیانـداران، یـان زینـدەوەران حەرام بکـات، یـان قەدەخەیـان بکـات، بەڵام هەنـدێک فەرمـوودەی پێغەمـبەری ئیسـلام(د.خ) هەن زۆر بەتونـــدی نیگارکێشـــان و وێـــــنەی زینـــدەوەران حەرام دەکات. هەربۆیـــە، بەپێـی زۆرێـک لە یاسـاناس و تـــــوێژەران و ڕاڤەکـــــارانی قورئـــــان و فەرمـوودەکـانی پێغەمـبەر(د.خ)، پێیـان وایە، کە حەرامکـردن و قەدەخەکردنـی ئەمجـۆرە لە نیگارکێشان و پەیکەرسازییە، تەنها بۆ ئەوەبووە، تا هۆزو تیرە عەرەبییەکان



یەکێك لەو بتانەی لە نیوەدورگەی عەرەبی دەپەرسترا لەیەن قورەیشییەکانەوە پێش هاتنی ئیسلام

له بتپەرستن دووربخەنەوە، بۆیە ئەوکاتە حەرام نابێت ئەگەر ئەم شتانە بەمەبەستی ڕازاندنەوەو لایەنی جوانکاری بەکاربهێنرێن.

لەوبارەیەوە دکتۆر «زەکی محمەد حەسەن» لە کتێبی «التصویر عند العرب للمرحوم تیمور»دا چەندین بیروڕای جیاوازو جۆراوجۆری لەوبارەیەوە خستۆتە ڕوو، کە زۆرێک لەو ڕۆژهەڵاتناس و زانا هاوچەرخەکانی ئاماژەپێداوە، کە دژی تیۆری حەرامکردنن، لەوانەش پرۆفیسۆر ‹کریزویڵ› و باوکە ‹لامانس›، پرۆفیسۆر ‹ئەرنۆڵد›ـە. بەڵام زانایان و پیاوانی ئایینی هاوچەرخی عەرەبی ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە ئەگەر نیگار، یان نیگارکێشان، یان پەیکەرتاشی کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ، یان کارەکەیان نەکات، ئەوا بێگومان کێشەی نییە. هەروەک پێشنویژ شێخ «محمد عەبدە» لەوبارەیەوە دەڵێت: بەیەک ڕستە لەسەرم ماڵە، کە شەریعەتی ئیسلام زۆر لەوە گەورەترە هۆکارێک لە هۆکارەکانی زانست حەرام بکات، دوای دڵنیابوون بۆمان دەرکەوت ئەوە هیچ مەترسییەکی بۆسەر ئایین لە لایەک و بیروباوەڕ لەلایەکی ترەوە نییە.

بەڵام خوالێخۆشبوو «شێخ مەحمود شەڵتوت» شێخی زانکۆی ئەزهەر لەساڵی (١٩٦٤) لە پێشەکی کتێبەکەیدا، کە بۆ خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئەم زانکۆیەی نووسیوە لەبارەی وێنەی زیندەوەرانەوە دەڵێت: ئەو پێنووسەی لەسەر زەوی وێنەی ڕۆیشتنی دەکێشێت، لە ئاسمانیش باڵەفڕکێ دەکات، ئەمەش پڕییەتی لە ئایەت و داهێنان، ببینە وێنەی کاتێک باران بەخوڕ دەبارێت و ژیان بە بەر دارێکی خەوتوودا دەکاتەوەو ئاژەڵەکانیش تێر ئاو دەکات و ئەوانیش سوودمان پێدەگەیەنن، (ولكم فيها جمال حين تريحون و حين تسرحون)، دواتر شەوانی ڕازاوەو پاشان ڕۆژێکی پڕشنگدار دەکێشێت و ئێوەش هەستی پێدەکەن، ئیتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیشکە جوانەدا دروستکراوەکانی تر دەبینن، ئەم پێنووسە هەموو دروستکراوەکانی خوای گەورە دەکێشێت، هەر لە ئاسمان و زەویەکەی، ڕۆژو مانگ و چیاو دۆڵ و ڕووبارەکانی، ئەوانەش هەمووی لە تابلۆیەکی ڕازاوەی گەردوونیدا پیشانمان دەدات، هەموو ئەوانە کۆمەڵێک ئایەتمان پیشان دەدەن، کە هەڵگری حەڵاڵ و حەڕام و جوانین، هەموو ئەو جوانییەش لەسەر ئەقڵە پاک و بێگەردەکان دەمێنێتەوەو گەشە دەکات و ئیتر لە ئاسمانەوە جوانی و

بێگەردی و لەژیانیشدا خۆشی و سەرفرازی دەبینین، کە لە تەنیشتمانەوە ژیان بەرەو ونبوون دەچێت، ئەوانەش هەمووی خوای گەورەو دروستکەری هەموو ئەوشتانەمان بیردەهێنێتەوە.



وێنەیەکی ڕوونکاری ئەسپ لە پشتڕا لە کتێبی زەردەفە – مەملوکەکان

لێرەدا ڕایەکی سەیری پرۆفیسۆر ‹ڤییت› دێنێتەوە یاد، کە دەڵێت: موسوڵمانەکان بەپێی بیروباوەڕیان لەوە تۆقیون، کە وێنە، یان نیگار هێزێکی سیحری هەیەو هەموو گەلانی سامی خۆیان لە وێنە دەپارێزن. ئەم بۆچوونەش ناچێتە خانەی زانستی، یان مێژووییەوە، چونکە بەپێی میهرەبانی و بیروباوەڕی ئیسلامی زۆر لەو وتە ئەفسانەییانە بەرزترە.

بەپێی ئەو میهرەبانییەی بیروباوەڕی ئیسلامی هەیەتی ڕۆژێک لەڕۆژان وێنەی قەدەخە، یان حەرام نەکردووە، ئەگەر بۆ مەبەستی ڕازاندنەوەو جوانکاری، یان تویژینەوەی زانستی، یان لەبواری یاسازانیدا بەکاربهێنرێت(وەک لەم وێنەیەی مەملوکەکاندا دیارە). بەڵگەش بۆ ئەو وتانە، موسوڵمانان چەندین وێنەی جۆراوجۆریان لە نیشتمانی عەرەبی لەدوای خۆیان بۆ بەجێهێشتووین و زۆربەشیان وێنەی زیندەوەرو مرۆڤن و لەنێو پەڕتووکە زانستییەکانیشدا بەڕوونی ئەوە دەبینرێن، کە پڕیەتی لەوێنەی

ڕوونکاری، ئەمەش وەک درێژکراوەی نەریتێکی باوی ئەم میللەتانە دێت، کە بەسەدان ساڵ لەپێش هاتنی ئیسلامیش هەر هەبووە. باشترین نموونەش ئەو نەخشـــونیگارانەی لەســـەر ڕووپەری کتێـــب و ڕازانـــدنەوەی کەمەربەنـــدی مـــزگەوت و کۆشـــک و تەلارەکانـــدا کێشـــراون و زۆربەشـــیان لەگەڵ ڕازاندنەوەکاندا وێنەی زیندەوەریان تێکەڵکێش کردووە.

لەبەر ئەوە بیروبـــاوەڕی ئیســـلامی لەســـەر بنەمـــای فەلســـەفی و سۆفیگەری و زانست ئەمکارەی نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی کاریگەر ئەم شـێوە هونەریـانەی لەوسـەر، تـا ئەوسـەری ناوەنـدی جیهـانی ئیسـلامیدا چەسـپاندوە. ئەوەی لێرەدا گرنگبێت بـۆ ئەو باسـە ئەوەیە، کە هەنـدێک لەو کاریگەریـانە بخەینـە ڕوو، کە هێـزو توانـای خـوای گەورە پیشـان دەدات و توانـای ئەو مـرۆڤەش دەردەخـات، کە بـۆتە تاکێک لەم گەردوونەداو ڕێگەی دەرچـوونی پیشـان دەدات لە ڕێـگەی کـاری باشــەو ڕەفتارنوانـدنی چـاکەوە، جەختیشی لەوەکردۆتەوە، کە پێویستە ئەو مرۆڤە باش بیربکاتەوەو لە کاری چاکەش بەردەوام بێت و لەم دنیاو لەو دنیاشدا دڵخۆش بێت. لەوبارەیەوەش چەند نموونەیەک لەناو قورئانی پیرۆز بە نموونە دەهێنینەوە، وەک:

## ١. بڕوای تەواو بە گەورەیی خوا:

«هو الاول والاخر والظاهر والباطن، وهو بكل شيء عليم» سورەتی حەدید، ئایەتی (٣)
واتە: ئەو خـودایە یەکەمینـەو لەسـەرەتاوە هەر هەبـووەو کەس پـێش ئەو نەبـــووەو دواهەمیـــنەو کۆتـــایەو کەس دوای ئەو نامێنێـــت، بەڵام ئەو هەردەمێنێت. هەروەهـا ئەوزاتە دیـارەو هەمووشـت بەڵگەیە لەسـەر بـوونی، لەهەمانکاتیشدا زاتی خۆی نادیارەو بەچاوی سـەر نابینرێت، بەڵام بەبینـایی بیرو هۆش و دڵ و دەروون ئاشکرایە هەرخۆیشی زانایە بە هەمووشتێک.
«ليس كمثله شيء وهو السميع والبصير». سورەتی شورا، ئایەتی (١١)
واتە: هـیچ شـتێک نییە لەوێنەی ئەو زاتە، هـیچ شـتێک لەو ناچێـت، چـونکە خـوایەو بەدیهێنەرە، چۆن لەبەدیهێنراوەکـانی دەچێت، هەرئەویـش بیسـەرو بینایە.

### ٢. لاوازی مرۆڤ و پێویستی بۆ ڕزگاربوون:

«ما أصابک من حسنه فمن الله، و خلق الإنسان ضعیفا». سورەتی النساء، ئایەتی (٢٨)

واتە: خـودا دەیەوێـت بەم بەرنـامەو ڕێبـازانە بارتـان سـووک بکـات و کارئاسانیتان بۆ بکات، چونکە ئادەمیزاد بەلاوازی دروستکراوەو لە بەرانبەر ئارەزووەکانیدا خۆڕاگر نییە.

«أینما تکونوا یدرککم الموت ولو کنتم فی بروج مشیدة». سورەتی النساء، ئایەتی (٧٨)

واتە: دڵنیابن لەهەرکوێیەک بن مردن یەخەتان پێدەگرێت، با لەناو چەندەها قەڵاو شوێنی سەخت و قایمیشدابن.

### ٣. خوا بۆخۆی دروستکەرو بەدیهێنەری شتەکانە:

«هـو اللـه الخـالق البـاريء المصـور، لـه الأسـماء الحسـنی، یسـبح لـه مـافی السموات والأرض وهو العزیز الحکیم». سورەتی الحشر، ئایەتی (٢٤)

واتە: هەر ئەو خـودایە بەدیهێـنەرو دروسـتکارە لە نەبـوون، هەرچـی بـوێ بەدیدەهێنێت، نەخشەسـازو وێنەکێشـەرە، نـاوە پیرۆزو جوانەکـان هەمـووی شایسـتەی ئەون، هەرچـی لە ئاسـمانەکان و زەویـدا هەیە ستاییشـی ئەو دەکەن، بەڕاستی ئەو زاتە خودایەکی باڵادەست و دانایە.

«هو الذی یصـورکم فی الارحـام کیف یشـاء، لا إلـه إلا هـو العزیـز الحکیم». سورەتی ال عمران، ئایەتی (٦)

واتە: ئەو خودایە زاتێکە چۆن بیەوێت نەخشەی ڕوخسارتان لە منداڵدانەکاندا دەکێشـێت، هـیچ پەرسـتراوێکی بەڕاسـت نییە، جـگە لەو خـودایەو ئەو زاتە باڵادەست و داناو کاربەجێیە.

### ٤. جوانی و ڕازاندنەوە بابەتی هونەرین:

«ولکم فیها جمال حین تریحـون و حین تسـرحون». سـورەتی النحل، ئایەتی (٦)

واتە: کاتێـک ماڵاتەکانتـان لە ئێوارانـدا بەتێـری و شـیرەوە دەهێنـنەوە، لەبەرەبەیانەکانیشدا، کە لە ماڵ دەریاندەکەن دیمەنێکی جوانتان بۆ دەنوێنن، دەروونی ئیماندار دەخرۆشێنن، بەجیاوازی شێوازو قەبارەو دەنگ و ڕەنگ و یاری و گەمەیان.

«قل من حرم زينه الله التى أخرج لعباده والطيبات من الرزق». سورەتی الاعراف، ئایەتی (٣٢)
واتە: ئەی پێغەمبەر(د.خ) پێیان بڵێ: ئەوە کێیە پۆشاک و ڕازاندنەوەو جوانییە خوداییەکانی لە بەندەکانی حەرامکردووە، کە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدیهێناون؟ هەروەها ئەوە کێیە ڕزق و ‹ڕۆز›یە چاک و پاکەکانی حەرامکردووە؟ بەو خەڵکە بڵێ هەموو ئەوشتانە بۆ ئیماندارانە لەژیانی دنیادا.
«یا بنی ادم خذوا زینتکم عند کل مسجد». سورەتی الاعراف، ئایەتی (٣١)
واتە: ئەی نەوەی ئادەم بە پۆشاک لەبەرکردن لەکاتی هەموو نوێژو چونە ناو مزگەوتێکدا خۆتان بڕازێننەوە.

### ٥. جەختکردنەوەو هاندان بۆ زانست:

«وقل ربي زدني علما». سورەتی طه، ئایەتی (١١٤)
واتە: خودای گەورە زۆر پایەبەرزو بڵندەو پاشای بەهەق و ڕاستەقینەیە، ئەی محەمەد نەکەی لەخوێندنی قورئاندا پەلە بکەیت لەپێش ئەوەی وەحی و نیگای ئەو قورئانەی تەواو بێت بۆلای تۆ، چونکە ئێمە نایەڵین فەرامۆشی بکەیت، نزا بکە: «بڵێ، خودا زانست و زانیاریم زیاد بکە».
«یرفع الله الذین امنوا منکم والذین أتوا العلم درجات». سورەتی المجادله، ئایەتی (١١)
کۆی ئەم ئایەتە واتاکەی بریتییە لە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێک لە دانیشتن و کۆبونەوەکاندا پێتاندەگوترێت، ڕێبدەن بە کەسانی ترو ئەڵقەی دانیشتنەکە فراوان بکەن، ئەوە ئێوەش فراوانی بکەن، ئەگەر ئێوەش واتان کرد، خوداش پاداشتی فراوانتان پێدەبەخشێت، کاتێکیش پێتاندەگوترێت هەستن و جێگە چۆڵ بکەن بۆ ڕیشسپی و گەورەکانتان جێگە چۆڵبکەن، جا ئەگەر واتان کردا! «خودای گەورە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە لە ئێوەو ئەوانەشتان زانست و زانیاریان پێدراوە، چەندەها پلەو پایە بەرزیان دەکاتەوە»، خوداش بەئاگایە بەو کارو کردەوانەی، کە ئەنجامی دەدەن.
«وقدرة منازل لتعلموا عدد السنین و الحساب». سورەتی یونس، ئایەتی (٥)
کۆی ئەم ئایەتە واتاکەی بریتییە لە: خودا ئەو زاتەیە، کە خۆری کردووە بەسەرچاوەی تیشک و ڕووناکییەکی پرشنگدار، مانگیشی کردووە

بە سەرچاوەی ڕووناکی، جێگەی هەڵهاتن و ئاوابوونیشی بۆ دیاریکردووە، جگە لەوەی هەرشەوێک بە شێوەیەک خۆی دەنوێنێت، تا بزانن و بیکەنە بنەمای ساڵژمێری حیساب ڕاگرتن، خودای گەورە ئەوەی بەبێ مەبەست دروست نەکردووە، بەڵکو هەموو لەسەر بنچینەی هەق و ڕاستی بەدیهێناوە، بەو شێوەیە ئەو زاتە ئایەت و بەڵگەو موعجیزەکانی ڕووندەکاتەوە بۆ کەسانێک، کە بیانزانن و تێبگەن.

«قل أنظروا ماذا فی السموات والارض». سورەتی یونس، ئایەتی (١٠١)
واتە: پێیان بڵێ تەماشابکەن و سەرنج بدەن، خودا چی دروستکردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا؟ کەچی بەڵگەو نیشانەو ئاگادارییەکان سوودیان نییە بۆ ئەو کەسانەی، کە باوەڕناهێنن و ڕێبازی ئیمان ناگرنە بەر.

### ٦. جەختکردنەوەو هاندان بۆ کارکردن:

«وقل اعملوا فسیری اللە عملکم ورسولە والمؤمنون». سورەتی التوبە، ئایەتی (١٠٥)

کۆی ئەم ئایەتە واتاکەی بریتییە لە: بەو خەڵکە بڵێ: ئێوە هەرچی دەتوانن لە کاروکردەوە ئەنجامی بدەن، چونکە خودا کاروکردەوەکانتان دەبینێت و ئاگادارە بە نهێنی و ئاشکرایی، هەروەها پێغەمبەرەکەشی ئاگادار دەکات کاتێک لەژیاندایە، دوای کۆچی دواییشی بۆ خودای گەورە ئاسانە، کە نیشانی بدات.

هەروەها ئیماندارانیش پاشماوەو دەرئەنجامی دەبینن، پاشان دەگەڕێندرێنەوە بۆلای ئەو خودایەی، کە زانایە بە نهێنی و ئاشکرا، ئەوسا ئاگادارتان دەکات لەهەموو ئەو کارو کردەوانەی، کە ئەنجامی دەدەن.

«فإذا قضیت الصلاة فانتشروا فی الارض وابتغوا من فضل اللە». سورەتی الجمعة، ئایەتی ١٠
واتە: جا کاتێک نوێژ تەواوبوو، ئەوا بڵاوببنەوە بە زەویداو بەتەمای بەخششی خودا هەوڵ و کۆشش بکەن، یادی خودا زۆر بکەن لەهەموو چالاکییەکانی ژیاندا لەسەر زارو لەناو دڵتاندا بێت بۆ ئەوەی سەرفرازی هەمیشەیی بەدەستبهێنن.

کەواتە، ئەگەر بەپێی ئەم ئایەتانەبێت، کە بەنموونە هێنامانەوە، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خودا چەند کارێک دەکات، یان خاوەنی چەند

کـارێکە، لەوانەش: بەدیهێـنەرو دروسـتکەرو جوانـنـاس لەلایەک و لەلایەکـی تریشـەوە بەنـدەکانی ئاڕاسـتە دەکـات و پاشـان لێشـیان دەپێچێـتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم وانەیە جێگەی لەسەر وەستانبێت ئەوەیە، کە خودا خۆی وەک هونەرمەندێکی مەزن و جوانناس پیشـان دەدات و لەهەمانکاتیشـدا کەس لەو باشتر نەبووەو نییە. واتە لەچەندین ئایەتدا باسی دەستڕەنگینی و وەستایی و جوانناسـی خـۆی دەکـات و بەندەکانیشـی دڵنیادەکـاتەوە، کە ئەو باشـترین هونەرمەنـدی گەردوونە. بۆنمـوونە: «لقد خلقنـا الانسـان فـی احسـن تقویم» مرۆڤمان بە باشترین شێوە دروستکرد، «ولقد خلقنا السماوات والارض وما بینهما في ستة أيام وما مسنا من لغوب» زەوی و ئاسمانمان دروستکرد، «يا ايها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا» ئەی خەڵکینە ئێوەمان لە نێرو مێ دروستکرد. ئەوانەو چەندین نموونەی تر، کە ئێسـتە لەبەردەسـتدان، وشـەی «خلقنـا» زۆر واتـادارو مەبەسـتدارەو «خـوا» خـۆی، وەک دروسـتکەر پیشـاندەدات، بەڵام چ دروسـتکەرێک، جـوانترین و پـاکترین و نـازدارترین و باشـترینەکان، لەهەمووشـی گرنگتـر پەیام بۆ پێغەمبەرەکەی(د.خ) دەنێرت و پێی ڕادەگەیەنێت، کە ئەوە کێیە ئەو جوانی و نازدارییەی، کە ئەو بە بەندەکانی خۆی بەخشیوە، ئەوانیش لێیانی حەرام دەکەن؟ بەواتایەکی تر ڕاستەوخۆ داوا لە پێغەمبەر(د.خ) دەکات و پێی دەڵێت: «قل من حرم زينه الله التى أخرج لعباده والطيبات من الرزق»، واتە: ئەی پێغەمـبەر(د.خ) پێیـان بڵـێ: ئەوە کێیە پۆشـاک و ڕازانـدنەوەو جـوانییە خوداییەکـانی لە بەنـدەکانی حەرامکـردووە، کە لە بنەڕەتـدا خـۆی بـۆی بەدیهێنـاون؟ هەروەهـا ئەوە کێـیە ڕزق و ڕۆزیە چـاک و پاکەکـانی حەرامکـردووە؟ بەو خەڵـکە بڵـێ هەمـوو ئەوشـتانە بـۆ ئیمانـدارانە لەژیـانی دنیادا.

کەواتە لە قورئـانی پیـرۆزدا بەهـیچ شـێوەیەک بـاس لە ڕەتکـردنەوەی کـاری هـونەری نەکراوە، هەروەک چۆن ڕاڤەکارانی سـورەتەکانی قورئـان و فەرمودەکـان دەڵـێن تەنهـا کـاری نیگارکێشـان و پەیکەرتاشـی ئەگەر بـۆ مەبەسـتی پەرسـتن بێـت حەرامە، بەڵام ئەگەر بـۆ زانسـت و زانیـاری و ڕازاندنەوەبێت کارێکی ئاساییە. بۆیە جارێکی تر خودا لە قورئاندا دڵنیامان دەکاتەوە، کە پێویستە بەهیچ شێوەیەک شتەباش و چاکەکان حەرامنەکەن و

سوکایەتیش بەکەس مەکەن، چونکە خوا سووکایەتی کەرانی خۆش ناوێت.

«یا ایها الذین امنوا لا تحرموا طیبات ما أحل الله لکم ولا تعتدوا ان الله لا یحب المعتدین»، ‹تەبەری› ڕاڤەکاری بەناوبانگی عەرەبی لەبارەی وشەی «طیبات»ەوە دەڵێت، خودا مەبەستی شتی تامخۆش و جوان و سەرنجڕاکێشە. (واتە هەرشتێک دڵ بیخوازێت). ئەمەو چەندان نموونەی تر...

کەواتە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفیشەوە ڕاڤەکاران پێیان وایە، کە پێویستە ئەقڵ و ڕاستی بەکاربهێنرێن، ئەگەر لە ڕوانگەی سۆفیگەریشەوە لێی بڕوانرێت ئەوا هەمیشە ئەم تێزە خاوەنی کۆمەڵێک چەمک و باوەڕی هێندە پاک و جوانە، تا ئاستی لێکنزیکبوونەوە لە خودا. هەروەها نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت، کە چەمکی سۆفیزمی ئیسلامی جیایە لە هەموو ئەوچەمکانەی لە باوەڕ، یان ئایینەکانی تردا هەیە، چونکە ئەم چەمکە لە ئیسلامدا مەبەستییەتی لەخوا نزیکبێتەوەو پاشان پێی بگات، هەروەها پێشی وایە، کە خوا سەرچاوەیەکی هەمیشەیی هەموو جوانی و خۆشەویستییەکە... جوانی ڕەهاو خۆشەویستی ڕەها هەر ئەوە... کاتێک مرۆڤ لە ڕۆحی خودا نزیک دەبێتەوە، دەتوانێ جوانی جیهانی مەتریالی فەرامۆش بکات و بگات بە جوانی خواوەندی و لەزەت و خۆشییەک بەدەست بێنێ، کە لەسەرووی هەموو لەزەت و خۆشییەکی دیکەوەیە. هەر لەبەرئەوەشە سۆفیزمی ئیسلامی لەسەر دووبنەما دروست بووە، کە بریتین لە:

## ترس و خۆشەویستی

«**ترس**» سەرچاوەیەکی غەیبی ئایینی هەیە... ترس لە مردن، لە دۆزەخ، لە سزاو حیسابی ڕۆژی حەشر... کەواتە مادام مردن هەیە، دنیا هیچ و بێبایەخە... گرنگ جیهانی دووەمەو لێرەدا مردن دەبێتە مۆتەکەیەک هەموو دەمێ چۆکی لەسەر سنگی مرۆڤ دادەکوتێ و لە هەموو لەحزەیەکدا هەڕەشەی نەمانی لێدەکات.

بەڵام «**خۆشەویستی**» ئەو ڕاڕایی و دوودڵی و بێئارامیەی لە ترس سەرچاوە دەگرێت... خۆشەویستییە... بۆیە سۆفییەکان هەوڵدەدەن گری «ترس» بە بیری «خۆشەویستی» دامرکێننەوەو خۆشەویستی بکەنە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە جوانی خودایی. لەبەرئەوە خۆشەویستی

سۆفیگەریانە دەروازەیەکە بۆ جیهانی ڕۆح، جیهانی ڕۆحیش پەیوەندی بە لۆژیکی ئەقڵ و زانستییەوە نییە، ژێر دەستی یاسا دەستوریەکانی ئادەمیزاد نییەو بە تەرازووی ئەقڵ ناکێشرێت.

بۆیە هەر لەو دیدە فەلسەفییەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەمیشە پیاوی موسوڵمان بەدوای جوانی و پاکی و بێگەردیدا گەڕاوە، بەڵام هەندێکجار بۆ مەرامی سیاسی و بەدەستهێنانی دەسەڵات و پلەو پایە، جا ئەو دەسەڵات و پلەو پایە لەناو دەسەڵاتدا بووبێت، یان لەناوکۆمەڵگەدا، مرۆڤەکان بەدڵی خۆیان و بەویستی خۆیان ڕاڤەی جیاوازیان بۆ فەرموودەکانی خوداو پێغەمبەرەکەی کردووە. بۆ نموونە نووسەرو لێکۆڵەری کورد «بلند حەیدەری» لە توێژینەوەیەکدا بەناوی «الإسلام و تحریم التصویر»، کە لەساڵی (١٩٩٠) لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، ئەو پێی وایە، کە ئیسلام بەدەست ئەو ڕاڤەکارانەوە دەناڵێنێت، کە بوونەتە بەڵا بەسەر ئەم ئایینەوە.

هەروەها «حەیدەری» لەڕوانگەیەکی جوانناسیشەوە لەو گۆشەنیگایەوە لێی دەڕوانێت و دەڵێت: سروش وەرگرتن لە هەستێکی جوانناسی ئەو کەرەستەو شمەکە بەردەستانەیە، کە هەموویان پێکەوە هەوێنی دروستکردنی شتێکی جوانی بەرجەستەو پاشان چێژ لێوەرگرتنییەتی لەڕێگەی نەستەوە، بۆیە پێویستە سەردەمیانە لە دەوروبەرمان بڕوانین و بەپێی کات و شوێنەکە ڕاڤەو شرۆڤە بۆ شتە جوان و بەرجەستەکان بکەین. «حەیدەری» لەسەر نووسینەکەی بەردەوامدەبێت و دەڵێت: باشترین نموونەی هونەری جوانی ئیسلامی خەتەکەیەتی، کە پڕییەتی لە



نمونەیەکی ڕازاندنەوەی خەتی کوفی

نهێنی جووڵەو سەمای جۆراوجۆر، لەهەمانکاتیشدا هاوشێوەیی لەنێوان ‹واتای جوان› و ‹شێوەی جوان›دا دروست دەکات، هەروەک ‹ئیمامی عەلی›(ر.ض) دەڵێت: «الخط الحسن یزید الحق وضوحا»، واتە، خەتی جوان

زیاتر ڕاستی ڕووندەکاتەوە. لێرەدا جوانی لەشێوەدا ڕوونتر دەبێتەوە. شایەنی باسە، جوانناسی شتێکی باوی خۆشنووسییە، ئەگەر لە خەتی چینیش بڕوانین ئەوا بێگومان نەرمونیانی و ناسکی و ڕێکپۆشی تێدا دەبینین بەهەمان خەتی عەرەبی.

هەروەها پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، کە عەرەب لە سەرەتای سەدەی هەشتەمەوە ئاشنایەتی لەگەڵ کاخەزدا پەیداکردووەو بۆ وێنەکێشان و نووسین بەکاریهێناوە، ئەم قۆناخەش بە قۆناخی جوانناسی لەڕووی وردەکاری و جوانییەوە ناسراوەو لەسەردەستی هونەرمەندانی قوتابخانەی «بەغدادی» گەشەیکردووەو لەنێوان سالانی (١١٥٠، تا ١٤٠٠) زایینی بەردەوامبووە.

بەپێی توێژینەوەکەی «بلند حەیدەری»ش بێت، هونەرمەندی موسوڵمان خاوەندارییەتی خۆیی نەبووە، واتە نەیتوانیوە گوزارشت لە شتەخۆییەکانی بکات، بەڵکو لەڕێگەی کەسانی کیمیاگەرو زیندەزان و جوگرافیناس و گەردوونناس و پزیشک و ئەدیبانەوە ڕاسپێردراوە، تا کارێک لەسەر داخوازی ئەوان سازو ئامادە بکات، بەپێی ویستی داواکارەکە. (وەک لەم وێنەیەدا دیارە نیگاری دەرمانسازێکی موسوڵمان کێشراوە).



نموونەیەك لە وێنەی ڕوونکاری دەرمانسازێکی موسوڵمان

هەروەها پرۆفیسۆر «ت. ئەرنۆڵد» پشتیوانی ئەم بۆچوونە دەکات و دەڵێت: کەسەکان سەیری دەوروپشتیان دەکەن بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی تایبەت بەتاوگیری لە ڕوویاندا ببینرێت، جا ئەوکەسانە کرِیار بن، یان گەداو



وێنەی شەڕێکی دەستەویەخە لە سەردەمی مەملوکەکاندا

پاشاو باڵادەست، سەرباز، یان جوتیار، لەوێنەکاندا سەربازەکان دەکوژن بێ ئەوەی هیچ هەستێک دەرببڕن، هەروەک ئەوەی نەبایان دیبێت، نەباران. (وەک لەم وێنەیەدا دیارە دووجەنگاوەری سەردەمی مەملوکەکان شەڕێکی دەستەویەخە دەکەن).

بۆیە توێژەر «بلند حەیدەری» لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە یاسای حەرامکردنی نیگارکێشان وایکرد هونەری ڕازاندنەوە گەشە بکات و هەروەک «شارڵ بۆدلێر»یش لەبارەی ڕازاندنەوەی ئیسلامییەوە، پێی وایە، کە «جوانترین شێوەکانی ڕۆحانییەتە»، هەر لەبەر ئەوەشە خەتی عەرەبی بەیەکێک لە جوانترین هونەرەکانی هێڵکاری عەرەبی دادەنرێت، هەروەک «ڕیتشارد ئیتنگهازن» لە کتێبی «هونەری نیگارکێشان لەلای عەرەب» بەڕوونی ئەوە دەنووسێت، کە ئەوە ڕووندەکاتەوە، هۆکاری ونبوونی هونەری نیگارکێشان لەلای هونەرمەندە ئیسلامییەکان چی بووەو بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەو پێی وایە کە: هۆکاری داکەوتنی هونەری نیگارکێشان ئەوەبوو، کە ئاڕاستەیەکی دژە وێنە دروستببوو لەو وڵاتانەی بە

عەرەبی دەدوان و ئیدی دواتر خۆیان هونەرەکەیان فەرامۆشکرد، ئەمەش بۆ ئەوسەردەمە ستەمکارییە دەگەڕێتەوە، کە لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندابوون، ئەم دوو هۆکارەش بووە هۆی ئەوەی، کە بەیەکجاری هونەری نیگارکێشانی عەرەبی لەناوبچێت.

**بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، ئیسلام هونەری نیگارکێشانی حەرام نەکرد، بەڵکو ئەوە موسوڵمانان خۆیان بوون، کە ئەم هونەرەیان لەخۆیان حەرامکردو تا ئێستەش ڕەوتێکی توند هەن، کە ئەم هونەرەیان پێ قبوڵ ناکرێت و ڕەتی دەکەنەوە.**

خودای گەورە لە سورەتی «قیسەس» لە ئایەتی ژمارە (٧٧)دا دەفەرمویێت: «وابتغ فیما اتاکم الله الدار الاخرة ولا تنس نصیبکم من الدنیا». واتە: هەوڵبدە بەو ماڵ و سامانەی، کە خودا پێی بەخشیوی ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکڕەو بەشی خۆشت لە دنیادا بە حەلاڵی فەرامۆش مەکە. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە خودای گەورە لەو دنیاو لەم دنیاشدا بەندەکانی فەرامۆش نەکردووەو هەمیشە ئەوانی لەبیربووە، بۆیە هەروەک «تەبەری» ڕاڤەکاری بەناوبانگی عەرەبی پێی وایە، کە ‹خودا بەدەنگێکی زوڵاڵ و ڕوون پێیان دەڵێت بەشی خۆتان لەو دنیا بکڕن و لەم دنیاش چانس و بەختی خۆتان فەرامۆش مەکەن›. ئیدی لێرەوە ئەوە لە هەندێک ڕووخساری بیروباوەڕی


ژنێکی کەمانچە ژەنی موسوڵمان

ئیسلامیدا دەردەکەوێت و هەمیشە، وەک یەکێک لەبنەماکانی خۆژیانی و جوانناسی دەردەکەوێت. (وەک لەم وێنەیەدا دیارە موسوڵمانان لەژیانی خۆش دوورنەکەوتوونەتەوەو خوای خۆشیان فەرامۆش نەکردووە).

بـۆیە لێـرەدا هەنـدێک لەو ڕووخسـاره دەگمەنـانەی هـونەری ئیسـلامی پێدەناسرێنەوە دەخەینە ڕوو:

## سەرپێچی سروشتگەرایی

سـەرپێچیکردنی سروشـت بەشـێک نییە لە لاسـاییکردنەوەی ناوەرۆکی سروشـت. واتە لە هەرێـمە عەرەبییەکـانی پـێش هـاتنی ئیسـلام، ئەم جـۆرە ڕەوتە بـاوبووە، کە کـۆپی سروشـت بـکەنەوە، بەڵام بە ویسـت و تێڕوانینـی خۆیـان، نەک لەبەرگرتنەوەیەکـی کـت ومـت وەکـو خـۆی. هەروەک دکتـۆر «بەشـر فـارس» دەڵێـت: دەرچـوونی نیگارکێشـانی مـرۆڤ لەسـەر بنەمـای ئیسـلامی، ئەوە دەگەیەنێـت، کە نابێـت ئەو شـکۆو مەزنیەی مـرۆڤ لەکەدار بکرێـت، هەروەک چـۆن لە تێـڕوانین و تێـزو تیۆرەکـانی فەیلەسـوفەکانی یۆنـانی کـۆن و خەڵکـانی هـونەرو ئەدەبدۆسـت لە سـەردەمی بوژانەوە لە «ئیتاڵیا» شوێنگەی مرۆڤیان زۆر بە مەزنـی و شـکۆداری هێشـتۆتەوەو لە وێـنەو پەیکەرەکانیشـیاندا شـکۆی مرۆڤیـان بەرز نرخاندووە، ئیدی هەموو پێوەرێک ڕەچاودەکراو هیچ شتێک فەرامۆش نەدەکرا.



پەیکەری موسا ـ مایکل ئەنجیلۆ

بۆنمـوونە لەسـاڵی (١٥١٦) کاتێـک هونەرمەندی مەزنی ئیتاڵی «مایکل ئەنجیلۆ» پەیکەرە ناودارەکەی «موسـا» تەواو دەکات و پاشـان لەسـەرگۆڕی پاپا «یۆلیۆسـی دووەم» لە کەنیسـەی «قەدیـس پـوترس» دادەنرێـت، ئەم پەیـکەرە بەیەکێـک لەشـاکارەکانی ئەم هونەرمەندە دەژمێردرێت و لەسەر بنەمای «مرۆڤ چەقی هەموو شتەکانە» دروستی دەکات، تا لەدوای تەواوکردنیشیدا «مایکل ئەنجیلۆ» بە پێکەنینەوە ڕوو لە پەیکەری ‹موسا› دەکات و پێی دەڵێت: «فەرموو قسە بکە». ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هونەر لەوکاتەدا گەیشتۆتە لوتکەو لە پێش ڕێنسانس و لەدوای ڕێنسانسیش بەشێک لە هونەرمەندان لەسەر ڕێبازی کلاسیک هەر بەردەوامبوون و چەندین هونەرمەندیش لەسەر ئەو بنەمایە کاریان کردووە، لەوانەش ‹جیۆتۆ›و ‹ڕافائیل› و ‹لیۆناردۆ داڤنشی›.

هەر لەو ڕوانگەیەوە ‹ڤیت›، دەڵێت: لەسەروبەندی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامدا هونەری ئیسلامی بەشێوەیەکی ساکار دەرکەوت و لەبنەڕەتدا گرنگی بە گواستنەوەی ژیانی ڕۆژانە نەدەدا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی شێوە زیندووەکانی لە سروشتدا ڕووتدەکردەوەو تەنها هێڵکاری ئەندازەیی لێدەهێشتنەوە، واتە بەشێوەی هێڵی ئەندازەیی گوزارشتی لێ دەکرد.

هونەرمەندی موسوڵمان هەوڵیدەدا بچێتە ناو سروشت و پێکهاتە سەرەتاییەکانی لێکهەڵوەشێنێت و دواتر ئەم پێکهاتانە لەشێوەیەکی جوان و تەڕو پاراودا دابڕێژێتەوە، ئەو نەیویستووە کتومت سروشت، وەک خۆی لاسایی بکاتەوە، چونکە ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبووە، ئەگەر لە هونەری ئیسلامی بڕوانرێت، ئەوا بێگومان ئەم هونەرە زۆر لە جووڵەی هونەری هاوچەرخ دەچێت، وەک جووڵانەوەی هونەری ‹کوبیزم›[1]، کە شێوەو هێڵەکانیان ڕێکدەخستەوەو بە شێوەیەکی ئەندازەیی ڕیتمی سروشتیان شیدەکردەوەو جارێکی تر لە بۆتەیەکی ئەندازەییدا دایاندەڕشتەوە. بۆنموونە لە پێشەنگەکانی هونەری ‹کوبیزم›، «بڕاک» و «پیکاسۆ»، کە وێنەیان لە شێوە دادەماڵی و شێوەیەکی نوێی ڕووتەڵەکیان لەڕێگەی ڕەنگ و هێڵەوە بە سادەو ساکاری دەردەخست. هەروەها «هێنری ماتیس» زۆر کاریگەربوو بە هونەری عەرەبی لە «مەڕاکیش». لەهەمانکاتیشدا لەژێرکاریگەری هونەری یابانیدا بوو.



نموونەیەك لە هونەری ڕازاندنەوەی کۆڵدراوی ئیسلامی

لێرەدا جیاوازی لەنێوان هونەرمەندی موسوڵمان و هونەرمەندی هاوچەرخ ئەوەیە، کە هونەرمەندی موسوڵمان گەرموگوڕی و کاریگەرییە

---

[1] کوبیزم Cubism تازەترین ڕێڕەوی هونەری بوو لە هونەری نوێداو لە ساڵی (١٩٠٨)دا سەری هەڵدا، تا ساڵی (١٩١٠)، لە کاردانەوەی قوتابخانەی ‹ئیمپریسیونیزم› Impressionism بوو. کوبیزم واتای شیتەڵکردنی کارە هونەرییەکانەو دووبارە پێکهێنانەوەی بە جۆرێکە، کە بەگران لە جاری دووەمدا دەناسرێتەوە. هەروەها پەیوەندی بە نیشاندان و دەرخستنی شێوەکانەوە هەیەو خۆشم ناوملێناوە ‹ئاوێنەی شکاو›. لە باشترین هونەرمەندەکانی: پیکاسۆ، بڕاک، خوان گریس، لیجێ. (نووسەر)

هونەرییەکانی خۆی هەستپێکردووەو ویستویەتی لەڕێگەی سروشتەوە ناخی خۆی پێدەرببڕێت، بەڵام هونەرمەندی هاوچەرخ لە ڕێگەی فەلسەفەیەکی ئەقڵی ژیربێژیەوە گوزارشت دەکات. واتە ئەو هزرو بیرو هۆش دەخاتە خزمەت کارێکی هونەریەوەو زیاتر لە دیدێکی ئەقڵگەراییەوە لەکارەکەی دەڕوانێت، نەک چ دەبینێت ئەوە دروستبکات! هونەرمەندی موسوڵمان کارەکان بەشێوەیەکی ناسک و تەروپاراو دادەڕێژێتەوە، بەڵام هونەرمەندی هاوچەرخ شێوەکان دەشێوێنێت و ڕووتیاندەکاتەوە لە شێوەی بینراوی لاسایکراوەدا. واتە پشت بە هونەری ‹ڕووتەڵەک›[۲] دەبەستێت لەکاتی کارکردندا، بە پێچەوانەی ئەم کارە هونەرمەندی موسوڵمان هەوڵدەدات هەموو هێڵ و شێوەکان بە جوانی دەرکەون و ڕیتمێکی ئەندازیاری جوانی پێوەدیاربێت و تێکەڵکێشراوی ئاڵۆز، بەڵام ڕێکخراو پیشان دەدات، ئەمەش وا دەکات لە یەکەم بینینەوە یەکسەر هەست بەو تایبەتمەندییە بکرێت و هونەری ئیسلامی پێ بناسرێتەوە.



نموونەی هەندێك نەخشی ڕووتکراوی داماڵدراو لە شێوەی بینراو

## نیگارکێشانی دەگمەن

سەرپێچیکردنی سروشت و لاسایینەکردنەوەی، هونەرمەندی موسڵمان دەگەیەنێتە ئاستی ئەوەی ئارەزوو بکات لەبابەت لابدات و دواتر شێوەی سروشت لەبۆتەیەکی نوێدا دابڕێژێتەوە. بۆیە لێرەدا ئەو پەیوەندییە بەڕوونی دەبینرێت، کە لەنێوان ئەفسانەی میللی و هونەری شێوەکاریدا هەیە، هەر لە چارەسەرکردنی شێوەی گیاندارە ئەفسانەییەکان، هونەرمەند لەوبوارەشدا

[۲] زاراوەی ‹ڕووتەڵەک› لەبری وشەی تەجریدی عەرەبی و Abstract ی ئینگلیزی بەکارهێنراوە، بە پێویستم زانی وشەکە ڕێک بەرانبەر وشە ئینگلیزییەکەبێت و ئەمەش بەواتای ڕووتکردنەوە، یان داماڵینی شت دێت لە شێوە ڕاستەقینەکەی، باشترین زاراوەش بۆ زاراوە ئینگلیزییەکە، ‹ڕووتەڵەک› پەسەندترین بوو. (نووسەر)

پشت بە خەیاڵبازی خۆی دەبەستێت و بەشێوەیەکی زۆر جوان پێکهاتە ئاژەڵییەکان لەسەربنەمای، وەک ئەوەی هەیە ڕێکدەخاتەوە، ئەمەش لەسەر بیرۆکەی ئەم ئایەتە قورئانییە، کە لە سورەتی ‹نەحل› ئایەتی ژمارە (٨) دەروات و دەڵێت: «ویخلق ما لا تعلمون» واتە، خودای گەورە شتێکتان بۆ دروستدەکات، کە ئێوە نایزانن.

## خۆدەربازکردن لە هونەری گەورەکردن و بەشێوەکردنی ڕووبەرز

لەم دۆخەدا هونەرمەندی موسوڵمان هەوڵیداوە شتەکان بەقەبارەو دیدو تێڕوانینی خۆی بپێوێت و هەوڵیشیداوە نەکەوێتە داوی هونەری یۆنانی و ڕۆمانی و بیزەنتینی...

هەروەها ویستویەتی هونەرێکی تەواو ڕۆژهەڵاتی بێت، نەک ڕۆژئاوایی، بۆ سەلماندنی ئەم وتانەش نەخشونیگارو کاری هونەری زۆر لەبەردەستدان، هەر لە هونەری مەڕاکیشی و شامی و یەمەنی و میسری... کەواتە هونەری بەرهەمهێنراوی ئیسلامی زیاتر لە کەلتوورو فەرهەنگی میللەتانی موسوڵمانبوو نزیکترەو ئاوێنەی میللەتەکان خۆیانەو هیچ پەیوەندیەکی بە هونەری ڕۆژئاواوە نییە.

هەروەها تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە هونەری ئیسلامی وردە لە هونەری بەشێوەکردن دورکەوتۆتەوەو ئەمەش بەڕوونی بەکارەکانەوە دیارن، چونکە ئامانجی دەرخستنی ڕووگەی سێ ڕوویی لەشێوەکاندا نەبووە، لەبەرئەوەی پێیوابووە ئەوە داهێنراوی ڕۆژئاوایە، بەڵام لەم بۆچوونەیدا هونەرمەندی موسوڵمان هەڵەیکردووە، چونکە ئاشوورییەکان زۆر پێش



گای باڵداری ئاشوری – لاماسۆ

ڕۆژئاواییەکان وێنەی سێڕوویان دروستکردووە، باشترین نموونەش

پەیکەری گای باڵدارەکەیانە، ئەم گایە خاوەنی پێنج قاچە، بەڵام ئەگەر لە پێشەوە سەیری دەکەیت چوارقاچەو ئەگەر لەتەنیشتیشەوە سەیری دەکەیت هەر چوار قاچە. واتە هونەرمەندی پەیکەرسازی ئاشووری حیسابی بۆ هەموو ڕووەکان کردووەو بەشێوەیەکی تەواو دەریخستووە، تا وایپیشان بدات پەیکەرێکی زۆر تەواوە.

بۆیە لێرەدا هونەرمەندی موسوڵمان لەجیاتی ئەوەی بەدوای کاری ڕوودەرخستنی شێوەکان بێت، هەوڵیداوە لەڕووی ویژدانییەوە خۆی ئاسوودە بکات و ئەم هەستە ویژدانیەش بەڕوونی لە چیرۆکەکانی هەزارویەک شەوە بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، هەروەک لە وێنەکەدا دیارە چۆن دەبینین چیرۆک لەناو چیرۆکدایەو دەرگاکانیش ڕازێنراونەتەوە بە



شەهرەزاد چیرۆکی ژمارە 25ی هەزارویەك شەوە بەناوی (گوڵخونچە) دەخوێنێتەوە

نەخشونیگاری جۆراوجۆری وەک ئەستێرەی یەکتربڕو تێکئاڵاو، کە هەریەکێک لەم نەخشانە تەواوکەری یەکترین و شێوازێکی زۆرجوانی ئاوێتەیی دروستکردووەو پاشان ئەم نەخشونیگارانە درێژکراونەتەوەو لەدەرەوەشدا لق و چڵی زیاتری لێدەبێتەوەو لە کۆتاییشدا شێوەی سێیەم

دروستدەکات، ئەمەش وادەکات بیرۆکە لەدوای بیرۆکە بێت و هەستێکی ئاست بەرزی بیریمان پیشان بدات.

خۆدەربازکردنی هونەرمەندی موسوڵمان لە شێوەی گەورەکراوولاساییکرانەوەو لەهەمانکاتیشدا خۆدزینەوە بووە لە شێوەی ڕووت و ڕووبەرزو هەڵتۆقیوو، بەڵام بۆئەوەی لە ئامانجەکەی نزیکبێتەوە، بێگومان ویستوویەتی بابەتی جوانکاری بهێنێتەپێش و ڕازاندنەوە بکاتە بابەتی سەرەکی، چونکە ئەو پێیوابووە ئەوانی تر پوچ و بێمانان.

بەڵام مەرج نییە ئەم بۆچوونەی دکتۆر ‹بەشر فارس› تەواو بچەسپێنرێت بەسەر هونەرمەندی موسوڵماندا، چونکە ئەگەر تەماشایەکی هونەری مینیاتۆری ئیلامی بکرێت زۆر پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیەو ئەو بەڵگانەی لەبەردەستیشدان شتێکی تر دەڵێن. جا لەسەردەمی فاتیمییەکان، یان ئەیوبییەکان، یان لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بووبێت، زۆرێک لەو وێنە مینیاتۆرییانەی وەک پاشماوەی دێرین ماونەتەوەو کۆمەڵێک بابەتی سەرنجڕاکێش پیشان دەدەن، وەک: سەمای ئاهەنگ و بۆنەکان بە جلی تەنکەوە، مەلەکردن و خۆشۆردن لە کانیدا، فرۆشتنی کۆیلەکان بە ڕووتی.

بۆیە لێرەدا هونەرمەندی موسوڵمان هەمیشە، وەک پیشەی خۆی هەوڵیداوە زیاتر خۆی لە هەڵکۆڵیندا بدۆزێتەوەو کەمتر هەوڵیداوە شێوەی ڕووبەرز پیشان بدات.

لێرەدا ئەوە دەرکەوت بەر لەهاتنی ئیسلامیش هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی زۆر بەوردی کاری لەسەر کۆڵینی تەختەو کەرەستەو شمەکی جیاواز کردووە، هونەری ساسانی و ئەخمینی و ئاشووری باشترین نموونەی بەرجەستەن، کە تا ئێستە پێمان گەیشتبێت.

هەرچەندە ئامانجی هونەرمەندی موسوڵمان لەگەیشتن بەو شێوازە هونەرییە، بریتیی بووە لە گەیشتن بە هونەری سۆفیگەری. واتە پاکی و بێگەردی و نەرموونیانی و درەوشاوەیی، جا لێرەدا هەڵیداوە بگاتە بنجوبناوانی ئاستە جوانناسییە بەرزەکە لەڕێگەی هەستێکی سۆفیگەرییەوە. زۆرێک لە هونەرمەندانی ڕۆژئاواش هەوڵیانداوە بەم شێوەیە کار بکەن، بەتایبەت لە سەردەمی باڕۆک و ڕۆکۆکۆداو سەرکەوتووش بوون و کۆشک و تەلارە شاهانەییەکانی فەڕەنساو ڤێنیسیا باشترین نموونەی ئەو کارانەن.

هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە کاری لەسەر ڕووناکی کردووە، واتە ڕەنگە گەش و ئاڵ و واڵاکانی لە پێشەنگیدا هێشتۆتەوەو گرنگی بە ڕەنگە ساردەکان داوە لەناو ڕەنگە گەرمەکاندا. هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگی ئاڵتونی لە ڕووپۆشکردنی گڵێنەو کەرەستەو شمەکە جوانکارییەکاندا، هاوشانی بەکارهێنانی نەخشونیگاری وردو نەرمونیان، ئەمەش بەمەبەستی گەیشتن بە لوتکەی جوانی.

هەروەها هونەرمەندی موسوڵمان هەمیشە، وەک نەریتی خۆی هەوڵیداوە، وەک لە وێنەکەدا دیارە وێنەی ئاژەڵ و باڵندەکان لە تۆڕێکی یەکلەدوایەکی ڕازاندنەوەی گژوگیایی و ئەندازەیی و ئاژەڵیدا وەربپێچێت و جەستەی ئەم ئاژەڵانە لە بۆتەیەکی هێڵکاری ڕووتدا بتوێنێتەوە. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە هونەرەش شێوازێکی داهێنەرانەی خەیاڵبازی وەردبینانە بووە بۆ کاری هونەرکاری نوێ، کە بە ئاشکرا لەسەردەمی فاتیمییەکاندا ئەمجۆرە نەخشونیگارە باوبووەو لەگەڵیشیدا هەندێکجار پیتی عەرەبیشی لەناوئاخندا بۆ دادەنراو تێکەڵی کارە ڕازاندنەوەییەکە دەکرا.



نەخشی ڕازاندنەوەی ئاژەڵی و گیایی و ئەندازەیی لەسەر فەرشێکی ئیسلامی

بەکارهێنانی بریسکەی کانزایی و تواندنەوەی لەسەر کارە گڵێنەکارییەکاندا، جۆرێک لەجوانی و ڕێکپۆشی بە ڕووگەی سوراحییەکان دەدا، چونکە بریسکەو بۆیەی ئاڵتونی تایبەتمەندییەکی زۆر جوانی هەیەو گەشاوەو هێزێکی خانەدانانە دەدات بەکارە هونەرییەکەو سەرنجی بینەر، یان بەکارهێنەر بەتوندی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا

هەمــوو ئەو ڕەنگـانەی لەکـاری ڕووپۆشـکردندا بەکـارهێنراون، زۆربەیـان بۆیەی سروشتی بوون، بەڵام بەکارهێنانی بۆیەی ئاڵتونی، وەک لە وێنەکەدا دیـارە بەوە جیـادەکرێتەوە لە ڕەنگەکـانی تــر، کە ئەو ڕەنــگە لەسروشــتدا هەرگیز نابینرێت.



شوشەی تورکی پڕ نەخشونیگاری ڕازاوەی ڕەنگ ئاڵتونی

هەروەهــا هونەرمەنــدی موســـولْمان لە هونەرکـــاری گڵێنەکاریشدا، جا کۆڵدراو، یان ڕووبەرز بووبێـــت، هەرگیـــز زیادەڕەوی نەکردووە لە کۆڵین و هەڵتۆقین لە کارەکەیدا، بۆیە لێـــــرەدا دەتوانرێـــــت ئەم تایبەتمەنــدییە بەســەر زۆربەی نــاوچە ئیســلامییەکانی ژێــر دەسەلاتی ئەم فەرمانڕەواییانەدا بچەســپێنرێت. لەهەمانکاتیشــدا هەمـــــوو ئەو کەرەســـــتەو شــمەکانەی بەکـاریش هێنــراون لەو بــوارەدا هەمــان مامەڵەیــان لەگەڵدا کراوە، جا هونەری کۆڵینی کردارەکی بێت، یان هونەری تەلارسازی.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە هونەری ئیســلامی بەپــێچەوانەی هــونەری ڕۆژئــاوایی نەخشــونیگارەکانی چــاڵترو قــــولْترن، بەڵام لە هـــــونەری نەخشــــونیگاری ڕازانـــدنەوەدا ڕۆژئاوییەکـــان هەوڵیانـــداوە ڕووگەی نەخشـــــــونیگارەکان ڕووبەرزو هەڵتۆقیوبن، ئەمەش بە یەکێـــک لە تایبەتمەنـــدییەکانی هــونەری ڕۆژئــاوایی لەبــواری



نەخشی سەر کۆشکێکی یۆنانی کۆن

ڕازاندنەوەدا ئەژمار دەکرێت، جا ئەم نەخشونیگارانە ئاژەڵی، یان گژوگیایی،

یـان هەر بـابەتێکی تـربن... بـۆ نمـوونە بنمیچـی کۆشـکی «پارسـینۆن» لە «ئەسینا» ڕازێنراوەتەوە بە نەخشونیگارو بابەتی ئەفسانەیی و ڕازاندنەوەی گژوگیایی ڕۆمانی.

هەروەها نمـوونەی لـوولە برۆنزییەکانی کۆڵەکەکانی «فلۆرەنسـا»ش، کە لە دروسـتکراوی هونەرمەنـد «جیبرتـی»یە، ئەم شـێوانە زۆر بە جـوانی بەرجەسـتە کـراون و ئەم کـارانەش هاوتـان لەگەڵ ئەو نەخشـونیگارە ئـاژەڵییە لە تەخـتە هەڵکۆڵـدراوانەی، کە لەسەردەمی فاتیمییەکان، یان نەخشـونیگاری لەبرۆنـز دروسـتکراوی سـەر کـۆڵەکە تەختەییەکـانی سـەردەمی ئەمەویەکـان، یـان ئەو نەخشـونیگارە گەچییـانەی لە کۆشـک و تەلارەکـانی «سامەڕا»دا هەن...


ڕازاندنەوەی کۆڵینی گیایی لەسەر کەچ – سپانیا

لێـرەدا لەم نموونـانەدا ئەوە بەدەردەکـەون، کە هونەرمەنـدی ڕۆژئـاوایی هەمیشـە لەهەوڵـدابووە، تـا ململانێکانی لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا لەڕێـگەی کـاری هـونەرییەوە دەربخـات، بەڵام وەک لـە وێنەکـەدا دیـارە نمـوونەیی هونەرمەندی موسوڵمان بریتی بووە لەوەی، کە هەمـوو پێکهاتەکان بگۆڕێت بۆ کاری جوانکاری و ڕازاندنەوە، بێ ئەوەی گرنگی بە پایەکانی سروشت بـدات، ئەمەش بێگومـان پێویسـتی بەهێزێکی گەورەی کـارامەیی دەبـوو بـۆ ئەنجامدانی ئەم کـارە، کە زۆر جیاوازە لە لاساییکردنەوە، یان گواستنەوەی شتەبینراوەکان وەکو خۆی.

## وانەی دووەم

تەوەر: هونەری ئیسلامی

بابەت: هونەری تەلارسازی لە ئیسلامدا

وانە: ١ بەشە وانە

## خستنەڕووی بابەت

سەرەتا مامۆستای وانەکە بابەتەکە دەخوێنێتەوەو ئەو هێڵانە دیاری دەکات، کە پێویستن بۆ وانەکە. هەروەها بەوردی خۆی بۆ وانەگوتنەوەکە ئامادە دەکات و هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ئامادە دەکات و لەگەڵ دەستپێکی وانەکەدا بەوانەی ڕابردوودا دەچێتەوەو چەند خاڵێک بەبیر قوتابییەکان دەهێنێتەوە. واتە وانەی کۆن بەوانی نوێوە دەبەستێتەوە. لێرەدا زۆر گرنگە مامۆستا بابەتی وانەکە سادە بکاتەوەو هێڵەکانی وانەکەش دیاری بکات، تا لەکاتی وانەگوتنەوەکەدا شلەژانی زانیاری ڕوونەدات و بەشێوەیەکی ئاسایی وانەکە بگەیەنێتە قوتابییەکان.

## قوتابییەکان چی فێردەبن؟

١. لە گرنگی و بایەخی هونەری تەلارسازی تێدەگەن.
٢. قوتابییەکان بە بایەخەوە لە شێوازی هەڵچنین و ڕازاندنەوەو جوانکردنی ڕووی دەرەوەو ناوەوەی تەلارەکان دەڕوانن.
٣. قوتابییەکان بەهای کاری وەستای هونەرمەندی موسوڵمان لەبەرچاو دەگرێت و بێ بەها لێ ناڕوانێت.
٤. لە بەهاو بایەخی کاری هونەری ڕازاندنەوە تێدەگات و لێی دەڕوانێت.
٥. لە ڕۆڵ و بایەخی تەلارسازی ئایینی لەناو شارستانییەتەکان تێدەگات.
٦. لە بایەخی کۆڵین و داتاشین تێدەگات و دەزانێت چ جوانکارییەک لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت و پاشماوەکەشی دەمێنێتەوە.

## هەڵبژاردنی بابەت

مامۆستای وانەکە دوای خوێندنەوەی بابەتەکە، چەند بابەتێک دیاریدەکات و چەند زانیارییەک دیاری دەکات و لەوانەکەدا دەیانخاتە ڕوو، وەک:

١. ڕۆڵ و کاریگەری هونەری تەلارسازی لەپێش هاتنی ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام.
٢. بایەخی مزگەوت بۆ میللەتانی موسوڵمان.
٣. بایەخی کۆشک و تەلار لە فەرمانڕەوایەتی ئیسلامیدا.
٤. گرنگی و بایەخی هونەری ڕازاندنەوەو جوانکاری لەناوەوەو دەرەوەی کۆشکەکاندا.
٥. ئایا چۆن هونەرمەندی موسوڵمان توانیویەتی سوود لە هونەری شارستانییەتەکانی پێش خۆی وەربگرێت لەبواری تەلارسازیدا؟
٦. گرنگی و بایەخی بەرد لە هونەری تەلارسازیدا.
٧. ڕۆڵ و پێگەی نزرگە لە هونەری تەلارسازی ئیسلامیدا.
٨. ڕۆڵ و پێگەی قەڵا لە فەرمانڕەوایەتی ئیسلامیدا.

بەم شێوەیە مامۆستا بابەتەکان لای خۆی جیادەکاتەوەو گوڵچنێک لە زانیاری زۆرتر لە کتێبی «هونەری ئیسلامی» لە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی «خەلیل عەلی» وەردەگرێت و دواتر بەشێوەیەکی سادەو ساکار وانەکە ئامادە دەکات، کە زانیارییەکان بگونجێن لەگەڵ تواناو تەمەنی قوتابییەکاندا.

هەروەها زانیارییەکانی ئەم وانەیە تەنها بۆ خوێندنەوەو قوتابی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام نادات. واتە قوتابی تەنها زانیاری وەردەگرێت، ئەم زانیاریانەش وانە لەدوای وانە مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ قوتابییەکانی ئەنجام دەدات، بەم شێوەیە:

## هەڵسەنگاندن

| ژ | هەڵسەنگاندنی زانیاری | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا لە ناوەرۆکی وانەکە تێگەیشتوون؟ | | |
| ٢ | ئایا لەبەهای کاری ڕازاندنەوە تێگەیشتوون؟ | | |
| ٣ | ئایا لە بەهاو پێگەی هونەری تەلارسازی تێگەیشتوون؟ | | |

## تەلارسازی لەسەر شێوازی ئیسلامی

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تەلاری باش، نەخشەسازییەکەیەتی، چونکە نەخشەسازی بەهای باشی و جوانکاری و جوانناسی تەلارەکە دیاری دەکات.

هەروەها تەلارساز ناتوانێت وردبێت و بنەماو ڕێسا هونەری و ئەندازەییەکانیش ڕەچاو بکات، ئەگەر حەزو ئارەزووی جوان نەبێت. کەواتە بێگومان کارەکە جوان و لەبارنابێت، بۆیە پێویستە پێش هەمووشتێک تەلارساز حەزی جوان بێت و هەستی جوانناسی باڵابێت، تا بتوانێت کارێکی ئیستاتیکی بەرهەمبهێنێت و لە کۆتاییشدا بینگەی مرۆڤ، یان بینەر نەشێوێنێت.

تەلارسازی ئیسلامی خاوەن پێگەو جێگەی خۆیەتی و ئاستی جوانکاری و جوانناسی باڵایە، هۆکارەکەشی لە فرەجۆریەکەیدایەتی. واتە ئەم هونەرە لەژێرکاریگەری هونەری میللەتانی ژێردەستی بەموسوڵمانبوو دروستکراوە، ئەمەش تێکەڵەیەک بوو لە نێوان هونەری میللەتانی نیوەدرگەی عەرەبی داگیرکەرو میللەتانی تازە ژێردەستەدا. بۆنموونە، ئەگەر هونەری تەلارسازی شانشینی مەغریبی بەنموونە وەربگرین، ئەوا بێگومان شێوازی تەلارسازییەکەیان هەمان شێوازی تەلارسازییە، کە پێش و دوای فراوانخوازی سوپای عەرەبی ئیسلامی هەیبووە، هەروەها بوونی منارەی مزگەوتەکانیش درێژکراوەی هەمان ئەو منارانەی کەنار ئاوەکانە، کە لەپێش هاتنی ئیسلامدا هەر هەبوون، بەڵام دواتر پەرەی پێدراوەو شێوازەکانیان گۆڕیون بۆ شێوەی چوارگۆشەو لەهەمانکاتیشدا باڵایان بەرزتر کردوونەوەو نەخشونیگارو ڕازاندنەوەی ئەندازەیی و ئەرابێسکیان زۆرترکرد. ئەم وردەکاریە لە هونەری تەلارسازی ئیسلامیدا جۆرێک لە باڵابوونی پێوەدیاربوو. لەهەمانکاتیشدا سەرنجی بینەری بۆلای خۆی ڕادەکێشاوەو هەستێکی بەرزی جوانناسی لا دروست کردوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندازیاری عەرەبی گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا لە کارە هونەرییە تەلارسازیەکەیدا، هۆکارەکەشی سازکردن و ئەنجامدانی ئەم هەموو وردەکاری و ڕوونکردنەوانەیە، کە لە بواری تەلارسازییەکەیدا ئەنجامیداوەو کۆمەڵێک شێوەی بەرجەستەی جۆراوجۆری پیشانداوە.

لەهەمانکاتیشدا پێویستە ئەوەلەبەرچاوبگیرێت، کە ئەم هەموو وردەکاریە لەکارکردندا، تەلارساز پێویستی بە هەندێک لە ڕووپێوی سادەو ساکاردەبێت، تا ئاڕاستەو شێوازی کارکردنەکەی ڕوونبکاتەوە. واتە ئەندازیاری تەلارساز پێویستی بە زانیاری هەیە لەسەر زانستی بیرکاری و ئەندازیاری و میکانیکی، لەو بارەیەوەش زاناکانی عەرەب نووسراوی زۆریان لەوبارەیەوە لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە. لێرەدا چەندین تەلاری جۆراوجۆری ئیسلامی هەیەو بەهەندێکیان ئاشنا دەبین:

## مزگەوت

مزگەوت یەکەیەکی تەلارسازی مەزنی هونەری ئیسلامییەو مێژووەکەشی بۆیەکەمجار لەو مزگەوتەوە دەستپێدەکات، کە پێغەمبەری موسوڵمانان (د.خ) لە شاری مەدینە دروستیکرد. ئەم مزگەوتە لە ژینگەیەکی تایبەتی وەک شاری مەدینە لە قوڕو بەردو لاسکەگەڵای دارخورما لەسەر شێوەی چوارگۆشەیی دروستکراوە، ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە شێوازی تەلارسازی ئەم شارەو شوێنگەی خواپەرستی و خوێندن بووە.



مزگەوتی پێخەمبەر لە شاری مەدینە دوای نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی

وەک ئاشکرایە، هەر مزگەوتێک میحرابێکی هەیەو بە شوێنگەی قیبلە ناسراوەو لێیەوە ئیمام پێشنوێژی لێدەکات و لەتەنیشتیشییەوە مینبەرێک هەیە بۆ وتاردان لەڕۆژانی هەینی و بۆنە تایبەتییەکاندا. لەهەندێکجاریشدا بنمیچی مزگەوت بە نەخشونیگاری هەڵکۆڵدراو، یان کێشراو دەڕازێنرێتەوە. جا ئەم نەخشونیگارانە نووسراوی قورئانیین، یان نەخشونیگاری ئەرەبێسکی ئەندازەیی، یان گیایی، لەهەمانکاتیشدا بە پایەی جۆراوجۆر بنمیچ و سەربانی

مزگەوتەکە ڕادەگیرێت و لەسەرشانەکانیشیدا کۆمەڵێک کۆڵەکەی جۆراوجۆر لە قەبارەدا دەبینرێن. ئیدی هەندێکجار ئەم کۆڵەکانە دەبنە سەرشان و تەلارەکە بەهێزتر دەکەن و لەڕووی لەرینەوەشدا هاوسەنگی ڕادەگرن، ئەمەش بەیەکێک لە پایە تۆکمەکانی دروستکردنی مزگەوتدا ئەژماردەکرێن.

تەلارسازی مزگەوت، کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیەو پێویستە ڕەچاوبکرێت هەروەکچۆن پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ئاماژەی پێداوە، کە دەبێت مزگەوت ڕووناک و درەوشاوەو پاکوخاوێن و خاوەن دەروازەی گەورەبێت، تا کاتێک موسوڵمانان دێنە ژوورەوە ئاسوودەبن. لەهەمانکاتیشدا پێغەمبەر(د.خ) ڕێگەی بە تەلارساز داوە، تا بە دڵی خۆی و لەسەر خواست و بیرۆکەو داهێنانەکانی خۆی نەخشەسازی بۆ مزگەوت بکات، هۆکارەکەشی ئەوەبووە، تا هەرمیللەتەو بەپێی کەلتوورو فەرهەنگ و داب و نەریتی خۆی مزگەوت دروستبکات و ڕەنگی پێبداتەوە لە هونەری تەلارسازیەکەیداو ئازادی تەواوی لەڕووی کات و شوێنەوە بە نەخشەساز بەخشیوە.

مزگەوت، شوێنێکی تایبەتی لە نێو کتێبی خودا دا هەیەو جێگیرکراوەو بەهاو گەورەیی خۆی پێسپێردراوە، هەروەک چۆن خوای گەورە لە سورەتی «تەوبە»، ئایەتی ١٧ و ١٨دا دەڵێت:

«ما كان للمشركين ان يعمروا مساجد الله شاهدين على انفسهم بالكفر اولئك حبطت اعمالهم وفي النار هم خالدون انما يعمر مساجد الله من امن بالله واليوم الاخر واقام الصلاة واتى الزكاة ولم يخش الا الله فعسى اولئك ان يكونوا من المهتدين» واتە: شیاوو شایستە نییە بۆ موشریک و هەڵگەڕاوان، کە مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان بکەنەوە، لەکاتێکدا خۆیان شایەتن لەسەر خۆیان، کە بێباوەڕن، ئەوانە هەمووو کارو کردەوەکانیان بێنرخەو پووچەڵبۆتەوە، ئەوان لەژیانی دۆزەخداو لەژیانی کولەمەرگیدا بەردەوامن. بەڕاستی تەنها ئەو کەسە بەدڵ و بەگیان مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان دەکاتەوە بەخودا پەرستی و نوێژکردنەوەی، کە باوەڕی پتەوی بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هێناوەو نوێژەکانی بەچاکی ئەنجامداوەو زەکاتیشی لەماڵ و سامانیشی دەرکردووەو لەکەسیش نەترساوە، جگە لەخودای باڵا دەست، جا ئومێدە ئەو کەسانە لەڕیزی ڕێنوێنیکراواندابن. لێرەدا خودا بەوردی لەسەر ئەوانە ڕاوەستاوە، کە مزگەوت دروستدەکەن و ئەوانەشی دەچنە ناویەوەو

خودا پەرستی دەکەن، هەرلەبەر ئەوەشە بەهای مزگەوت لە هونەری ئیسلامیدا بالآیەو بەبایەخەوە لێی دەڕوانرێت.

لێرەدا پێگەی مزگەوت گەورەیەو لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامیشدا شوێنی فێربوونی زانست و زانیاریی گرتۆتەوە. هەروەها لە سەدەی یازدەیەمیشەوە قوتابخانە دروستکرا بۆ خوێندنی زانستی ئاینی، لەسەر یەک مەزهەب، یان هەرچوار مەزهەبەکە. لەهەمانکاتیشدا ئەم قوتابخانانە مزگەوتیش بوون و شوێنی مانەوەو نانخواردنیشی تێدابووە، هەروەک تەکیەو خانەقاکانی کوردستان، کە شوێنی مانەوەی فەقێ و فێرخوازانی زانست و زانیاری بوون. هەرچەندە لە سەدەی سێزدەیەمەوە لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا مزگەوتەکان هاوشێوەی قوتابخانەکان دروستدەکران و لە یەککاتیشدا ڕەچاوی خوێندن و شوێنی خواپەرستیش دەکرا.

## نزرگە

بریتیە لە شوێنێکی تایبەت و گۆڕی کەسێکی پابەرزی کۆمەڵایەتی، یان ئاینی، یان زاناودانایەکی تێدا دەنێژرێت و گڵکۆیەکی جوانی بۆ هەڵدەبەسترێت و گومەزێکی خڕی شێوەجوانی بۆ سازدەکرێت. زۆرێک لە سەیدو شێخەکانی کوردستانیش ئەمجۆرە نزرگایانەیان بۆ سازکراوە، وەک نزرگەکانی شاری کفری و نزرگەی «کاک ئەحمەدی شێخ» لە سلێمانی و نزرگەی «موزەفەرییە» لە شاری هەولێر... بەڵام بەشێوەیەکی سادەو ساکار سازکراون. لە ڕاستیدا، ئەمجۆرە نزرگانە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا گرنگی زۆری پێدراوە، بەتایبەت بۆ پیاوانی باڵادەست و خاوەن پلەو پایەی سیاسی و ئاینی. نزرگەکانیان بەشێوەی چوارگۆشە دروستکردووەو لەسەر کۆڵەکە ڕاگیراون و بنمیچی نزرگەکانیش بەنەخشونیگاری جۆراوجۆر ڕازێنراونەتەوە. شایانی باسە، تا ئێستە گڵکۆی «تاج مەحەل» لە هیندستان بە گەورەترین نزرگە (گۆڕ) دادەنرێت لە


منارەکانی نزرگەی تاج مەحەل

جیهاندا، کە لەلایەن ئیمپڕاتۆر «شاە جیهان» بۆ یادەوەری ژنەکەی بەناوی «مومتاز مەحەل» لەساڵی (١٦٣٢ز) دروستیکردووە، کە تائێستە نموونەی نییە لە جوانی و ڕێکی و شێوازی نەخشونیگارو ڕازاندنەوەدا.

ئەندازیاری تەلارسازی موسوڵمان سوودی زۆری لە گۆڕی شارستانییەتەکانی پێش هاتنی ئیسلام وەرگرتووە، لەوانەش گۆڕی زەردەشتی و ساسانییەکان لە بەری ڕۆژهەڵات و لە میسریش فیرعەونییە کۆنەکان بەشێوەیەکی



نزرگە، یان ئارامگەی کوروشی گەورەی ئەخمینی لە ئێران

زۆرجوان و ڕازاوەو مەزن گڵکۆی گۆڕەکانیان دروستکردووە، لەوانەش «شەجەرە دار»، کە پادشای سێیەمی میسر بووە لە دوای ‹حەتشبسوت› و ‹کیلۆباترا›. هەروەها ئەم شاژنە بۆخۆی ئەم گڵکۆیەی دروستکردووە بەناوی «گڵکۆی شاژن». ئیدی لەوە بەدواوە بووە بەنەریت و کڵکۆو نزرگاکان بوژانەوەو کاریان تێداکرا، بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی بیرەوەری مردووان.



نزرگەی خەلیفە موحەمەد مونتەسر کوڕی متوەکل عەباسی

بەپێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی لەبەردەستدان یەکەم خەلیفە، کە گۆڕەکەی بەرزکردۆتەوەو نزرگەی لێسازکردووە، «خەلیفە محەمەد مونتەسر کوڕی متوەکل ئەلعەباسی» بووە، کە لەساڵی (٢٨٤هـ) لەسەر داخوازی دایکە ڕۆمییە مەسیحییەکەی

سازکراوەو پاشان گومەزێکی گەورەی لەسەر دروستکراوەو دواتر ئەم گومەزە بە ‹گومەزی خاچی› (سەڵیبی) ناسراو ئیدی لێرەوە دایکی خەلیفە ‹محەمەد› بووە بە یەکەم ژنە دروستکەری نزرگەو ئیتر لێرە بەدواوە ئەم نزرگانە بوون بە نەریت و وەک هێمایەکی خانەدانەکان لێکدەدرایەوەو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

شایانی باسە، لێرەدا ئیسلام ئەم جۆرە نزرگانەی حەرامکردووە، کە بۆمەبەستی مزگەوت بەکاربهێنرێن، هەروەک چۆن ‹ئەبی هورەیرە› دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) گوتویەتی: «اللهم لا تجعل قبري وثنا، لعن الله قوما اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد» واتە بۆخاتری خوا گۆڕەکەم مەکەنە شوێنی پەرستن، چونکە خودا نەعلەتی لەو میللەتانە کردووە، کە گۆڕی پێغەمبەرانیان دەکەنە مزگەوت. لەبەر ئەوە شێوازی گۆڕهەڵبەستن لەنێو مزگەوتەکاندا شتێکی پەسند نەبووە، کە لەیەککاتدا نزرگەو مزگەوت بێت.

لەهەمانکاتیشدا خودا لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی «کەهف»، ئایەتی بیست و یەکدا لەبارەی نزرگەوە دەفەرموێت: «قال الذين غلبوا على امرهم لنتخذن عليهم مسجدا» واتە: کاتێک خەڵک دەچن و بەدیداری نەمرانی ئەشکەوت شاد دەبن و لاوەکان خەوی یەکجاریان لێکەوت، لەکاتێکدا کێشەیان بوو لەسەر زیندووبوونەوە، ئنجا هێندێکیان گوتیان با چەند خانوێکیان لەسەر دروست بکەین، پەروەردگار یان زانایەپێیان، بەڵام ئەوانەی، کە دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر کاروباریاندا گوتیان. بێگومان، مزگەوتێکیان بۆ دروست دەکەین، کە ئەمەش شتێکی داهێنراوبوو لە ئایینی گاوریدا، کەلەسەر گۆڕی پیاوچاکان پەرستگایان دروستدەکرد. ئەم ئایەتەش ئەوە یەکلادەکاتەوە، کە لە قورئانی پیرۆزی ئیسلامدا ناوی نزرگە هاتووەو دروستکراوە بۆ پیاوچاکان، ئیدی ئەوە ڕوونە، کە ئەوانەی نزرگەیان بۆسازکراوە پیاوی گەورەو دەسەڵاتدار بوون.

هەروەها بەپێی ئەو بەڵگانەی دکتۆر «سوعاد ماهر»(*) خستوونییە ڕوو ئەوە دەردەخات، کە یەکەم نزرگەی ئیسلامی دروستکرابێت لەسەدەی

---

(*) دکتۆر ‹سوعاد ماهر› بەیەکێک لەو زانایانە دادەنرێت، کە زۆرترین توێژینەوەی لەبارەی هونەری ئیسلامی و پاشماوەدێرینەکانی ئیسلام ئەنجامداوەو خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەو کتێبی ناوازەیە لەو بارەیەوە. لەدایکبووی ساڵی (١٩١٧)ی میسرەو دەرچووی کۆلێژی ئادابە ساڵی (١٩٤٦) و بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری پاشماوەدێرینەکانی ئیسلامی

سێیەمی هیجری بووەو بە (گومەزی خاچی) ناسراوەو لە شاری سامەڕا لە عێراق لە بەری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەو لەنزیک کۆشکی عاشقان سازکراوە. هەروەک «تەبەری» دەگێڕێتەوە، کە دایکی خەلیفە ‹محەمەد عەباسی› داوای مۆڵەتی کردووە، تا گۆڕێکی هاوشێوەی نزرگە بۆ کوڕەکەی هەڵبەستێت و دواتر ڕێگەی پێدراوەو گۆڕەکەی لەشێوەی نزرگەیەکی خاوەن گومەزێکی بەرزو جوانی بۆ دروستکرد، ئەمەش لە مانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی (٢٨٤هـ)دا ئەنجامدرا. ئیدی لێرە بەدواوە لەتەنیشت ئەم گۆڕەوە دوو نزرگەی تریش دروستکران بۆ هەریەک لە خەلیفە ‹موعتەز› و ‹موهتەدی›.


نزرگەی ئیمام حوسێن لە کەربەلا ـ جوانترین شێوازی ڕازاندنەوە بە کانزا

ئەم نزرگانەش بەشێوازێکی جوان سازکراون و بنمیچ و سەردیوارەکانیان بەنووسین و بابەتی ڕازاندنەوەی گیایی و ئەندازەیی نەخشێنراون. لەهەمانکاتیشدا پایەکانیان لەشێوەی کۆڵەکەی نەخشێنراوو بەنووسین و نەخشی جۆراوجۆر ڕازێندراونەتەوەو هەوڵیشدراوە لەدیوی ناوەوە زۆرترین کۆڵەکە دابنرێت بۆ گومەزی نزرگەکە، تا لەڕووی ئەندازەییەوە هاوسەنگ و پتەوبێت. هەندێکجاریش بۆ ڕازاندنەوەی کانزا بەکارهێنراوە.

---

لەزانکۆی قاهیرە وەرگرتووە لەساڵی (١٩٥٤) و سەرپەرشتی چەندین بڕوانامەی ماجستەرو دکتۆرای کردووە لە نیشتمانی عەرەبیدا، لەساڵی (١٩٩٦) ماڵئاوایی لەژیانکردووەو تائێستەش کتێبەکانی بەسەرچاوەی دایک دادەنرێن لەوبوارەدا. بڕوانە سەرچاوەی: ( المصريون - الدكتورة سعاد ماهر- راعية الاثار الإسلامية).

## قەڵای پاسەوانی، یان قوللەی پاسەوانی

ئەم جۆرە قەڵایانە ڕووبەریان بچووکەو بۆ مەبەستی پاسەوانی سەرسنوور، یان لە قەراخ شارەگەورەکان دروستدەکران و وەک سەربازگەیەکی بچووک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بەتایبەتی لەو کون و کەلەبەرانەش دروستدەکران، کە پاسەوانیکردیان دژوارو سەختبوون. شێوەیان چوارگۆشەوبووەو هاوشێوەی قەڵا بیزەنتینییەکان لەسەرشێوەی لاکێشەیی دروستکراون و لەهەرگۆشەیەکیشدا قوللەی پاسەوانی و چاودێری دروستکراون. ئەمجۆرە قوللانە زیاتر لەسەردەمی ‹بەنی ئومیە› و ‹بەنی عەباس›دا لەباکوری ولاتی شام و باکوری ئەفریقیادا بڵاوبوونەتەوە. لەبنەڕەتدا ئەم قەڵابچووکانە لە هۆڵێکی گەورە پێکهاتبوون و پەنجەرەیان کەمبوون، یان هەندێکجار پەنجەرەکانیان بچووک و بەرزبوون. لەتەنیشت ئەم قوللانەش گۆڕەپانی فراوانیان لێسازکردبوون، بەمەبەستی بەستنەوەی ئەسپ بەکاریاندەهێنا. دیواری دەرەوەی ئەم قوللانەش زۆربەهێزو پانبوون و لەدیوی ناوەوەش ژووری بچووکیان بۆ حەوانەوە لێسازدەکرد، لەگەڵ مزگەوتێکی بچووکدا. ئەم شێوە قوللە سەربازیانە لەزۆربەی ولاتان دەبینرێن، وەک میسرو شام و مەغریب. هەروەها لەکوردستانیش لەگەلی ڕواندوز و ناوچەی سۆران و دوکان و بازیان ئەمجۆرە سەربازگەبچووکانە دەبینرێن. ئەوەی لێرەدا بۆئەم باسە گرنگە، ئەو نەخشونیگارانەیە، کەلەڕێگەی خشتی سوورەوە دروستکراون و لەشێوەی حەسیر نەخشی چنینیان پێسازکردوون. لەهەمانکاتیشدا شێوازی دانانی خشتەکان بەجۆرێکە، کە بەهێزو پتەو دەردەکەون، چونکە شوێنەکە بەمەبەستی سەربازی بەکارهێنراوە.



قەڵاو شوراو قوللەیەکی ئیسلامی لە عومان

## تەکیەو خانەقا

خانەقا، بریتییە لەوخانووەی، کە سۆفی و موریدەکان لێی کۆدەبنەوەو بۆمەبەستی خوداپەرستی بەکاریدەهێنن. بەڵام تەکیە، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا پەیدابووەو بۆ مەبەستی کۆکردنەوەو لەخۆگرتنی دەروێش و موریدەکان سازکراوە. لە کوردستانیش زۆرێک لەم تەکیەو خانەقایانە ناوبانگیان پەیداکردبوون، بەتایبەت لەناوچەی تاڵەبان و تەوێڵە، کە هەندێکیان بەدەستوری کوردەواری سازکرابوون و بەتەنیش مزگەوتەکانەوە دروستکراون.

## سەرکانی، یان ئەسبەلە(*)


ئەسبەلەیەك لە مزگەوتی ئەقسا لە قودس

ئەسبەلە، خانووێک، یان کۆشکێکی بچووکی چەند مەترییەو بەشێوەیەکی زۆرجوان و ڕازاوە دروستدەکرێت لەدەرەوەی مزگەوتەکان، یان لەدیواری دەرەوەی مزگەوتەکان، یان زۆربەی کات بەجیاو لەنێوچەقی بازاڕدا سازدەکرێت، بەتایبەتی لەناوەندە بازرگانییە قەرەباڵخەکان، تا ڕێبواران و کاروانچییەکان و کرێکارەکان خۆیان فێنکبکەنەوەو تینوێتیان بشکێنن.

ئەم کۆشکانە بەشێوەیەکی

(*) ئەسبەلە، یان سەرکانی، یان ئاودەریشی پێدەگوترێت، لەکوردەواریدا سەرکانیم پێ لەهەموو ناوەکانی تر پەسندتر بوو، چونکە تایبەتمەندیەکانی ‹کانی› زۆرەو بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێت و کەسیش لەپایدا پارە وەرناگرێت. کەواتە بۆ خێرە، کاری ئەسبەلەش تەنها بەخشینی ئاوە بە ڕێبواران و کرێکارانی ناوبازاڕ، یان کاروانچییەکان. ئیدی لێرەوە هەندێک ناوی تریش هەن، وەک سەقایا، یان سەقاو (ئاودەر، یان ئاوکێش). لەناوچەی بادینان ئەسبەلە بەکاردەهێنرێت لەبری (في سبیل)ی عەرەبی، واتە لەڕایی خودا. بۆیە لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، ئەم ناوە لەبادینانەوە گواسترابێتەوە بۆ شام و ئیتر لەوێوە بڵاوبووبێتەوە، چونکە لە ناوچەی ئاکرێ و ئامێدی و کۆیەو کفری لەدەرەوەی مزگەوتەکانیش ئەمجۆرە ئەسبەلانە دەبینرێن و پێش هاتنی ئیسلامیش لەنێوبازاڕەکاندا هەبوون، بەمەبەستی شکاندنی تینوێتی و خۆفێنککردنەوەو خۆپاککردنەوە (دەستنوێژهەڵگرتن). (نووسەر)

زۆرجوان بەنەخشونیگاری گیایی، یان ئەندازەیی دەڕازێنرانەوە، بەتایبەتی بەردی حەللان، یان مەرمەڕیان دەکۆڵی، چونکە بەرد لەئاست ئاودا خۆگرو توندوتۆڵتر بووە.

بازاڕو ناوەندە ئایینییەکان بەم ئەسبەلانەوە بەناوبانگبوون، وەک شاری ‹قودس›، کە لەسەردەمی ڕۆمانییەکانەوە زۆرترین ئەسبەلەی تێدابووەو لەناوەندی ‹شام› و ‹قاهیرە›ی پایتەختی ‹میسر›یش زۆرترین ئەسبەلە دروستکراوە. هەرچەندە لە ‹قودس› ئەندازیارە تەلارسازەکان زۆربەی ئەسبەلەکانیان لەسەرڕێگا گشتییەکان دروستکردووەو هەروەها لەکەمەر قوتابخانەو مزگەوتەکانیشدا بوونیان هەبووە.

ئەندازیارە تەلارسازەکان زۆرکات ئەم ئەسبەلانەیان لەنزیک مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان دروستکردووە، چونکە موسولمانان زۆرپێویستیان پێیان بووە، بەمەبەستی دەستنوێژهەڵگرتن و خۆفێنککردنەوە. لەهەمانکاتیشدا پیشەی ئەسبەلە تەنها بۆکاری دەستنوێژهەڵگرتن کورت نەکرابۆوە، بەڵکو پەیوەستکرابوو بە جووڵەی ڕێبوارانەوە. لەسەردەمی سوڵتان «سلێمان قانونی»



نەخشەسازی ئەسبەلەیەکی قاهیرە

عوسمانیدا چەندین ئەسبەلە دروستکران و شێوازێکی جوانی تەلارسازیان پێبەخشراو زۆربەشیان پێکدەچوون، بەتایبەت لەنێوان سالانی (١٥٣٦، تا ١٥٣٨).

# خان

خان، یان موسافیرخانه، یان میوانخانه، تەلارێکە بۆ مانەوەی میوانی بازرگان، یان کاروانچی بەکاردەهێنرێت. دەروازەیەکی گەورەی هەیەو دواتر گۆڕەپانێکی فراوان دەستپێدەکات و بەدەوریشیدا ژێرخان و سەرخانی هەیە، ژێرخان بۆ دانانی کاڵاو شمەک و سەرخانیش بۆ پشوودان و حەوانەوەی میوانان بەکاردەهێنرێت.

شێوازی دروستکردنی ئەم جۆرە خانانە، شێوازێکی کۆشکی بنکەفراوانی هەیەو پانتایی زۆر داگیردەکات، تا کاڵاو شمەکی زۆر بگرێت و لەهەمانکاتیشدا حەوشەکەی جێگەی بەستنەوەی زۆرترین وڵاخ ببێتەوە. بۆ نموونە خانەکانی شاری کۆیە لە سنووری پارێزگای هەولێرو خانەکانی شاری کفری لە ناوچەی گەرمیان بەناوبانگترین جۆرەکانی خان بوون لە کوردستانداو تائێستەش پاشماوەیان ماوەتەوەو جۆرێک لە جوانکاری تەلارسازیان پێوەدیارەو پڕن لە نەخشونیگاری جۆراوجۆرو سەرخانەکانیشیان، هەندێکجار بەرهەیوانەکانیشیان بە تەختەی هەڵکۆڵدراو ڕازێندراونەتەوە، یان بە گەچی نەخشێنراو، یان بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ جوانکراون.


پاشماوەی خان عەتشان لە نێوان ئەخەیزەرو کوفەدا

لە دەشتی نێوان ‹ئەخەیزەر›و ‹کوفە›دا خانێکی زۆر گەورە سازکراوە بەناوی «خان عەتشان»، بەپێی توێژینەوەکانی زانای دێرینەناسی «کریزویل» ئەوە دەردەخات، کە ئەم خانە لەلایەن «عیسا کوڕی موسا»وە دروستکراوەو درێژی هەرگۆشەیەکیشی (٢٥م) دەبێت، ئەمەش بۆ حەوانەوەو پشوودان سازکراوەو جوانترین شێوازی تەلارسازی تێدا بەکارهێنراوە، دەروازەکانیشی جوان و ڕازاوەو گەورەو پڕ نەخشونیگار بوون.

## بازاڕو قه‌یسه‌ری

ئه‌م جۆره‌ ته‌لارانه‌ مامه‌ڵه‌ی ناوه‌ندی بازرگانیان له‌گه‌ڵدا ده‌كراو پێگه‌و جێگه‌ی گرنگیان هه‌بووه‌ له‌ڕووی بازرگانییه‌وه‌. له‌هه‌مانكاتیشدا ناوه‌ندێكی گرنگی كۆكردنه‌وه‌ی سه‌رجه‌م بازرگانانی شاربووه‌.

هه‌روه‌ها ناوه‌ندێكی دیاریكراویان له‌ناوشاردا دیاریده‌كرد، تا ئه‌م بازاڕو قه‌یسه‌ریانه‌ی لێسازبكرێت، كه‌ دواتر به‌ناوه‌ندی بازرگانی هه‌ژمارده‌كران و به‌شێوازێكی زۆرجوان و كاریگه‌ر دەڕازێنرانه‌وه‌و به‌رزده‌كرانه‌وه‌و له‌سه‌ربانه‌كانیشیاندا گومه‌زیان لێسازده‌كردو هه‌ستێكی جوانكاریان پێده‌به‌شی، هه‌روه‌ك بازاڕه‌كانی قه‌یسه‌ری له‌‹كۆیه‌›و ‹كفری› و ‹خانه‌قین› و ‹هه‌ولێر›و بازاڕی ‹قه‌یسه‌ری نه‌قیب› له‌ ‹سلێمانی› و ‹كرماشان› و ‹ئه‌سفه‌هان› و ‹ئه‌سته‌نبول› و ‹قاهیره‌›و ‹شام› و ‹مه‌غریب›... ئه‌مانه‌و چه‌ندین نموونه‌ی تر، كه‌ بازاڕه‌كانیان زۆرگرنگ و به‌ناوبانگبوون و هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌شبوو له‌ڕووی جوانكارییه‌وه‌ گرنگی زۆریان پێده‌دان.



بازاڕی خان خه‌لیلی له‌ قاهیره‌




گراند بازار له‌ ئه‌سته‌نبول له‌ ساڵی 1461 دروستكراوه‌

## شۆرگە، یان حەمام

حەمام لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان بوونیان هەبووەو گرنگی زۆریشی پێدراوە، چونکە بەشێوازێکی گشتی ئاو گەرمدەکراو هەروەک کورد دەڵێ: «ڕێبوار جەم و دەمی بۆ نەبووە». واتە لەهەرکات و ساتێکدابوایە کاروان و کاروانچی و ڕێبوارەکان خۆیان بەشاردا کردووەو پێشەکی پێویستیان بەخۆخاوێنکردنەوە هەبووە. هەروەها خەڵکی شاریش ئەم حەمامانەیان بەکارهێناوە. شۆرگەکان کراون بە سێبەشەوە، بەشێکیان ئاوی زۆر گەرمیان هەبووە، بەشێکی تری ئاوی شلەتێن، بەشێکی تریشی ئاوی سارد، ئەوانەش بەپێی پلەی گەرمی ئاوەکان ژوورەکانیش دیاریکرابوون. ئاوی شۆرگەکان لەژێرەوە بەدار، یان بە تەپاڵە گەرمدەکران و پاشان بەبۆڕی بەناودیوارەکاندا ڕەت دەبوون و دەگەیشتنە ناو حەمامەکەو دیوی ناوەوەی حەمامەکەش،



حەمامێکی سەردەمی عوسمانی

کە بە حەوشەی (ساڵۆن) حەمام دەناسراو دیوارەکانیشی بەوێنەی ڕەنگاوڕەنگی زۆر جوان و جۆراوجۆر نەخشێنرابوون بۆ ئەوەی مرۆڤ دڵ و دەروونی خۆشبێت. لەکوردستانیش نموونەی زۆرمان لەوجۆرە حەمامانە هەیە، بەتایبەت حەمامی ‹سوڕەت› لە ‹سلێمانی› و حەمامەکانی شاری ‹سنە›و ‹مهاباد›و ‹هەولێر›و ‹کۆیە›و ‹کفری› و ‹ئاکرێ› و ‹ئامێدی›. هەروەها لەڕووی گەورەیشەوە ‹شام› و ‹قاهیرە›و ‹ئەستەنبوڵ› و ‹مەغریب› و ‹قودس›یش خاوەنی زۆرترین حەمامی جۆراوجۆربوون لەڕووی گەورەیی و شێوازی ڕازاندنەوەوە، بەڵام وڵاتی ‹مەغریب› لەڕووی نەخشەسازی و گەورەیی و جوانکارییەوە جوانترین جۆری حەمامیان هەیەو شێوازێکی مۆزائیکی بەکارهێنراوە لە حەوشەو دیوارەکانیدا، تا ئاو نەیخوسێنێتەوەو بە بەردو کاری گڵێنەکاری جوانکاری تێداکراوە.

## کۆشک و تەلار

ئەم کۆشک و تەلارانە بۆ حەوانەوەی خێزانە خانەدان و باڵادەست و فەرمانڕەواکان بەکاردەهێنران و بەشێوەیەکی زۆرجوان و سەرسورهێنەر کاریان تێداکرابوو، هەرچەندە نموونەی زۆر لەم کۆشک و تەلارانە نەماون و زۆربەیان لەنێوچوون، یان داڕوخاون، ئەوە جگە لەو کۆشک و تەلارانەی، کە مێژوونووسان لەنێوکتێبەکانیاندا، وەک مێژوو باسیان لێوەکردووە.



کۆشکێکی عەباسی لە بەغدا

ئەم کۆشکانە بەرزبوون و لەسەر پانتاییەکی بەرفراوان سازکراون و بە باخ و چیمەن و سەوزایی جوان دەورەدراون و پەرچەمی کۆشکەکانیش بە کوڵەکەی گەورە، لەشێوەی ڕاگر بەکارهێنراون. ئەم کۆڵەکانەش بە نەخشونیگاری جۆراوجۆر ڕازێنراونەتەوەو جۆرێک لە جوانیان بە تەلارەکان بەخشیون. لەهەمانکاتیشدا پەنجەرەی گەورەو ڕەنگاوڕەنگی بۆسازکراوە، تا ڕووناکی بگاتە هەمووسوچ و قوشبنێکی هۆڵەکە، یان ناوتەلارەکە، ئەم جۆرە ڕووناکیەش خۆشیەکی بە خاوەن ماڵ بەخشیوە و ناوماڵەکەی گەشاندۆتەوە.



کۆشکی ئەخیزەر لە عێراق، نموونەی جوانی و نەخشەسازی

هـۆڵی تەلارەکە شـوێنی دانیشـتن و کۆبـوونەوەی خێزانـی بـووەو ژێرزەمینیش بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی ماڵ و هەڵگرتنی دان و زەخیرەو چـاککردنەوەی شـمەکی ناومـاڵبووەو نهـۆمی دووەمـیش بـۆ نووسـتن و پێشوازی میوان بەکارهێنراوە. هەموو ئەم ژوورانەش پەنجەرەکانیـان ڕوو لە حەوشـەبووەو ڕوانیـویەتییە بـاخچەو پانتـاییە سـەوزاییەکە. هەنـدێک لەو هۆڵانەی سـەرەوە باڵکۆنیان هەبـووەو لەتەختە دروستکراون و تەختەکانیش بەنەخشونیگار ڕازێنراونەتەوە.



کۆشکێکی ڕازاوەی ئیسلامی لە شاری فاس ـ مەغریب

گرنگتـرین شـوێن لەم کۆشـکە هـۆڵی پێشـوازییەو لەشـێوەی لاکێشـەییدایەو دابەش دەبێت بۆ سێ بەش، ناوەڕاستەکەی چوارگۆشـەیەو هەنـدێک لە ناوەڕاستەکەشـی کەمێـک نـزمەو سەربانەکەشـی چـین چـین بەرزبـۆتەوە بـۆ سـەرەوەو ئەم چینـانەش بە گەچ هەڵچنـراون و بەنەخشـونیگاری کۆڵـدراو ڕازێنـراونەتەوە، هەروەک گـومەزێکی شـاراوە دەردەکەوێـت، بەڵام گـومەز نیـیەو شـێوەی چوارگۆشـەو سەرنجڕاکێشـە، ئەو نەخشـونیگارانەش بە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ ڕازێنـراونەتەوەو لەهەنـدێک شوێنیشـدا نەخشـی گیـایی دەبینرێـت، کە ئەمەش هێندەی تر ئاسمانی هۆڵەکەی جوانتر کردووە. هەروەها زەوی هـۆڵەکەش بە نەخشـونیگاری مـۆزائیکی ڕازێنـراوەتەوەو لە هۆڵەکەشـدا دۆڵابـی لەتەخـتە دروسـتکراوی نەخشـێنراو بە نەخشـونیگاری گیـایی و ئەنـدازەیی دانـراوەو هێندی دی ناوەندەکەی جوان و دڵگیر کردووە.



نەخشونیگاری کۆشکێکی تەلتیلییە لە میسر لەژێر کاریگەری هونەری مەغریبیدا

## سەرچاوەکانی تەوەری یەکەم

### سەرچاوە کوردییەکان


- میراودەلی، کەمال مەمەند، فەلسەفەی جوانی و هونەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٧٩
- ویڵ دۆرانت، مێژووی شارستانییەت، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١١


### سەرچاوە عەرەبییەکان


١. باسيليو بابون مالدونادو، عمارة المساجد الاندلس- مدخل عام، ت: د. علي أبراهيم منوفي، ط١، هيئة أبوظبي للثقافة والتراث، ٢٠١١

٢. عبدالوهاب، حسن، الرسوم الهندسية للعمارة الاسلامية

٣. الحداد، محمد حمزة اسماعيل، عمارة المسجد النبوي الشريف، ط١، منشورات الجمعية التأريخية السعودية، ١٩٩٩

٤. محمد، سعاد ماهر، مساجد مصر وأولياؤها الصالحون

٥. العمري، محمد عبدالسلام، عمارة الاضرحة

٦. اطلس، محمد أسعد، التربية والتعليم في الاسلام، دمشق، ١٩٥٦

٧. حسن، زكي محمد، فون الاسلام، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة، ٢٠١٣

٨. عزب، خالد، تراث العمارة الاسلامية، دار المعارف، القاهرة، ٢٠٠٤

٩. عاشور، سعدي عبدالفتاح، الحياة الاجتماعية في المدينة الاسلامية، دراسة منشورة في مجلة عالم الفكر، وزارة الاعلام، عدد شهر أبريل ١٩٨م/١٤٠٦هـ

١٠. عزب، خالد، العمارة الاسلامية... من صين الى الاندلس، مجلة دبي الثقافية، دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٠

١١. حسن باشا، موسوعة العمارة و الاثار و الفنون الاسلامية، أوراق شرقية، مجلد١

١٢. البهنسي، عفيف، الجمالية الفنية في مفردات تاعمارة الاسلامية، عالم الفكر، المجلد٣٤، ٢٠٠٦

١٣. حسن، زكي محمد، التصوير عند العرب.

٠١٤ كيبل كريزويل، العمارة الاسلامية المبكرة، ج١
٠١٥ هـ . لامانس، المجلة الاسيوية، مجلد سنة ١٩١٥
٠١٦ الشيخ محمد عبدة، فتوى عن الصور و التماثيل و فوائدها و حكمها، الفنون الجميلة القديمة و حديثا (التصوير)، لاحمد يوسف. أنظر هذا الموقع: http://mktba22.blogspot.com/2012/08/blog-post_1210.html
٠١٧ عمارة، محمد، الشيخ شلتوت – أمام في الاجتهاد و التجديد، رسائل الاصلاح (١٥)، دار السلام للطباعة و النشر و التوزيع والترجمة.
٠١٨ رشتون كولبورن، أصل المجتمعات المتحضرة، ت: لمعي المطيعي، ط٢، هيئة القصور الثقافة
٠١٩ فكري، أحمد، مساجد القاهرة و مدارسها، دار المعارف بمصر
٠٢٠ ريتشارد اتينجهوزن، تراث العرب، ت: نبية فارس
٠٢١ الخطيب، عبدالكريم، نشأة التصوف، المكتب الفني للنشر، القاهرة، ١٩٦٠
٠٢٢ السير توماس أرنولد، التصوير في الاسلام. و: كريست أرنولد بريكست، تراث الاسلام- في الفنون الفرعية و التصوير و العمارة، ت: د. زكي محمد حسن، دار الكتاب العربي، سورية، دمشق
٠٢٣ فارس، بشر، سر الزخرفة الاسلامية، ص١٩. و: ايفا ويلسون، الزخارف الاسلامية، ت: محمد عامر المهندس، دار الكتاب العربي.
٠٢٤ فيليب ويلكينسون، مايكل أنجيلو: الفنان الصغير الذي حلم بالكمال، مؤسسة محمد بن راشد ال مكتوم، ٢٠٠٩، (كتب الاطفال)
٠٢٥ جاستون فيت، مجلة المشرق، المجلد ٣٤، سنة ٣٤
٠٢٦ النجار، عبدالوهاب، الخلفاء الراشدين، المكتبة العصرية. و: عبدالستار الشيخ، الخلفاء الراشدين- حياة ماجدة و أعمال خالدة، دار القلم، ٢٠٠٤
٠٢٧ الصلابي، علي محمد، الخليفة الراشد و المصلح الكبير عمر بن عبدالعزيز، المكتبة العصرية، ٢٠٠٥
٠٢٨ محمد حسن العيدروس، تطور الحياة الاجتماعية و الاقتصادية و الفكرية في العصر العباسي، دار الكتاب الحديث، ٢٠١١

٠٢٩ علي، جواد، تأريخ العرب قبل الاسلام، ج١، ط٢، الناشر: جامعة بغداد، ١٩٩٣
٠٣٠ علي، جواد، تأريخ العرب قبل الاسلام، دراسة والمراجعة: د. نصير الكعبي، ج١، ط١، المركز الاكاديمي للابحاث، ٢٠١١.
٠٣١ صفر، أحمد، مدنية المغرب العربي في التأريخ، ج١، دار النشر: بو سلامة، مطبعة عمل، تونس، ١٩٥٩.
٠٣٢ الالفي، أبو صالح، الفن الاسلامي اصوله - فلسفته، مدارسه، دار المعارف، لبنان

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- http://sciarab.org/?p=1098
- https://dorar.net/aqadia/1624
- http://elaph.com/Web/Reports/2008/6/340914.htm
- https://www.slideshare.net/tahafarwan/ss-14944413
- http://www.maroc-histoire.com/2016/03/blog-post_43.html
- http://quran.ksu.edu.sa/tafseer/tabary/sura28-aya77.html
- http://quran.ksu.edu.sa/tafseer/tabary/sura5-aya87.html
- https://www.maghress.com/alittihad/178500
- http://quran.ksu.edu.sa/tafseer/tabary/sura28-aya77.html
- H. St. J. B Philby. The Background of Islam, Publisher: Whitehead Morris Egypt (1947).
- Fischer, Steven R. (2001). A History of Writing. London: Reaction Books.

# تەوەری دووەم



# Handcraft کاردەستی

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز... لەم تەوەرەدا کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆری پێشکەوتوو لە شێوەو شێوازی کارکردن خراونەتە ڕوو، کە ئەمەش پەیوەستە بە گەشە ئەقڵی و لەشەکییەکانی قوتابی لەو قۆناخەداو توانای بەسەرداشکانی هونەرەکەیە، چونکە قوتابی لەم تەمەنەدا دەتوانێت ئاستی خەیاڵبازی بەرز پیشان بدات و توانا کارامەییەکانی تاقیبکاتەوە.

هەروەها، قوتابی لەم تەمەنەدا بەشێوەیەکی باشتر دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کەرەستەو شمەکە بەرجەستەکاندا بکات و بەڕێزیشتان پێویستە هاوکارو پشتیوانی چالاکییەکانیان بن.

شایانی باسە، ئەم چالاکییانەی لەمساڵدا دانراون ئاستی هونەرییان بەرزەو پێویستیان بە لێوردبوونەوەو کەمێک خۆماندووکردن دەبێت، هەرچەندە قوتابی لەم دۆخەدا دەتوانێت بەسەر کێشەو تەنگژەکاندا زاڵبێت، ئەگەر مامۆستا تێبینی و سەرنجی پێویست بدات بە قوتابی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەکاتی کارکردندا مامۆستا جەخت لەم خاڵانە بکاتەوە:

١. پوختی
٢. ڕێکی
٣. خاوێنی (پاکی)
٤. هاوسەنگی
٥. هونەری
٦. هارمۆنی

ڕەچاوکردنی ئەم شەش خاڵە زۆر گرنگن بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی جوانی هونەری.

## لێکبەستن و پێکگرتن

مامۆستا بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی وانەی یەکەم، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ وانەی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەت، تەوەری سێیەم، کاردەستی، بابەتی قوڕکاری، چونکە لەم لێکبەستنەدا قوتابی دەتوانێت باشتر لە مەبەستی مامۆستا تێبگات و لەهەمانکاتیشدا مامۆستا دەزانێت چۆن وانەکەی بەبیر قوتابییەکانی دەهێنێتەوە؟

## وانەی یەکەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: هەویرکاری

وانە: دروستکردنی شێوەی جیاواز لە ڕووگەی جیاوازدا

کاتی دیاریکراو: ٤ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت

لەم وانەیەدا مامۆستا هەوڵدەدات هەویری ڕەنگاوڕەنگ (قوڕی سناعی) بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی شێوەی جیاواز، لەگەڵ سوود وەرگرتن لەو کارانەی لە چالاکییەکاندا خراونەتە ڕوو.

## پێشبینی دەکرێت دوای خوێندنی ئەم وانەیە قوتابی:

١. بتوانێت لەڕووی هونەرییەوە باشتر و پوختەتر مامەڵە لەگەڵ هەویر، یان قوڕی گڵێنەکاریدا بکات.
٢. لەڕێگەی هەویرکارییەوە دەتوانێت شێوەی جیاوازی هونەری بەرهەمبهێنێت.
٣. دەتوانێت جگە لەشێوەی ڕاستیگەرایی، شێوەی ڕووتەڵەکیش بەرهەمبهێنێت.
٤. قوتابی دەتوانێت ئارەزووەکانی تێکەڵ بەکارە هونەرییەکە بکات.
٥. کارەکانی پوختەترو ڕێکتربن.
٦. قوتابی هەوڵدەدات بیر لەکاری جوانترو هونەرییانەتر بکاتەوە.

## ئەوەی لەم وانەیەدا گرنگبێت لەسەرشانی مامۆستا جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەیە:

١. والاکردنی دەستی قوتابی لەکاتی کارکردندا.
٢. ئاراستەکردنی قوتابییەکان و سەرپەرشتیکردنی کارە هونەرییەکانیان.
٣. چاودێریکردنیان لە نزیکەوەو پێراگەیشتن بەسەرجەم قوتابییەکانی ناو پۆلەکە.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

قوتابی دەتوانێت ئاستی کارە هونەرییەکانی بەرزتربکاتەوە لەجاران.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابی ڕاهێنان دەکات، تا کارێکی هونەری جوان بەرهەمبهێنێت، ئەوەش بە هەڵبژاردنی ڕەنگی جوان و پاک و دواتر ڕێکخستنی لە کارێکی هونەریدا.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابی ڕەچاوی پاکی، پوختی، ڕێکی، هاوسەنگی دەکات لە کارە هونەرییەکەدا.

## ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

بەم شێوەیە مامۆستا هەندێک پرسیار دەکات

١. مەبەست لە هونەری ڕووتەڵەک چییە؟
٢. مەبەست لە شێوەی ڕاستیگەرایی چییە؟
٣. مەبەست لە ڕەنگە ساردو گەرمەکان چییە؟
٤. دووکارم پێ بڵێ، کە بە هەویر، یان بەقوڕ ئەنجامت دابێت.
٥. لەکاتی کارکردنتدا چ کەرەستەو شمەکێکت بەکارهێناوە؟

### بڕگەی خۆئامادەکردن

هەروەک لەڕابردوودا قوتابی بەشێوەیەکی بەرفراوان مامەڵەی لەگەڵ هەویر، یان قوڕدا کردووە، هەر لە باخچەی منداڵانەوە، تا دەگاتە دوا قۆناخەکانی بنەڕەتی، بۆیە لێرەدا ئەرکی مامۆستایە هەموو ئەم چالاکییانە بەبیر قوتابییەکان بهێنێتەوەو ئەرکیان لەگەڵ بکێشێت.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

### چالاکی ناوپۆل

پێویستە مامۆستا لەگەڵ دەستپێکی وانەکەدا کۆمەڵێک زانیاری نوێ لەبارەی قوتابخانە هونەرییە هاوچەرخەکان بۆ قوتابییەکان باس بکات. بۆ نموونە ڕێبازی ڕووتەڵەک، لەم خستنەڕووەدا مامۆستا کورتەباسێک لەبارەی شێوازی کارکردن و دانانی ڕەنگ و داماڵینی شێوە لە تابلۆکانیان دەکات. هەروەها لەگەڵ ئەم باسەشدا شێوازی کارکردنی ڕابردوو لەبارەی هونەری دەربڕینخوازی جارێکی دی دێنێتەوە بەرباس و لەسەر زانیارییەکان ڕادەوەستێت و شێوازی نیگارکێشانی ڕابردوویان بەبیر دەهێنێتەوە.

مامۆستا سێتێک هەویری ڕەنگاوڕەنگ لەبەرچاوی قوتابییەکان دەشێلێت و هێواش هێواش بەتەنیشت یەکەوەیان دادەنێت و بە فشارێکی ناولەپی دەست پانی دەکاتەوە. ئیدی ئەم شێوەیە تێکەڵەیەک Mix لە ڕەنگ دروست دەبێت و هەستێکی خۆش لەلای قوتابییەکان دروست دەکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی و پوختی و ڕێکی لە کارکردندا.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**ڕەنگ:** مامۆستا ڕەنگە ساردو گەرمەکان بەبیر قوتابییەکان دەهێنێتەوەو شێوازی دروستکردنی ڕەنگە مامناوەندەکانیش فێری قوتابییەکان دەکات، چونکە لەڕابردوودا تەنها بە تیۆری خوێندوویانە، یان لەڕێگەی ڕەنگی ئاوییەوە بەکارهێنراوە، بەڵام لێرەدا لەڕێگەی هەویری ڕەنگاوڕەنگەوە قوتابی دەتوانێت ڕەنگی جیاواز دروست بکات.

**شێلان:** ڕاستە قوتابی هەر لە باخچەی منداڵانەوە هەویر، یان قوڕی شێلاوە، بەڵام ئەم جارەیان جیاوازە لەجاران، چونکە لێرەدا قوتابی دەبێت ڕەچاوی پاکی ڕەنگەکان بکات و هێزی هەر ڕەنگێک بپارێزێت.

**مارمارۆکە:** لەم قۆناخەدا قوتابی بەشێوەیەکی باشترو پوختەتر فێری لوولپێچکردن دەبێت و بەباشی دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، هەرچەندە لە پۆلی پێنجەم، لە تەوەری سێیەم، وانەی یەکەمدا مارمارۆکەی لەڕێگەی قوڕی گڵێنەکارییەوە ئەنجامداوە.

## چالاکی یەکەم



مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات تەختەیەکی (Box) لەشێوەی سندوقێکی رووتەخت دروست بکەن بە قەبارەی (١٠×١٠سم)، یان (١٥×١٥سم) و بەرزییەکەشی تەنها (١سم) بێت، دواتر، وەک ئەم شێوەیە هەویرەکە بەشێوەی پارچە پارچە بەتەنیشت یەکەوە دابنێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی و پوختی و ڕێکی.

## چالاکی دووەم



مامۆستا لەم چالاکییەدا هەوڵدەدات قوتابییەکان هانبدات، تا شێوەیەکی خەیاڵی، یان بینراو دروستبکەنەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەپاکی و بەسەربەخۆیی هێشتنەوەی ڕەنگەکان و نەشێواندنیان. واتە مامۆستا هەوڵدەدات والەقوتابییەکانی بگەیەنێت، کە هەر ڕەنگێک لە ڕەنگەکان بەهاو جوانی خۆی هەیەو دەتوانرێت چێژی لێوەربگیرێت لەکاری هونەریدا، وەک لەم وێنانەدا سەربەخۆیی هەر ڕەنگێک پارێزراوە.

چێوەی تابلۆکان هەمان قەبارەی چێوەی تابلۆکانی چالاکی یەکەمە.

## چالاکی سێیەم

مامۆستا لەڕێگەی ئەم چالاکییەوە ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە، کە مەرج نییە هەموو کارێکی هونەری شێوەی تێدابێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە



لەم کارەیاندا ئەوەیە چۆن قوتابی دەتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ڕەنگە ساردو گەرم و مامناوەندەکاندا بکات و بتوانێت شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و هونەری بەرهەمبهێنێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

## چالاکی چوارەم



مامۆستا هانی قوتابییەکان بدات، تا هەوڵبدەن دیمەنێکی کوردستان دروستبکەن، لەگەڵ ڕەچاوکردن و پاراستنی ڕەنگی هەر شێوەیەک، کە دەینەخشێنن، چونکە هەر شێوەیەک خاوەنی ڕەنگی تایبەت بەخۆیەتی، وەک ئەم وێنەیە. بۆ نموونە گەڵا ڕەنگی سەوزە، بەفر سپییە... تد.

## ئەرکی ماڵەوە

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات بە شێوەی مارمارۆکە شێوەیەکی شیاوو جوان دروست بکەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی و سەربەخۆیی ڕەنگەکان، وەک لە وێنەکەدا دیارە. هەروەها پێویستە قەبارەی تابلۆکە گەورەنەبێت و لە (١٥×١٥سم) گەورەتر نەبێت، تا قوتابییەکە بتوانێت بەشێوەیەکی باش کۆنترۆڵی کارە هونەرییەکە بکات و ڕەچاوی پاکی و پوختی و ڕەختی بکات و بایەخ بە شێوەو ڕەنگەکان بدات.



## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

**جێبەجێکردن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان شێوەیەکی دیاریکراو لە چالاکییەکاندا جێبەجێدەکەن.

| ژ | جێبەجێکردن | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەنگەکان بەباشی لەتەنیشت یەکەوە دادەنێت؟ | | |
| ٢ | شێوەی جیاواز دروست دەکات؟ | | |
| ٣ | لەگەڵ هاوڕێکانیدا بیروڕا دەگۆڕنەوە؟ | | |
| ٤ | هەوڵدەدات هەویرەکە بشێلێت؟ | | |
| ٤ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەکات لەکاتی کارکردندا؟ | | |

## وانەی دووەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: وشککردنەوە

وانە: دروستکردنی شێوەی جیاواز بە گوڵ و گەڵا

کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

---

### سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم تەوەرە

#### سوودە زانیارییەکان

قوتابی فێردەبێت چۆن گوڵ و لاسک و گەڵا وشک بکاتەوە.

#### سوودە کارامەییەکان

قوتابی فێری شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووەکدا دەبێت.

#### سوودە ویژدانییەکان

قوتابی فێری پشوودرێژی و ئارامگرتن دەبێت لەکاتی کارکردندا.

### ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

مامۆستای وانەکە هەوڵدەدات بیرۆکەی کارەکە بە قوتابییەکان بگەیەنێت و شێوازی کارکردنەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە پێویستە ئەوە بە قوتابییەکان بڵێت، کە سەرەتا پێویستە گوڵ و گەڵاکان بخرێنە نێوان دووتوێی لاپەڕەی کتێبەکان، یان دەفتەرەکان، تا بەباشی وشک دەبنەوە. دواتر بگوازرێنەوە بۆ ناو دوو پارچە شووشەی ڕوون، کە بە پێی خواستی مامۆستا، یان قوتابی پێوانەی شووشەکان دیاری دەکرێن.

#### ئامادەکارییەکان:

١. دابینکردنی گوڵ، یان گەڵا.
٢. دابینکردنی دوو پارچە شووشەی ڕوون.
٣. تێپی نایلۆن، یان کاخەز.

## چالاکی یەکەم



لەیەکەم چالاکیدا مامۆستا پێشوەختە قوتابییەکانی ئاگادارکردۆتەوە لەبارەی ئامادەکردنی گەڵای جۆراوجۆری شێوەجوان و شووشەو تێپی نایلۆن. لێرەدا مامۆستا شێوازی کارکردنی بۆ قوتابییەکان ڕوونکردۆتەوەو ئێستە بە کردارەکی ئەم چالاکییە ئەنجام دەدەن، هەروەک لە وێنەکەدا دیارە.

## چالاکی دووەم



لەم چالاکییەدا مامۆستا هەوڵدەدات شێوازی ڕێکخستن و پوختەکردن و دانانی گوڵ و گەڵاکان بەشێوەیەکی نەخشەسازی جوان، بەتایبەت ڕەچاوکردنی یەکەکانی نەخشەسازی، وەک گونجاندن، یەکیەتی، هاوسەنگی، ڕیتم، هارمۆنی، کە ئەمانە دەبنە هۆی جوانترکردنی کارە هونەرییەکە، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

## ئەركی ماڵەوە

یەكێك لەو چالاكییانەی مامۆستا دەیداتە قوتابی ئەركی ماڵەوەیە، ئەمەش بۆ ئەوەیە، تا قوتابی بەشێوەیەكی دەستكراوەتر لەڕووی كات و بیركردنەوەوە باشتر لەجاران ئەركەكەی سەرشانی ڕاپەڕێنێت و بتوانێت كارێكی تەواو





جیاواز لەوانی ڕابردووی جێبەجێ بكات و باشتر كارەكەی ئەنجام بدات، چونكە یەكەم كاتی زۆرتری لەبەردەستدایەو دووەمیش كاتی زیاتری بۆ بیركردنەوەو تاقیكردنەوە لەبەردەستدایە، بێگومان ئەمەش وادەكات باشتر لەجاران خۆی ماندوو بكات و بیرۆكەی جوانتر دابهێنێت و ئاستی خەیاڵبازییەكانی زیاتر بخاتە گەڕو پەیدۆزی پەیرەو بكات.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** تێبینیكردن

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی چاودێری

**ئەنجامی فێركاری:** قوتابییەكان كۆمەڵێك یەكەی وشككردنەوەو ڕازاندنەوە بدەن لە پێكهاتەی سروشتی.

| ژ | ئاماژەكانی جێبەجێكردن | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا ڕەچاوی پوختی و ڕێكی و جوانی دەكەن؟ | | |
| ٢ | ئایا ئاستی شێوازی هەڵبژاردنەكانیان باشە؟ | | |
| ٣ | ئایا ڕەچاوی ڕێنماییەكانی مامۆستا دەكەن؟ | | |

## وانەی سێیەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: تەونکاری

وانە: دروستکردنی شێوەی جیاواز لەڕێگەی تەونکاری و چنینەوە

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

### خستنەڕووی بابەت

سەرەتا مامۆستای وانەکە هونەری تەونکاری لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بەبیر قوتابییەکان دەهێنێتەوە، کە لە تەوەری شەشەم، هونەری کاردەستی، وانەی دووەمدا لە وانەی خوری، دەزوو، داوکاری خراوەتە ڕوو. ئەم بەبیرهێنانەوەیە ئاستی پەیدۆزی و خەیاڵبازی فراوانتر دەکات و دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرەستەو داواکارییەکانی مامۆستادا دەکات.

### سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

#### سوودە زانیارییەکان

کچان و کوڕان بەیەکەوە کار لەسەر شێوازی ئەم جۆرە چنین و تەونکارییەدا دەکەن.

#### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان دەتوانن داهێنان لە شێوازی تەونکارییەکەدا بکەن.

#### سوودە ویژدانییەکان

هەردوو ڕەگەز لە یەک کۆمەڵەدا کاردەکەن و بیروڕا دەگۆڕنەوە لەسەر چۆنییەتی کارکردن و شێوازی جێبەجێکردندا.

### ڕاهێزان و توانستە لەپێشینەکان

١. قوتابی سوود لە نەخشەسازی و ڕازاندنەوە وەردەگرێت بە کردارەکی.
٢. بیرۆکەی نوێ، داهێنانی نوێ ئەنجام دەدات.

## چالاکی یەکەم

سەرەتا مامۆستای وانەکە بیرۆکەی کارەکە بۆ قوتابیان ڕوووندەکاتەوە. بۆ



نموونەی چەند کارێکی چنراوی قوتابییان

نموونە وەک لە وێنەکەدا دیارە، پێویستە سەرەتا قوتابییەکان تابلۆیەکی ئامادەی نیگارکێشان بە قەبارەی (٢٠×٢٠سم)، یان (٢٠×٣٠سم) ئامادە بکەن و دواتر بە سوژن، یان دەرزی قەبارە گەورە ئەو نەخشەسازییەی ئامادەیکردووە دەیچنێت، بەومەرجەی ڕەنگی جۆراوجۆر بەکاربهێنێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی و پوختی لەکاتی چنیندا.

## چالاکی دووەم



نموونەی چەند ڕایەڵەیەکی تەونکاری قوتابییان

لەم چالاکییەدا مامۆستا هەوڵدەدات قوتابییەکان فێری ئەوە بکات، کە مەرج نییە هەر بەتەقەڵ کاری هونەری بە خوری ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەتوانرێت لەڕێگەی تێوەرپێچانەوە کارێکە جوانی هونەری ساز بکرێت، وەک ئەم نموونەیە. (خوری سپی، شین، قاوەیی، سوور...) قوتابی سەربەست بکە لە هەڵبژاردنی جۆری ڕەنگەکان.

## ئەرکیماڵەوە



نموونەی چەندکارێکی تەونکاری چنراوی قوتابییان

مامۆستا هەوڵدەدات ئەرکی ماڵەوە بە قوتابییەکان بسپێرێت، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە کاری هونەری تەونکاری پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، کە لە تەوەری شەشەمدا جێگیرکراوە، وەک ئەم نموونەی سەرەوە. قوتابی لە ماڵەوە باشتر دەتوانێت ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات بەهۆی کاتی زۆرو شوێنی کارکردنەوە.

## پڕۆژە

دوای ئـــــــەوەی مامۆســـتا ئـــەرک بـــە قوتابییـەکان دەسـپێرێت و قوتابییـــەکانیش جێبـــەجێی دەکـــەن، ئـــەوا بێگومـــان کۆمـــەڵێک کـــاری نـــاوازە بەرهەمدێت و مامۆستای وانەکـــــەش دەتوانێـــــت ســـــەرجەم کـــــارە هونەرییـــەکان لـــە شـــێوەی کۆمەڵـــەی لێکچـــوو لـــە



جێبەجێ کردنی کاری پڕۆژە دوای چنینی کارە هونەرییەکان



پڕۆژەی چنین دوای پێکەوە بەستنەوەیان

پڕۆژەیەکدا کۆبکاتـەوە، وەک ئـەم دوو نموونەیـە. لێرەدا ئـەرکی مامۆسـتایە سـەرجەم کـارە هونەرییـەکان لـە یەکەیـەکی یـەکگرتووی کـاری هونەریـدا کۆبکاتەوەو دواتر لە پێشانگە ڕەخساوەکاندا نمایشیان بکات. ئەم پڕۆژەیەش کۆکراوەی چالاکی یەکەم و دووەم و ئەرکی ماڵەوەیە.

## وانەی چوارەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: کۆڵین و لێگرتن

وانە: دروستکردنی شێوەی جیاواز لەڕێگەی سابونەوە

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

### خستنەڕووی بابەت

لەم وانەیەدا قوتابی کەرەستەیەکی نوێ لەبواری پەیکەرسازی و کۆڵین و لێگرتندا تاقیدەکاتەوە، کە ئەویش کەرەستەی سابونە. شایانی باسە، هۆکاری هەڵبژاردنی سابون، وەک کەرەستەیەکی کاری هونەری بۆ بەرکەوتنی ڕۆژانەی قوتابییە بە سابون، کە دەتوانرێت وەک کەرەستەیەکی هونەری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و شێوەی جیاوازو جوانی لێ دروستبکرێت. ئیدی لێرەوە قوتابی ئاستی پەیدۆزییەکانی فرە دەبێت و دەتوانێت بیرۆکەی نوێ لە خەیاڵدانیدا بدۆزێتەوەو لەکارە نوێکانیدا بەکاریان بهێنێت. مامۆستا هەوڵدەدات وانەکە سادە بکاتەوەو لە قوتابییەکانی ئاڵۆز نەکات.

### سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

#### سوودە زانیارییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان باشتر لە مەبەستی کۆڵین و لێگرتن تێبگەن.

#### سوودە کارامەییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان کەرەستەو شمەکی جیاواز لەکاری پەیکەرسازیدا بەکاربهێنن.

#### سوودە ویژدانییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان توانا دەستییەکانیان تاقیبکەنەوەو بەهێزیان بکەن.

### ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

چاڵکردن و ڕووبەرزکردنی شێوەی جیاواز لەسەر سابون.




چەند نموونەیەکی هونەری کۆڵین لەسەر سابون

مامۆستا لەم چالاکییەدا پێشوەخت داوای لە قوتابییەکان کردووە، تا ئەم کەرەستانە ئامادە بکەن، وەک سابونێک، چەقۆیەکی میوە (مشارنەبێت). دواتر لە پۆلدا داوایان لێدەکات بەهێواشی شێوەیەک لەسەر سابونەکە بکۆڵن لەگەڵ ڕەچاوکردنی خۆپارێزی لە دەستبڕین. هەروەها، پێویستە ئەم کارەش بە هێواشی ئەنجام بدرێت و پەلە نەکرێت لە جێبەجێکردنیدا.

## چالاکی دووەم

لەم چالاکییەدا مامۆستا پێشوەختە داوای لە قوتابییەکان کردووە سابونێک و کەرەستەی لێگرتن و کۆڵین لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. دواتر داوا لە



دوو نموونەی هونەری کاری ڕووبەرز لەسەر سابون

قوتابییەکان دەکات بە پێچەوانەی چالاکی دووەم ئەمجارە شێوەیەکی ڕووبەرز دروستبکەن، وەک لە وێنەکەدا دیارە. بۆ ئەم مەبەستەش مەرجە مامۆستا قوتابییان سەرپشک بکات لەو کارەی هەڵیدەبژێرن. دواتر مامۆستا دەتوانێت بەرهەمی چالاکی یەکەم و دووەم لە پڕۆژەیەکی جواندا نمایش بکات.

## کەرەستەو شمەکی کارکردن



مامۆستا دەتوانێت کەرەستەو شمەکی لێگرتنی پەیکەرسازی و گڵێنەکاری بەکاربهێنێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

## وانەی پێنجەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: بۆکسی هونەری

وانە: دروستکردنی چوارچێوەی بۆکس بە کارتۆنی قەبارە جیاواز

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت

لەم وانەیەدا مامۆستا سوود لە کارتۆنی پێڵاو وەردەگرێت بە قەبارەی جیاواز. واتە قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا کارتۆنی پێڵاوی فڕێدراو کۆبکەنەوەو دووبارە بەکاری بهێننەوە لە کارێکی تەواو هونەریدا. ئەمەش بەمەبەستی بەکارهێنانی وەک چوارچێوە بۆ کاری هونەری، کە ئەمەش وا لە قوتابی دەکات زیاتر توانا ژیرییەکانی بەکاربهێنێت و توانا کارامەییەکانی بخاتە خزمەت کاری هونەرییەوە.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

قوتابییەکان تێدەگەن، کە هەموو شتێکی فڕێدراو دەتوانرێت بەکاربهێنرێتەوە، هەروەک چۆن لە ڕابردوودا لەوانەی دووبارەبەکارهێنانەوەدا ئەنجامی داون.

### سوودە کارامەییەکان

بۆ ئەوەی قوتابییەکان چوارچێوە لە شتی بەرجەستە دروست بکەن.

### سوودە ویژدانییەکان

بۆئەوەی قوتابییەکان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا لە هاوسۆزی و هاوکاریکردنی یەکتریدا بەردەوام بن.

## ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

**پێویستە قوتابییەکان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە:**

١. باشترین کەرەستە بۆ دروستکردنی چوارچێوە کام ماددەیەیە؟
٢. هەندێک لەو کەرەستە جیاوازانەم پێ بڵێ، کە بۆ دروستکردنی چوارچێوە پەسندە؟

## چالاکی یەکەم

مامۆستا لەم چالاکییەدا پێشوەختە قوتابییەکانی ئاگادار کردۆتەوە، کە پێویستە هەریەکەیان کارتۆنێکی بەتاڵی پێڵاو لەگەڵ خۆیاندا بهێنن لەگەڵ ئەم کەرەستانە:

(کەتەر، راستەی ئاسن، قەڵەم دار، قوماش، یان کاغەزی رەنگاورەنگ، سیکۆتین، یان کەتیرەی وشک).

سەرەتا مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات ناوکەفی سەر کارتۆنەکە هەڵبگرن و بەراستەکە لەهەر لایەکەوە دوو، یان سێ سانتیم دیاری بکەن و دواتر ناوکەفەکە بەکەتەر ببڕن و دەربهێنن بەومەرجەی ئاگاداری خۆپارێزی جەستەیان بن. دواتر بە کاغەز، یان قوماش رووی کارتۆنەکە رووپۆش دەکەن، بەومەرجەی رەچاوی پاکوخاوێنی و پوختی کارەکە بکەن، وەک لە وێنەکەدا دیارە. هەروەها، ئەرکی مامۆستایە چاودێری و سەرپەرشتی کارەکانی قوتابییەکان بکات و پێیان رابگات، تا کارئاسانیان بۆ بکات لە جێبەجێکردندا.



چەند نموونەیەکی چوارچێوەی بۆکس



چەند نموونەیەکی چوارچێوەی بۆکس

ئەم چالاکییە دەبێتە ئەرکی ماڵـــەوە. واتـــە مامۆســـتا قوتابییـــەکان ڕادەســـپێرێت لە ماڵەوە ئەم کارە ئەنجام بـدەن، بـەڵام بەومەرجـەی قوتابییەکان بـەدڵی خۆیان قـــــەبارەو شـــــێوەی کارتۆنـــەکان هــــەڵبژێرن لەگـــەڵ ئـــەو کەرەســـتەو شـــــــمەکانەی بـــــــۆ ڕووپۆشـــــــــــکردنی بەکاریـــدەهێنن، وەک لـــە وێنەکەدا دیارە.

لێـــرەدا مامۆســـتا دەتوانێت هەندێک پێشنیار بخاتە بەردەم قوتابییەکان، وەک بەکارهێنانی لاستیک، خـوری، گونییـە، شووشـە، توێکڵـــــــەدار بـــــــۆ ڕووپۆشــــــکردنی ڕووی چوارچێوەکە. ئیدی لێرەوە قوتـابیش دەتوانێـت خـۆی یــەکێک لــەم پێشــنیارانە هـــەڵبژێرێت، یـــان خـــۆی داهێنـان بکـات لـە هەڵبژاردنەکانیدا. لـەکاتی گێڕانـەوەی کارەکانـدا مامۆسـتا گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان ئەنجام دەدات.

## وانەی شەشەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: ڕووپۆشکردن

وانە: ڕووپۆشکردنی قەبارەی جیاواز بە کەرەسەتی جۆراوجۆر

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

### خستنەڕووی بابەت

مامۆستای وانەکە هەوڵدەدات بیرۆکەی ڕووپۆشکردن بەبیر قوتابییەکان بهێنێتەوە، بەتایبەت لە وانەکانی هونەری کاردەستی، کە لە سالانی ڕابردوودا خوێندوویەتی، بەڵام لەم قۆناخەدا پێویستە کەرەستەکان بگۆڕدرێن و ئاستی هونەری کارکردنەکەش بەرزبێت. لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا هەوڵدەدات جگە لەم چالاکیانە پشت بە بیرۆکەی قوتابییەکانیش ببەستێت و ئاستی پەیدۆزییان ببینێت.

### سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

#### سوودە زانیارییەکان

قوتابی باشتر لەجاران لە دووبارەبەکارهێنانەوە «Recycling» تێدەگات.

#### سوودە کارامەییەکان

دروستکردنەوەو دارشتنەوەی چەندین شێوەی هونەری جیاواز لەم کەرەستە خاوانە.

#### سوودە ویژدانییەکان

ئاستی بەخۆزانی فرە دەبێت و باشتر لەجاران بیر لە ئەرکەکانی سەرشانی دەکاتەوە.

### ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

#### پێویستە قوتابی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە:

ئایا مەرجە هەموو کەرەستەیەکی فڕێدراو کارێکی جوانی هونەری لێ سازبکرێت؟

## چالاکی یەکەم



نموونەی چەند کارێکی ڕووپۆشکراو

لەم چالاکییەدا، پێشوەختە مامۆستا قوتابییەکانی ئاگادار کردۆتەوە بۆ ئەوەی هەندێک کەرەستەی جۆراوجۆری بەکارهاتوو لەماڵەوە لەگەڵ خۆیاندا ئامادە بکەن، وەک: قوتوی دۆشاوی تەماتە، قوماشی ڕەنگاوڕەنگ، قۆپچەی ڕەنگاوڕەنگ، مووروی ڕەنگاوڕەنگ، دەزووی ڕەنگاوڕەنگ، دەرزی، قردێلە، ئۆیە، سیکۆتین، یان هەر کەرەستەیەکی تر، کە لەماڵەوە کاری پێناکرێت و بۆ ئەم چالاکییە بەسوودە، بەومەرجەی قوتابی پارەی پێنەدات. بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستە سەرەتا مامۆستا نموونەیەکی لەماڵەوە ئامادە کردبێت و دواتر هەنگاوەکانی کارکردن لەپۆلدا بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوە، تا قوتابییەکان لەمەبەستی مامۆستا تێبگەن، وەک ئەم نموونانەی لە وێنەکەدا دیارن.

لێرەدا مامۆستا سەرپەرشتیارو چاودێرو ئاڕاستەکەرە.

## چالاکی دووەم

ئەم چالاکییە ئەرکی ماڵەوەیە، چونکە بۆ ئەوەی قوتابی کاتی باشتری لەبەردەستدا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییە. لەهەمانکاتیشدا لەوانەیە پێویستی بەشوێنی فراوانتریش بێت، تا کەرەستەو شمەکەکانی تێدا بڵاوبکاتەوە. کەواتە وەک لە هەردوو وێنەکەدا دیارە



دوو نموونەی ڕووپۆشکراو بە کەرەستەی جیاواز

مامۆستا قوتابییەکان سەرپشک دەکات لە چۆنییەتی ڕووپۆشکردنی، وەک لە وێنەی یەکەمدا کەرەستەی جیاوازی جوانکاری بەکارهاتووە بۆ قوتووە ئاوەتەماتەکە. هەروەها لە وێنەی دووەمیشدا لولەیەکی تۆپە قوماشی فڕێدراو بەکارهاتووە، بەڵام بە خوری ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆش کراوەو کەرەستەو شمەکی جیاوازی تێدا بەکارهێنراوە. جا ئەو دوو نموونەیە دەتوانرێت پیشانی قوتابییەکان بدرێت و دواتر قوتابیش بیر لە بیرۆکەی تایبەت بەخۆی بکاتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری جوان لەگەڵ



ڕووپۆشکردن بە خوری ڕەنگاوڕەنگ

ڕەچاوکردنی «پاکی و پوختی و ڕێکی». لە کاتی نمایشکردندا مامۆستا وەک پرۆژەیەکی تەواو هەمووان پێکەوە نمایش دەکات.

# وانەی حەوتەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: مۆزائیک

وانە: ڕووپۆشکردنی قەبارەی جیاواز بە شووشەو کاشی ڕەنگاوڕەنگ

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت

مامۆستا لەم وانەیەدا هەوڵدەدات هونەرکاری مۆزائیک بە قوتابییەکان بناسێنێت. هەروەها لەڕێگەی تەوەری مێژووی هونەر لە پۆلی هەشتەم، هونەری یۆنانی و ڕۆمانی ئەم هونەرە بەبیر قوتابییەکان دەهێنێتەوە. لەهەمانکاتیشدا ئەو کەرەستەو شمەکانەی بۆ ئەم کارە پێویستن بە قوتابییەکانی دەناسێنێت.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

فێربوونی بەکارهێنانی شووشەو کاشی و پارچە پلاستیک و بەرد، وەک یەکەیەکی ڕازاندنەوەو جوانکاری و نەخشەسازی.

### سوودە کارامەییەکان

دروستکردنی شێوەی جیاواز لەڕێگەی بیرۆکەی داهێنەرانەوە.

### سوودە ویژدانییەکان

تواناکانی خۆی و هاوڕێکانی دەبینێت و شانازی بەخۆیەوە دەکات، کە دەتوانێت، دەزانێت، جێبەجێ دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

پێویستە قوتابییەکان وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەنەوە:

- هونەری مۆزائیک لە چیدا بەکاردەهێنرێت؟
- سوودەکانی هونەری مۆزائیک چییە؟


نموونەی هەندێك كاری مۆزائیك

مامۆستا هەموو كەرەستەو پێداویستییەكانی ئەم چالاكییەی ئامادە كردووە لە شووشەو كاشی ئامادەو هێڵم و شێوەی جیاوازی وەك گۆزە، یان هەر شمەكێكی تر. لێرەدا پێویستە مامۆستا كورتە باسێك دەربارەی هونەری مۆزائیك بۆ قوتابییەكان باس بكات و هەندێك وێنەی ڕوونكاری نمایش بكات، دواتر بیرۆكەی كارەكە ڕوون بكاتەوە، بەومەرجەی ئاگاداری خۆپارێزی و پاكوخاوێنی شوێنكارەكە بكەن. مامۆستا دەتوانێت كاشی ئامادەی پارچەكراوی ڕەنگاوڕەنگی مۆزائیكی ئامادە بكات، كە لەچەند ڕوویەكەوە بەسوودە، وەك كات دەگێڕێتەوەو زووتر دەتوانرێت كارەكەی پێ ئەنجام بدرێت.

پێویستە مامۆستا قوتابییەكان بكاتە كۆمەڵەی (٤-٦) كەسی و دواتر هەر كۆمەڵەیەك بیرۆكەی خۆی لەسەر كاخەز بۆ مامۆستا پێشنیار بكات، دواتر مامۆستا بەپێی ئەوكاتەی بۆ وانەكە دیاریكراوە نەخشەسازییەكانی قوتابییەكان هەڵدەسەنگێنێت و سەرنج و تێبینیان لەسەر دەدات، ئنجا قوتابییەكان دەست بەكاركردن دەكەن. لەهەمانكاتیشدا پێویستە نەخشەسازییەكە سادەو ساكاربێت، وەك لە وێنەكەدا دیارە.

# وانەی هەشتەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: هونەری داوکاری

وانە: سترینگ ئارت String Art

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت

مامۆستا لەم وانەیەدا هەوڵدەدات بەهاو کاری داوکاری لە یەکەیەکی تەواو هونەریدا پیشان بدات و بە قوتابییەکانی بناسێنێت، ئەمەش لەڕێگەی پیشاندانی هەندێک کاری بەرجەستەی ئامادەکراوو وێنەی ڕوونکاری لەبارەی ئەم هونەرەوە.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

قوتابی فێری تەونکاری لێکهەڵوەشاو دەبێت لەڕێگەی بزمار، یان دەمبوس کوتینەوە.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابی هەوڵدەدات بیرۆکەی نوێ دابهێنێت جیاواز لەجاران.

### سوودە ویژدانییەکان

دوای تەواوبونی کارەکان قوتابییەکان هەست بەخۆشی دەکەن.

## ڕاهێزان و توانسته له پێشینەکان

**بۆ ئەوەی قوتابییەکان بتوانن، کە:**

١. جیاوازی بکەن لە نێوان ئەو کارەی لە ڕابردوودا کردوویانەو ئەم کارەی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن.

٢. کەرەستەو پێداویستی جیاوازتر لەجاران بەکاربهێنن.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

پێشوەخت مامۆستا قوتابییەکان ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەم کەرەستانە ئامادە بکەن: تەپەدۆرێک بە قەبارەی (١٥×١٥سم) (فلین)، قوماشێکی یەک ڕەنگ، دەمبووس، بەکرە، یان کەلاف. بۆکسی ئامادەش هەیە قوتابی




کەرەستەو شمەکی ئامادە بۆ کاری سترینگ ئارت

دەتوانێت لە پەڕاوگەکان ئامادەی بکات، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

## چالاکی



مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات قوماشەکە بخەنە سەر تەپەدۆرەکەو لە بەشی دواوەڕا بە دەمبووس جێگیری بکەن، تا نەخزێت، دواتر دەمبووسەکان بچەقێنن لە قوماشی سەر تەپەتۆرەکەو خۆشیان بیرۆکەیەک لە نەخشەسازییەکەدا بسازێنن، پاشان داوەکە ڕایەڵ بکەن بەنێو دەمبووسەکاندا، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

## ئەرکی ماڵەوە


دەستپێکی کارکردن لە سترینگ ئارتدا

مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت لە ماڵەوە ئەم چالاکییە ئەنجام بدەن بەم شێوەیە: سەرەتا قوتابییەکە لەسەر کاخەزێک دیمەنێک بە قەڵەم ڕەساس دەکێشێت (وەک لە وێنەکەدا دیارە) دواتر کاخەزەکە لەسەر پارچە تەختەیەک جێگیر دەکات و بە بزماری دەرزیلەیی بەسەر دیمەنەکەوە دایدەکوتێت، دوای ئەوەی تەواوی دیمەنەکەی بزمارڕێژ کرد کاخەزەکە دەدڕێنێت و لێی دەکاتەوە، دواتر بە دەزوو نێوان بزمارەکان ڕایەڵە دەکات.

لێرەدا مامۆستا قوتابی سەرپشک دەکات لەو شێوەیەی هەڵیدەبژێرێت، بەو مەرجەی ڕەچاوی پاکی و پوختی و ڕێکی بکات، وەک لەم وێنانەدا چەند نموونەیەک خراوەتە ڕوو.

هەروەها مامۆستا ڕێنمایی زیاتر لەبارەی شێوازی کارکردن لەم هونەرەدا دەخاتە بەردەستی قوتابییەکان لەڕێگەی نمایشکردنی وێنەی ڕوونکارییەوە.


نموونەی چەند کارێکی سترینگ ئارت

## وانەی نۆیەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: هونەری گۆزەگەری

وانە: دروستکردنی گۆزەی نەخشێنراو بە کاخەز

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت

پێشوەخت مامۆستا داوای لە قوتابییەکان کردووە، تا کاخەزی بێکەڵک لەگەڵ خۆیان بهێنن، بەتایبەت ڕۆژنامەی بەسەرچوو، چونکە کاخەزی ڕۆژنامە نەرم و تەنکە و باشتر دەتوانرێت بۆ ئەم کارە بەکاربێت. لە هەمانکاتدا مامۆستا شێوازی دروستکردنی گۆزە لە قوڕەوە دەگۆڕێت بۆ کاخەزو ئەمەش پێویستی بە کارامەیی زیاتری قوتابی دەبێت، چونکە ئەو کەرەستانەی لەڕابردوودا بۆ دروستکردنی گۆزەیەک بەکاردەهات، قوڕ، یان هەویر بوو، بەڵام لەم وانەیەدا تەنها بیر لە شێوازێکی کۆلاجی دەکرێتەوەو دواتریش بە بۆیە ڕەنگ دەکرێت و بەنەخش و نیگار دەڕازێنرێتەوە.

## سوودەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

قوتابییەکان لەمەبەستی دروستکردنی شێوەی جیاواز تێدەگەن.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان شێوەی گۆزە، یان جیاواز بە کەرەستەی جیاواز دروست دەکەن.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابییەکان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا پەیوەندی دەگرن و هاوسۆزی بۆ یەکتر دەردەبڕن.

## ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

تا بتوانن هەندێک شێوەی سادەو ساکار بە کاخەز دروست بکەن.

## چالاکی



مامۆستا، وەک دەستپێک هەوڵدەدات ئەو کەرەستەو شمەکانەی قوتابییەکان لەگەڵ خۆیاندا هێناوییانە لە وانەیەکی ڕێکخراوو پلان بۆداڕێژراودا بیانخاتە گەڕ، وەک لوولدان و تۆپەڵەکردنی ڕۆژنامەکەو دواتر تێوەرپێچانی ڕۆژنامەو ڕێکخستنی بە هێلم. واتە چین چین ڕۆژنامەکە بە هێلم دەکات و دواتر دەیدات بە تۆپەڵە کاخەزەکەوە، تا شێوەی گۆزەیەکی ڕاستەقینەی لێدەردەچێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە بەپێی ئەو نەخشەسازییەی بۆی کێشاوە، چونکە نابێت قوتابی ئەوەش فەرامۆش بکات، کە ئەم کارە پێویستی بە کەمێک ئامادەکاری هەیەو بە شێوەیەکی پشوودرێژانە کاری تێدا بکات. لە هەمانکاتیشدا مامۆستا چاودێرو ئاراستەکەرەو تێبینی و سەرنجی خۆی دەداتە قوتابییەکان.



### کەرەستەی بەکارهاتوو

١. ڕۆژنامەی بەسەرچوو
٢. هێلم
٣. بۆیەی ئاوی
٤. فڵچەی ئاوی
٥. دەسماڵکاخەزی (کلێنس)

# تەوەری سێیەم



# پرۆژە

## وانەی یەکەم

تەوەر: پرۆژە
بابەت: ڕەنگکاری
وانە: ڕەنگکردنی بەکۆمەڵ لەسەر کاخەز
کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

### خستنەڕووی بابەت

لەم وانەیەدا مامۆستا هەوڵدەدات قوتابییەکان لە کۆمەڵەی (٤بۆ٦) کەسی ڕێکبخات و دواتر سەرپشکیان بکات لەو کارەی ئەنجامی دەدەن. بۆ نموونە کۆمەڵەی ئەلف بڕیار دەدات وێنەی قەلەباچکە بکێشن. واتە هەر شەش قوتابییەکە یەکی وێنەیەکی قەلەباچکە دەکێشن و دواتر بە ئارەزووی خۆیان وێنەکە ڕەنگ دەکەن، ئنجا دوای لێبوونەوە هەموو وێنەکان لەیەک وێنەدا ڕێکدەخرێنەوە، وەک پرۆژەیەکی یەکگرتوو. مامۆستا سەرپەرشتیارو ئاڕاستەکەرە. لێرەدا مامۆستا سوود لە کاری ئەنجامدانی پرۆژەی ساڵانی ڕابردوو وەردەگرێت و شێوازی کارکردن بەبیر قوتابییەکان دەهێنێتەوە، بەتایبەت پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، تەوەری هەشتەم، پرۆژە.

### سوودەکانی ئەم وانەیە

#### سوودە زانیارییەکان

تاقیکردنەوەیەکی نوێ، بەڵام بەشێوازێکی نوێتر لەجاران ئەنجام دەدات.

#### سوودە کارامەییەکان

بیر لە شێوازو کەرەستەی نوێ دەکاتەوە بۆ جێبەجێکردن.

#### سوودە ویژدانییەکان

هاوڕێی نوێ دەگرێت و مامەڵەی جیاوازتر لەجاران ئەنجام دەدات.

### ئەرکی مامۆستا

ئەرکی مامۆستایە چاودێرو ئاڕاستەکەری قوتابییەکان بێت و سەرەتا هەندێک پێشنیار بخاتە بەردەم قوتابییەکان و هانیشیان بدە بیرۆکەی خۆیان بەکاربهێنن.

## چالاکی





هونەری ڕەنگکاری

لەم چالاکییەدا مامۆستا هەوڵدەدات قوتابییەکان بخاتە کۆمەڵەی (٤بۆ٦) کەسی و دواتر کۆمەڵەکان ڕابسپێریت، تا هەریەکەیان نیگارێک لە بیرۆکەیاندا بگرن، ئنجا جێبەجێی بکەن، بەڵام پێویستە هەر کۆمەڵەیەک لەسەر نیگارێک ڕێکبەکەون، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

### دەستپێکی چالاکی:

سەرەتا هەر قوتابییەک لە کۆمەڵەکەیدا بە قەڵەم ڕەساس ئەو وێنەیە دەکێشێتەوە، کە کۆمەڵەکەی لەسەر ڕێککەوتوون، دواتر بەو بۆیەو ڕەنگانەی ئامادەن بۆ کارپێکردن نیگارەکە ڕەنگ دەکەن، جا ئەگەر قەڵەم ماجیک بێت باشترە، چونکە کاتی زۆرتر بۆ وانەکە دەگێڕێتەوە.

### خستنەڕوو:

دوای تەواوبوون، مامۆستا کاری هەرکۆمەڵەیەک بەجیا کۆدەکاتەوەو دواتر لێکیان دەدات و لە یەک کاردا نمایشیان دەکات.

### کەرەستەی کارکردن:

کارتۆن، یان فایل، ماجیک، قەڵەم ڕەساس.

# وانەی دووەم

تەوەر: پرۆژە

بابەت: لکاندن (کۆلاج)

وانە: لکاندن، یان ڕەنگکردنی بەکۆمەڵ لەسەر کارتۆن

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت

مامۆستای وانەکە هەوڵدەدات بیرۆکەی وانەکە بۆ قوتابییەکان شیبکاتەوە. هەروەها پێویستە مامۆستای وانەکە بە هاوکاری قوتابییەکان بیرۆکەی کارەکە دابڕێژن و هاوکاری یەکتر بکەن لە ئامادەکارییەکان. بۆ نموونە مامۆستا کارتۆنی قەبارە گەورە دەهێنێت و دواتر بیرۆکەی پێشنیارکراو دەخەنە سەر کارتۆنەکە لەڕێگەی قەڵەم ڕەساسەوە، دواتر بە مقەست، یان بەکەتەر ناوکەفی بیرۆکەکە دەردەهێنرێت، ئنجا بە کاخەزی سپی شێوە دەرهێنراوەکە رووپۆش دەکرێت و لە کۆتاییشدا قوتابییەکان بە بۆیەی ئاوی ڕەنگی دەکەن.

## سوودەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

قوتابییەکان وردتر لەجاران مامەڵە لەگەڵ بۆیەی ئاویدا دەکەن.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان باشتر لەجاران دەتوانن پانتایی بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ پڕبکەنەوە.

### سوودە ویژدانییەکان

گەشەپێدان و هەستی جوانناسی لەناخی قوتابییەکاندا.

## ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

پێویستە قوتابی بزانێت بۆچی ئەم کارە ئەنجام دەدات؟

## چالاکی یەکەم

مامۆستای وانەکە سەرەتا لەگەڵ قوتابییەکان بیرۆکەیەک گەڵاڵە دەکەن، دواتر بیرۆکەکەیان دەخەنە سەر کارتۆنێکی گەورە، وەک لە وێنەکەدا دیارە، ئنجا بەکەتەر، یان بە مقەست دەیبڕن و شێوەکە دەردەهێنن. لە کۆتاییدا شێوەکە ڕووپۆش دەکەن بۆیەی ئاوی، یان کۆلاجکردنی شێوەکە بە کاخەزی ڕەنگاوڕەنگی جۆراوجۆر، کە شیاوبێت لەگەڵ شێوەی پلان بۆداڕێژراوەکە.



1 2

هەنگاوەکانی ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی پڕۆژەیەکی هونەری

### کەرەستەو شمەکی پێویست

١. کارتۆنێکی قەبارە گەورە.
٢. کاخەزی ڕەنگاوڕەنگی جیاواز.
٣. مقەست.
٤. کەتیرەی وشک (ستیک).

### شێوازی ڕێکخستن

پێویستە مامۆستا قوتابییەکان لە کۆمەڵەی (٤بۆ٦) کەسی ڕێکبخات.





پڕۆژەی ڕەنگكاری

مامۆستای وانەكە لەگەڵ قوتابییەكاندا بیرۆكەیەكی شیاو لەگەڵ تەمەنی قوتابییەكان هەڵدەبژێرێت و دواتر هەمان بیرۆكە دەگوازنەوە سەر كارتۆكە، ئنجا بە مقەست، یان بەكەتەر ناوكەفی شێوەكە دەردەهێنن، وەک لە وێنەكەدا دیارە.

لێرەدا قوتابییەكان بەبۆیەی ڕەنگاوڕەنگ شێوەكە ڕووپۆش دەكەن (وەک ئەوەی لەسەری ڕێككەوتوون)، دواتر بۆ جوانتركردنی شێوەكە لە كۆتاییدا بە كاخەزی جۆراوجۆر دەیڕازێننەوە، تا دیمەنی شێوەكە جوانتر دەربكەوێت. واتە بۆیەكردنەكە دەبێتە پاشینەی (باكگراوند) كارەكە.

## ئەركی مامۆستا

ڕێكخستن و ئامادەكردنی كارەكانە، ئنجا سەرپەرشتیكردن و ئاڕاستەكردنی قوتابییەكانی دەكەوێتە سەرشان، چونكە كارەكە پێویستی بە ڕێنوێنی مامۆستا دەبێت بۆ قوتابییەكان، تا كارەكەیان لە ئاستێكی باڵای هونەریدا ئەنجام بدەن، وەک لە وێنەكەدا دیارە.

## لێکبەستن و پێکەوەگرێدانی یەکەی پرۆژە




دوای ئـــــــەوەی قوتابییـــەکان تـــەواوی ئامادەکاری دەکەن لەنێو کۆمەڵەکانـدا بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی چالاکییـەکی پـلان بـۆدارێژراو، ئـەوا بێگومـــان تـــەواوی پرۆسـەی وانەکە چالاک دەبێـــت و وەک لـــە وێنەکەشدا دیارە قوتابییەکانیش دەکەونە خۆ، تا بتوانن باشترین و جوانترین و پاکترین کاری هونەری ئەنجام بدەن.

ئیـدی لێـرەوە ئـەرکی مامۆسـتایە تـەواوی کارەکـان کۆبکاتـەوەو لـە یەکەیـەکی پـرۆژەی پـلان بـۆدارێژراودا ڕێکیـان بخاتەوەوبیانخاتـە بـەرچاو. وەک لـە وێنەکەشـدا دیـارە پێویسـتە مامۆسـتا ڕەچـاوی هەندێک خاڵ بکات لەوانەش:



١. هـــەڵبژاردنی کـــارە تەواوکراوەکان.
٢. پێکەوەگرێـدانی کـارە لێکچووەکان.
٣. نمایشـــکردنی کـــاری هـــەر کۆمەڵەیـــەک بەجیاو دواتر لێکتریان نزیک بکاتەوە.
٤. هـــەڵبژاردنی شـــوێنی نمـاییش، چونکە شـوێنی نمایشـەکە بـەهای هونـەری زیاتر بـەکارەکان دەبەخشێت.

# فەرهەنگۆک

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتکەگرتن | إستقرار | Stability |
| ئازادی | الحرية | Liberty |
| ئاست | مستوى | Level |
| ئاسانکردن | تبسيط | Simplification |
| ئاسایی، باو، ئاشنا | مألوف | Familiar |
| ئاگاداری، وریاکردنەوە | الانتباه | Attention |
| ئاکار | أخلاق | Moral |
| ئامێر، ئامراز، کەرەستە | آلة، أداة | Instrument |
| ئامادەیی | الاستعداد | Readiness |
| ئامادەکردن، ئاسانکردن، پێشەکی | تمهيد | Preface |
| ئامادەکاری، ئامادەیی | تمهيدي | Preliminary |
| ئەستوری، سەختی، دژوار | ثخانة | Thickness |
| ئاڕاستەکان | الاتجاهات | Attitudes |
| ئارەزوو، حەز، مەبەست | ميل، أسلوب | Tendency |
| ئاوێزە | المنشور (نشور زجاجي) | Prism |
| ئاگامەندی | الوعي | Consciousness |
| ئەزموون (تاقیکردنەوە) | اختبار، تجربة، خبرة | Experience |
| ئەزموونگەری | اختباري، تجريبي | Experimental |
| ئەنجام | نتيجة | Result |
| ئەندێشەکردن، خەیاڵکردن | التخيل، تصور | Imagination |
| ئێرەیی، ئیرەیی، چکۆسی، کندۆسی، حەسوودی | حسد، غيرة | Envy، Jealousy |
| ئیشی دەست، کاردەستی | أعمال يدوية | Handdicraft |
| باو | تقليدي | Conventional |
| بایەخدار، بەنرخ | قيم | Valuable |
| برەوپێدان، پێشخستن | ترويج، تعزيز | Promotion |
| بڵاوکراوە (گشتاندن) | التعميم | Generalization |
| بنەڕەت، بنچینە | اساس، عنصر اساسي | Basis, Basics |

| | | |
|---|---|---|
| Basics of Design, Principies of Design | أسس التصميم | بنەماکانی نەخشەسازی |
| Self conscious | واع ذاته، الوعي الذاتي | بەخۆزان |
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردکردن، بەراوردکاری |
| Visible | قابل للرؤية | بەربین (بەرچاو) |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەک |
| Voluntary Reaction | الاستجابة الارادية | بەرتەکی خوازەکی |
| Seek | التماس | بەرکەوتن، گەڕان |
| Perception | المدرک الحسي | بەرهەست |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، احداث، تقليد، تخليد | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Creative | خلاق | بەهرەدار |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعليم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | أصباغ البوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | أصباغ الجواش | بۆیەی گواش |
| Water color | أصباغ المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | أصباغ أكريليک | بۆیەی ئەکریلیک |
| Quick Thinking | تفكير السريع | بیرکردنەوەی خێرا |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Ideas | أفكار، فكرة | بیرۆکە |

| | | |
|---|---|---|
| Boredom | ملل | بێزار، بێتاقەت، بێ ئومێد |
| Vision | الرؤية | بینگە |
| Optic | البصري | بینەوەر |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Blocks | كتل | پارچە، تۆپەڵ |
| Hindsight | الاستبصار الخلفي، الادخار المتأخر | پاشبینی |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعمق | پتەوکردن، بەهێزکردن، ڕاهێزان |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية الديناميكية | پڕجووڵە، کەسییەتی پڕجووڵە، جرین |
| Forget it | فزولي | پرسن، کونچکاو (لەبیری بکە) |
| Project | مشروع | پرۆژە |
| Program | برنامج | پرۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برنامج تعليمية | پرۆگرامی فێرکاری |
| Plan, policy, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Educational Plan | الخطة التعليمية | پلانی فێرکاری |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن |
| Education | تربية | پەروەردە |
| Spectrum Colors | الوان الطيف | پەلکەزێڕینە |
| An example | مثال | پەند، نموونە |

| | | |
|---|---|---|
| Curiosity | حب الاستطلاع | پەیدۆزی (لەدووگەڕان) |
| High Relief | نحت البارز | پەیکەری بەرزەڕوو، پەیکەری هەڵتۆقیوو |
| Low Pictorial | نحت مبسط | پەیکەری تەختەڕوو |
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Classification | تصنيف | پۆلێنکردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسکردن |
| Collapse | طي | پێچانەوە، قەدکردن، لولدان |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزونزم |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقڵانە |
| Artisan | حرفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Identical | مطابق | پێکچوو |
| Structure | بنية | پێکهاتە |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێکهاتە ڕووتەڵەکییەکان |
| Artistic elements | عناصر الفنية | پێکهاتە هونەرییەکان |
| Structure | تركيب، بنية | پێکهاتە، پێکهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |
| Design Elements | عناصر التصميم | پێکهاتەکانی نەخشەسازی |
| Rebuilding | ترميم | پینەکاری، دەستپێداهێنان |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری، زانستخوازی |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیۆلۆجییەکان، زیندەکی |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Low Relief | نحت نافر | تاشینی دیار (پەیکەری ڕووبەرز) |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری(هەڵچوون بۆ ئەم |

| | | |
|---|---|---|
| | | دەستەواژەیە بەکارنایەت، چونکە مرۆڤ هەڵناچێت، بەڵکو تاوێک گیردەبێت) |
| Emotions | إنفعالات | تاوگیرییەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Fear | خوف | ترس |
| Flat | منبسط | تەخت |
| Translation | ترجمة | تەرجومە (وەرگێڕان) |
| Architecture | العمارة، هندسة معمارية. فن معماري، أسلوب بناء | تەلار، ئەندازیاری تەلارسازی، هونەری تەلارسازی، شێوازی تەلارسازی |
| Formation | تكوين، تشكيل، بنية | تەواوکردن |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای خۆگونجاندن، توانای ڕاهاتن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینەوەرییەکان، پێکهاتە بینەوەرییەکان |
| Anger | غضب | توڕەیی |
| Anatomy | تشريح | توێکاری |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعن | تێڕوانین، دیقەتدان، تێبینیکردن |
| Irradiation | اشعاع | تیشکدان |
| Rivalry | تناحر | تێکبەربوون |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Destruction | هدم، تخريب، تدمير | تێکدان، ڕووخاندن |

| | | |
|---|---|---|
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێگەیشتن |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپژان) |
| Comprhension | استيعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Delinquent | جانح | جرپن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرپنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم الجمال، جمالي | جوانناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, Contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| World | العالم | جیهان |
| Globalization | العولمة | جیهانگیری |
| Print With a Fingerprint | طباعة بالبصمة | چاپگەری پەنجەمۆر |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Observation | مراقبة | چاودێری (چاودێریکردنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | شتێک) |
| Ream | غصن | چڵ |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمک، بیرۆکە |
| Square | مربع | چوارگۆشە |
| Taste | ذوق (الذوق الفني) | چێژ (چێژی هونەری) |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Desire, Inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Dot | النقطة | خاڵ |
| Dotting | تنقيطي، تنقيط | خاڵەکوتە |
| Point Faded | نقطة تلاشي | خاڵی ونبوون |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Purity | صفاء | خاوێنی |
| schedule | جدول | خشتە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الاحلام | خەون، خەونبینی |
| Fantasia | التخيل | خەیاڵبازی، فەنتازیا |
| Habit | عادة | خوو |
| Self Realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self- centeredness (Autocentrism) | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص نت الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان، خۆتاوانبارکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن، خۆچاککردن |
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن له خود |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self acting | ذاتي الفعل، آلي | خۆکار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆکاری |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسک) |
| Self denial | إنكار الذات | خۆنایاندن، نکۆڵی لەخۆکردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Egoism | أنانية | خۆویستی (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الاسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریک کردنەوە، جیاکردنەوە |
| Distribution | توزيع | دابەشکردن |
| Invention | إبداع | داهێنان |
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Innovation, Invention | ابتكار | دروستکردن، دروستکردنێکی داهێنەرانە |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستکردنی هێما |
| .Mental bygiene | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، |

| | | |
|---|---|---|
| Psychological health | | دروستی دەروونایەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| contradiction | تناقض | دژبەیەک |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانە (خۆبەخش) |
| Stupid (Moron) | الغبي (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژک، کەودەن، گەوج |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Projection | الاسقاط | دەرپۆقین، چوکڵە، دەرپەڕین |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيءفي باطن الذات | دەروونزا |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| Handmade | يدوى | دەستکرد (بەدەست دروستکراوە) |
| Artificial | اصطناعي | دەستکرد، دروستکراو |
| body | هيئة | دەستە |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندی |
| Mental retardation | التأخر العقلي | دواکەوتنی هۆشەکی |
| Repeatability | التكرار | دووبارەبوونەوە |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |

| | | |
|---|---|---|
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕاڕا، دوودڵ |
| Ornament | زخرفة | ڕازاندنەوە |
| Adornment | زخرفة | ڕازاندنەوە (ڕازاندنەوەی بنمیچ) |
| Ornamentation | تزيين، تزين (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە (شتێک بڕازێنینەوە) |
| Lavish | زخرفة | ڕازاندنەوە، نەخشاندن |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | حقيقي، واقعي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێک |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاکێشان، درێژبووەوە، کشان |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين | ڕاهێنان |
| Yarn and textile | غزل و النسيج | ڕستن و چنین |
| Integration | تكامل | ڕەخسکان، تەواوکاری |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Behaviour | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتاربڵاو، ڕەفتاری پەرشوبڵاو، ڕەوشتی پەرتوبڵاو |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتارییەتی، ڕەوشتایەتی |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Instinct | غريزة | ڕەمەک |
| Daltonism Achromatism | عمى الالوان، عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Paint, color | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ، بۆیە |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |

| | | |
|---|---|---|
| Colouring, coloring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بەشێوەی هونەری |
| Cool color | الالوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary color | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Warm color | الالوان الحارة | ڕەنگە گەرمەکان |
| Pastel color | لون الباستل | ڕەنگی پاستیل |
| Tempra color | الوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Oil color | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass color | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Fresco color | ألوان الفريسكو، ألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صبغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Gouache color | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Water color | الالوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic color | لون الاكريليك | ڕەنگی ئەکریلیک |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Artistic Vision, Technical vision | الرؤية الفنية | ڕوانگەی هونەری |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەک (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Lot, Platform | مسطح | ڕووتەخت |
| Feel | ملمس | ڕووگە |
| Optical Contactor | الملامس البصرية | ڕووگە بینەوەرییەکان |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |
| Rhythm | إقاع | ڕیتم |
| Irregular Rhythm | إقاع غير منتظم (غير رتيب) | ڕیتمی ڕێکنەخراو |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیرە |
| Attribution | نسب | ڕێژە |
| Rule | قاعدة | ڕێسا، یاسا |

| | | |
|---|---|---|
| Arrangement | ترتيب، تنظيم | ڕێکخستن، سازکردن |
| Regulator | منظم | ڕێکخەر، |
| Labial/ Orally | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی منداڵان.<br>زارۆک: بەکرمانجی یاتی منداڵ.<br>خانە: بەهەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان خانو. زارۆخانە، کتومت لەبری وشە ئینگلیزییەکە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمانگرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زماننـاسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، الحضارة | ژیاری، شارستانییەت |
| Environment | البيئة | ژینگە |
| Simplicity | بساطة | سادەبوونەوە |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Naturalism | المذهب الطبيعي | سروشتگەرایی |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Inspiration | الهام | سرووش |
| coin | عملة | سکە (دراوی کانزایی) |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانە |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Brawler | مشاكس | سەرکێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان، |

| | | |
|---|---|---|
| | | لێوردبوونەوە |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Triangle | مثلث | سێگۆشە |
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیە، لێزانی |
| Comb | مشط | شانە، شە |
| Agitation, disturbance | إضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Spectrum | طيف | شەبەنگ، تارمایی، پلەی ڕەنگی |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Light and Lysiss | تحليل الضوء | شیکردنەوەی ڕەنگ، شیکردنەوەی ڕووناکی |
| Style, method, manner, way, mode, technique | اسلوب، نمط، سلوک، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگە |
| Direct style | اسلوب مباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال الهندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Wide | واسع، عريض، شاسع | فراوان |
| Abundant | كثير، الوافر | فرە |
| Diversity | التنوع | فرەجۆری |
| Polychrome | متعدد التلوين | فرەڕەنگ |
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ، جۆراوجۆر |
| Frottage | فروتاج | فروتاج |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Porcelain | بورسلين | فەفوری، پۆرسەلین |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |

| | | |
|---|---|---|
| Learning | تعليم | فێربوون |
| Festival | مهرجان، احتفال | فیستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Charming, Revis | رائع | قەشەنگ |
| armor | درع، صفائح معدنية واقية | قەڵغان |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Gulp | بلع | قوتدان |
| Pyramid | هرم | قوچەک |
| Graph paper | ورقة الرسم البياني | کاخەزی بەیانی، کاخەزی وێنەی بەیانی، کاخەزی میلیمەتری |
| Good Performance | حسن الاداء | کارباشی (کەسێک کاری باش ئەنجام دەدات) |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Interaction | تفاعل | کارلێککردن |
| Metal | معدن | کانزا |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجرائات، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پراکتیکی |
| Practical | عملي | کردارەکی، کردەیی |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | کەش، دۆخ، دۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵکوەرگرتن، بەکارهێنان |
| Superposition | تراكب | کەڵەکەبوون، چوونەسەریەک (بۆشێوە ئەندازەییەکان بەکاردێت) |
| Short | قصير | کورت |
| Barrier | حاجز، عقبة | کۆسپ، بەربەست |

| | | |
|---|---|---|
| Drilling | حفر | کۆڵین |
| Society | مجتمع | کۆمەڵ، کۆمەڵگە |
| Formation | تکوين، تشكيل | کۆمەڵەکردن، کەڵەکەکردن |
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە، گرفت |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Humour, Funny mock | سخرية، سخر | گاڵتە: بابەتێکی هونەری، یان ئەدەبی، کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Winged ox | ثور مجنح | گای باڵدار |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسوولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Pottery, Crockery | فخار | گڵجۆشی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیک |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناک، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| tour | جولة، سفرة، زيارة | گەشت |
| Professional tour | جولة الفنية | گەشتی هونەری |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجووڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Consistency | التناسق | گونجاندن |
| Color Scheme | نظام الالوان | گونجاندنی ڕەنگی |

| | | |
|---|---|---|
| Canvac | خيش | گونییە، گوش، پەرچەمی ڕەشماڵ، قوماشێکی زبر |
| Cemetery | مقبرة | گۆڕستان |
| Modulation | تحوير | گۆڕین (گۆڕانکاری لە چینەکانی دەنگدا) |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا، |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێک پەنگ بخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | إنعزال إجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Skewness, deviation | إنحراف | لادان |
| Refraction | إنحراف، إنكسار | لادان، شکانەوە |
| Slanted | مائل | لار، خوار، لێژ |
| Aberration | جنوح، إنحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، ڕێزپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكات | لاساییکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Profile | جانبي | لاوەکی |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفائة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتوویی |
| Body | جسم | لەش، بەدەن، جەستە |
| Physical | جسدي | لەشەکی، تەنیەتی، جەستەیی |
| Similarity | التماثل | لەیەکچوون، وەکیەکبوون |
| Polished | أملس، صقيل | لوس، ساف |
| Proceedings, procedure, steps | إجرائات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Development | تطوير | لێزیادکردن، پەرەپێدان |
| Convergence | التقاء، نقطة التقاء، تجمع | لێکنزیکردنەوە |
| Investigation | إستقصاء | لێکۆڵینەوە، بەشوێنداگەڕان |
| Skilful | بارع، متفنن | لێهاتوو |

| | | |
|---|---|---|
| Muscle | عضلة | ماسوولكه |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، كۆڵدان، شەكەتبوون |
| Backward child | طفل متخلف | منداڵی دواكەوتوو، بیركۆڵ |
| Mongolism (Down Syndrome) | المنغولية (تلازمة داون أو تناذر داون) | مەنگۆلی (داون سیندرۆم) |
| Seal | ختم، علامة، طابع | مۆر (وەک مۆری فەرمی دەوڵەت) |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| Midi | ميدي | میدی، میدییەكان |
| History | تأريخ | مێژوو |
| Art History | تأريخ الفن | مێژووی هونەر |
| Mesopotamia | بلاد مابين النهرين | میسۆپۆتامیا، وڵاتی نێوان دوو ڕووبار |
| Brain | دماغ | مێشک، دەماغ |
| Unfit | غير مناسب | ناجۆر (نەشیاو) |
| Agnosticism | اللاايرادية | نازانكاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناكۆكی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناكۆكی، ململانێ، كێشە |
| Alienation | إغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، كەسێكی هۆشڕۆیشتووە |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری، بێبەهرە |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Price | سعر، ثمن | نرخ، بەها |
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەمڵاندن |
| Assessment | إضفاء، التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونە |
| Design | تصميم | نەخشەسازی |
| Embroidery | تطريز | نەخشەكاری بە دەرزی و |

| | | |
|---|---|---|
| | | دەزوو، دەزووکاری، دەرزیکاری |
| Deep Engraving | نقش غائر | نەخشی چاڵ (لێگرتن) |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Software | البرمجيات (الحاسوب) | نەرمەبەرنامە |
| Mores / Tradition | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت) |
| Dissonant | متنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Fillet | زخرفة ناتئة ضيقة | نەخشاندنی تەنک |
| Secret | سر | نهێنی |
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرک |
| Oil painting | رسم بألوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الاطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Proportionality | تناسب | هاوتایی، هاوڕێژەیی |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدێرن، نوێ |
| Balance | توازن | هاوسەنگ |
| Poising, Pond | اتزان | هاوسەنگی |
| Synergy | التضافر | هاوکاری، یارمەتی |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Teenager | المراهق | هەرزەکار |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆنەکردن |
| Consciousness | إحساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | إحساس | هەستکردن |
| Sensory Perception | الادراك الحسي | هەستکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Feelings | الاحاسيس | هەستەکان |
| Sense of Accomplishment | الاحساس بالانجاز | هەستی بەجێهێنان |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Portfolio | حقيبة | هەگبە |
| Educational bags | الحقائب التعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Chance | فرصة | هەل |
| Relief | بارز، نافر | هەڵتۆقیو، ڕووبەرز (پەیکەری ڕووبەرز) |
| Cavalletto, Stand | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، إتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Clay | صلصال، طين | هەویر، هەویری قوڕکاری |
| Art | الفن | هونەر |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artistic | فني | هونەری |
| Art Printing | الفن الطباعة | هونەری چاپگەری |
| The art is the language of communication | الفن هو لغة التواصل | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | فن تجريدي | هونەری ڕووتەڵەک |
| Graphic arts | فن جرافيک (الفنون التصويرية) | هونەری گرافیگ |
| Modern art | الفن الحديث، الفن المعاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Practical Hall | قاعة عملية | هۆڵی فرەمەبەست، هۆڵی کردارەکی، ئەزموونگە |
| Line | خط | هێڵ |
| Drawing | تخطيط | هێڵکاری |
| Lines | خطوط | هێڵەکان |
| Horizontal Line | خط الافقي | هێڵی ستوونی |

| | | |
|---|---|---|
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| symbolism | رمزية | هێماگەرایی |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| Slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەرۆک، کرۆک |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | إثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | إستجابة مرجأة، رد متأخر | وەڵامدانەوەی دواخراو، بەرتەکی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | خيال، تخيل | وێناکردن، خەیاڵکردن، وێنا، خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Image mental | صورة ذهنية، صورة العقلية | وێنەبیرییەکان |
| Pictorial Relief | التجسيم التصويري الاغاثة التصويرية | وێنەی بەرجەستەکراوی |
| Illustration | رسوم الايضاحية | وێنەی ڕوونکاری |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Monochrome | أحادية اللون | یەکڕەنگی، یەکرەنگ |
| Proportionality | التناسب | یەکسانبوون، هاوتایی |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەکەکانی وانە، وشەکانی وانە |
| Vocabulary | مفردات | یەکەی زمان، یەکە، وشە |

## سەرچاوە کوردییەکان

- تاهر، عبدالستار. قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء ، بەغدا، ١٩٨٥.
- خاڵ، شێخ محەمەد. فەرهەنگی خاڵ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- سوبحانی، جەلال مەحمود عەلی. ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
- عبداللـه، مجید. فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی-کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤
- عمر، محمد. فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی-کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣
- عەبدول، جەمال. فەرهەنگی زاراوە هونەرییەکان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.
- عەلی، خەلیل. بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦
- عەلی، خەلیل. پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤
- محەمەد، مەسعوود- زاراوەسازی پێوانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠١١
- مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی-کوردی، چ٢، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

- ابراهيم، أسعد ميخائيل، مشكلات الطفولة و المراهقة، دار الافاق، بيروت، لبنان، ١٩٩٩.
- أبو غزالة، هيفاء. دليل المرشد التربوى، عمان، ١٩٨٥.
- أحمد، سهير كامل. التوجيه و الارشاد النفسي للصغار، مركز الاسكندرية للكتاب، مصر، ٢٠٠٢.
- بادويلان، أحمد بن سالم. خطوات و أفكار فى تربية الاطفال، ط١، دار الحضارة للنشر والتوزيع.

- بسيونى، محمود. نحت الاطفال، ط١، دار المعارف، مصر. (د، ت).
- بكار، عبدالكريم. تأسيس عقلية الطفل، دار الوجوة للنشر و التوزيع، ٢٠١٥.
- البهامر، سعدية محمد علي، سيكولوجية المراهقة، دار البحوث العلمية، الكويت، ١٩٩٩.
- التربية الفنية للصف السادس الابتدائي- دليل المعلم، وزارة التعليم، المملكة العربية السعودية، ٢٠١٦.
- جودت سعادة. تعليم المفاهيم للموضوعات المختلفة، دار الكتاب، بيروت، ١٩٨٧.
- حافظ، نور، المراهق، دار الفارس للنشر، ط٢، بيروت، لبنان، ١٩٩٠.
- رابح، تركي، أصول التربية والتعليم، ط١، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ١٩٨٩.
- رفعت الزغلول- عماد الزغلول. علم النفس الادراكي، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٣.
- رياض، عبدالفتاح. التكوين فى الفنون التشكيلية، ط١، (د.م) دار النهضة، ١٩٧٤.
- الزعبي، أحمد محمد. مشكلات الاطفال الفنية و السلوكية و الدراسية (أسبابها و علاجها)، دار الفكر، ٢٠٠٥.
- زهراء عاطف زكريا. تنمية قدرات الطفل –الدار الوطنية الجديدة، الرياض.
- زهران، حامد عبالسلام. التوجيه والارشاد النفسى، جامعة عين الشمس، ١٩٧٧.
- زهران، حامد عبدالسلام، علم النفس النمو(الطفولة والمراهقة)، ط٥، عالم الكتاب، القاهرة، مصر، ١٩٩٥.
- سلامة، ياسر. الألعاب الحركية و العقلية للمدارس، دار عالم للثقافة، ٢٠١١.
- سوزانا ميلر. سيكولوجية اللعب، ت: يسى، رمزى حليم، ط١، المكتبة العربية، القاهرة، ١٩٧٤.

- السيد، فؤاد ذهبي، الاسس النفسية للنمو في الطفولة الى الشيخوخة، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر، ١٩٩٥.
- صنورة، مصري عبدالحميد. سيكولوجية التذوق الفني – دار المعارف، القاهرة – ١٩٨٥.
- عبدالحميد، جابر. الاشراف والاستشارة، القاهرة، ١٩٧٨.
- عبدالستار ابراهيم و محمد فرغولي. السلوك الانساني، نظرية علمية، دار الكتب الجامعية، القاهرة، ١٩٧٤.
- عبدالفتاح رياض. التصوير الملون. ط١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٥.
- عبدالكريم، احمد محمد على. نظم تصميم الفنون البصرية، ط٢، اطلس للنشر والانتاج الاعلامي، الجيزة، ٢٠١٣.
- عبدالله، عبدالكريم. الاساليب والدوافع الفنية، كتاب بعنوان (فنون الانسان القديم)، مطبعة المعارف بغداد، ١٩٧٣.
- عبدالمجيد، مروان، النمو البدني والتعلم الحركي، دار العلمية الدولية للنشر والتوزيع، ط١، الاردن، ٢٠٠٢.
- عبدالمطلب أمين القريطي. مدخل الى سيكولوجية رسوم الاطفال - دار المعارف، مصر: ١٩٩٥.
- عزت، دري حسن. الطب النفسي، الكويت، ١٩٨٩.
- علاوي، محمد حسن، سيكولوجية النمو للمربي الرياضي، ط١، مركز الكتاب للنشر، القاهرة، مصر، ١٩٨٨.
- عمر، محمد ماهر محمود. المقابلة فى الارشاد والعلاج النفسي، الاسكندرية، ١٩٨٥.
- عويسى، عفاف أحمد. التعامل مع الاطفال علم، فن، موهبة، الناشر: مكتبة الزهراء، القاهرة، ١٩٩٤.
- فرج، صفوة. الذكاء و رسوم الاطفال – القاهرة – ١٩٨٦.
- فليب فنكس. فلسفة التربية، ت: محمد النجيحي، دار ماكروهيل، فرانكلين، القاهره،١٩٨٥.
- الكعبى، فاضل. الابداع و أثره فى ثقافة الطفل، دار إثراء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٥.

- الكعبي، فاضل. الطفل والهوية الثقافية، دار إثراء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٥.
- لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه، ت: سامى جمال و يوسف قطف، مكتبة الاداب، مصر، ١٩٦١.
- مجاهد، عبدالمنعم. دراسات فى علم الجمال. دار الثقافة، القاهرة، ١٩٩٠.
- محاسنة، عمر موسى. مناهج التربية المهنية و أستراتيجيات تدريسها و تقويتها، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.
- محمد الحمحامي و أمين الخولي، أسس بناء البرامج التربية البدنية و الرياضية، ط٢، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر، ١٩٩٨.
- محمد الحيلة. مهارات التدريس الصفى، دار المسيرة للنشر، عمان، ٢٠٠٢.
- محمد طيطي و آخرون. أنتاج و تصميم الوسائل التعليمية، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.
- محمد، على عبدالمعطي. الابداع الفني و تذوق الفنون الجميلة، الازرايطة: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠.
- محمد، مصطفى حنفي. مجالات فى التربية الفنية، دار المفردات، ١٩٩٧.
- مطر، أميرة حلمي. علم الجمال و فلسفه الفن –دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٩.
- ممادى، شوقي. أساليب تعديل السلوك الصفي فى المرحلة الآبتدائية، دار عالم للثقافة، ٢٠١٤.
- مهدى، محمد عبدالفتاح. مستويات النفس، الناشر: الملتقى المصري للابداع و التنمية، ٢٠٠٢.
- المهنا، عبدالله. التخطيط لتدريس التربية الفنية –مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٩٣.
- نشواني، عبدالمجيد. علم النفس التربوي، دار الفرقان، عمان، ١٩٨٥.
- هانى، وليد عبدالبنى. أستخدام و توظيف تقنيات التعليم فى الحصة الصفيه، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.

- هاني، وليد عبدالبني. أنشطة و تطبيقات فى صعوبات التعلم، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Arheim, Rudolf, Art and Visual Perception, universi, California Press. 1954.
- Bousquet, Monique. Curso De Ceramica, Editorial El Drac, S.L. Spain. 2000.
- Bozeman. W,C, Educational Technology: Best Practices from Americanc Schools, N J: Eye on Education. 1996.
- Brown, et. Al. AV Instuction: Techology, Media and Methods, New York: McGraw- Hill Book Company. 1977.
- Casey, Carl, "Incorporating Cognitive Apprenticeship in Multi- Media". Education Technology Research and Development, 44(1),71-83. 1996.
- Charlotte-Hug. Margo Veillon.N.P.N.D.
- Cosentino, Peter. The Ecyclopedia of Pottery Techni Ques, Running Press Book Publisheres, Pennsylvania. 1990.
- Edwin Moore. Flona Mackenzie Moore. Concise Dictionary of Art and Literature.N.P.N.D.
- Gage and Beryline, "Education Psychology Chicago Ran McNally. 1996.
- Hill, Simona. Folk art Gifts, Lorenz Books, Published in the U.S.A by- New York. 1999.
- Jurgen weineck.Biologie de sport. Edition vigot. Paris. France .1997.

- Kackny; Jeffrery Quality in School Environments: Amultiple, Case Study. A: 4963. 12, no, 57, DAL, ph.D, Milwaukee, 1996.
- Kestrom, J.M. (1998) the Untapped Power of Music: Its red in the Curriculum and Its Effect on Acadmic Achievement. Nassp Bullentin, 82,34-43.
- Korte.sport de competition. Edition vigot. Paris.france.1997.
- la dislave.H. entrainement de foot balle. Edition group Esc.lyon. france.1984.
- Lemon- Jane: 2004, Metal Thread Embroidery. B.T. Bats fort, London Nn imprint of Chrysalis Books Grouppic.
- Lendal Haskell. Art in Early Childhood Year.N.P.N.D.
- Leo Carles Daley, Philosophy of Education, N.Y: College Notes, Inc., 1966.
- Martin, S, "Infusing Cognitive Strategies into Teacher Preparation Programs", Educational Leadership. 42(3). 1984.
- Meyer, H, "Unterrichtsme thoden, I, Therorieb and Comelese Frank fort am Main. 1991.
- Newman, F, M, "Higher Order Thinking in High School Social Studies" An Analysis of Classrooms, Teachers, Students. 1988.
- Sally Moomaw and Brendahieronymus. More Than Painting (Exploring to Wonder of Art in Preschool Land Kindergarten).N.P.1999.

- Shertzer, B, and Stone, S, Fundamentals of Guidance, Houghton Mifflin, Co, 1981.
- Smith Othanal, B. et.al., Fundamental of Curriculum Development. Wordbook Com. 1957.
- Solga, Kim, make print, 1991 Clare finney, Cincnnati, Ohio.
- The international Encyclopedia of Education. Research and Studies V6 M-O, 1985.
- Thomassina Smilh: Finger Puppet London, Newyork, 1996.
- Travers, Essemtial of Learning, N.Y. MacMillan, 1977.
- Wilson Brent and Wilson Marjory, "Teaching Drawing From Art, Davis Publication, Inc, U.S.A.
- Wolff. Th.F.and Geahigan, G.Art Criticism and Education. USA: The University of IIIinos.1997.
- Wood, D.Drawing Research and Development (Art & Design Education). USA: N.P.1992.
- Zelanki, P.and Fisher, M.P.The Art og Seeing. USA: NJ. Prentice-Hall.1994.

-